

# خۆ ڕێکخستنەوەی حکومەت پێویستی بە زەمینەی زیاتری دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی نێوان حکومەت و هاووڵاتیان هەیە

خۆ ئامادەکردن بۆ گۆڕانکاری لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، کە وەك ئەندامانی لیژنەی راسپێردراو بۆ ئەو ئەرکە رایانگەیاندووە، کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر چەندین ئاست گۆڕانکاری بەسەر دادێت کە دیارترینیان بریتی دەبێت لە :

١- کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان

٢- کاراکردنی رۆڵی حکومەت و هەوڵدان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان

ئەم دوو گۆڕانکارییە کە لەوانەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست پێ بکرێت ئومێد دەکرێت گرووتینێکی تازە بدات بە حکومەت، هەروەها حکومەت شەفافانەتر کارەکانی بەڕێوەبەرێت و پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و تۆکمە لەگەڵ هاووڵاتیان دروست بکاتەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی بتوانرێت لە ماوەیەکی کورتدا رێگە وشوێنی پێویست بۆ ئەو کەموکورتییانە بدۆزرێتەوە کە ئێستا لە کوردستاندا بوونیان هەیە.

**لە کابینەی یەکگرتنەوەوە بۆ کابینەی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان**

کە کابینەی یەکگرتوو راگەیەنرا، وێڕای ئەوەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەیەکی چڕوپڕ و فراوان و هەمەلایەنی دارشتبوو بۆ ئەوەی لە پێناوی خۆشگوزەرانی هاووڵاتیانی کوردستاندا جێبەجێی بکات، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت لە پێکهاتەی کابینەکەدا چەند مەسەلەیەك لە بەرچاو گیرابوون کە زیاتر لە خزمەتی سەرکەوتنی پرۆسەی یەکگرتنەوەکە و یەکریزی نێوماڵی کورد و دووبارە راهاتنەوە لەسەر پێکەوە کارکردن و پێکەوە گونجاندن بوو.

لە ماوەی نزیکەی ٢٠ مانگی رابردوودا رێزدار (نێچیرڤان بارزانی) ئەو راستییەی بۆ هەموولایەك سەلماندکە پرۆسەی بوونیادنانەوە و دابینکردنی خزمەتگوزارییە پێویست و شایستەکان بۆ گەلی کوردستان پێویستی بە بەرنامەیەکی ستراتیژی هەیە و ئەم بەرنامە ستراتیژیەتە دەبێتە بنەمایەك بۆ پیادەکردنی حوکمڕانی باش لە پێناوی بوونیادی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی و تەندروستدا لە هەرێمی کوردستان، نەك بەرژەوەندی ئەم لایەن یان ئەو لایەن.

نێچیرڤان بارزانی لە ماوەی حوکمڕانی ٢٠ مانگی کابینەی یەکگرتوودا، هێڵە گشتییەکانی بەردەوامی حوکمڕانی باشی لە کوردستاندا خستە سەر شارێی خۆی، پیشانی گەلی کوردستانیدا، کە پێویستە سەرچاوەکانی داهات تواناکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە پێناوی کامەرانی و خۆشگوزەرانی گەلی کوردستاندا بخرێتە گەڕ، بەڵام بەکارهێنانی سەرچاوەکانی داهات و بەگەڕخستنی تواناکانیش پێویستی بە زەمینەیەکی بابەتی هەیە بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوام بۆ ئەو پرۆسەیە دابینی بکەین.

**وەبەرهێنانی سامانی سروشتی وئاستەنگەکانی بەغدا**

حکومەتی هەرێم بێت یان حکومەتی دەوڵەتێکی سەربەخۆبێت، پێویستی بەسەرچاوەیەکی داهاتی سەربەخۆیە، بۆ ئەوەی لەبەر رۆشنایی ئەو سەرچاوە داهاتە سەربەخۆییەی خۆی بتوانێت بەرنامەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

هەنگاوی گرنگ لە کابینەی یەکگرتوودا چەند هەنگاوێك بوون کە زەمینەیەکی بابەتییانە بۆ سەرخستنی بەرنامەی حکومەت دەرەخسێنێ لەوانە:

١- دارشتنی یاسایی وەبەرهێنان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەسەندکردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.

بێگومان ئەم یاسایە بووە هۆکاری ئەوەی ئاستی وەبەرهێنان لە کوردستان بخاتە قۆناغێکی دیکە، بەڵام ئەم وەبەرهێنانە لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق و عێراقیش بەناسەقامگیر و ئاژاوە لە جیهاندا وەسف دەکرێت، ئەوا حکومەتی کوردستان ناچار بوو بەمەرجی وەبەرهێنەکان رازی بێت.

وەبەرهێن هەر کەسێك بێت پێش هەموو شت بیرلەو قازانجە دەکاتەوە کە لەو پرۆسەیەدا دەستی دەکەوێت لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە عێراقدا سەیر دەکرا؛ وەبەرهێنەکان دووئامانجی سەرەکیان خستبووە پێش هەر شتێکی دیکە -١- ئەو پارەیەی لە کوردستاندا دیخەنە گەڕ پێویستە لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بکەوێتەوە و قازانجەکەش مسۆگەر بێت.

-٢خۆ دوورخستنەوە لە پرۆژەی ستراتیژی و ئەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەی کە سروشتیان بەو جۆرەیە قازانجیان کەم و درێژخایەنە.

لەم حاڵەتەدا وێڕای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەنای بردە بەر قەرز بۆ جێبەجێکردنی کۆمەڵێك پرۆژەی پێویست، بەڵام رۆتینی دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان رێگربوون لەبەردەم ئەوەی پرۆسەکە گڕوتینێکی بەرچاوبەخۆیەوە ببینێت.

٢- پەسەندکردنی یاسای نەوتی هەرێمی کوردستان و، دەستپێکردنی وەبەرهێنانی کێڵگە نەوتییەکانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش ئەوەی

یاسای نەوتی هەرێمی کوردستان پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکات هەتا دەنگی لەسەربدرێت و پەسەندبکرێت لەسەر یاسای نەوتی فیدراڵ لەگەڵ حکومەتی بەغدا رێککەوت و بەو هیوایەی یاسای نەوتی فیدراڵی ببێتە بنەمایەك بۆ یاسای نەوتی هەرێم، سەرتاسەری عێراق لەم سەرچاوە سروشتییە سوودمەندبن، کە بە درێژایی مێژووی عێراق ئەم سامانە بۆ کاوڵکردنی کۆمەڵگەی عێراقی بەکارهاتووە، جێگەی داخە پاش گەڕانەوەی شاندی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی رێزدار نێچیرڤان بارزانی، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە تەواوی ناوەڕۆکی ئەو یاسایە گۆڕدرا و شێوێنرا کە هەردوولا لەسەری رێککەوتوون، هەر بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچاربوو کە یاساکەی خۆی پێش ئەوەی بدرێتە پەرلەمان لە سایتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، (www.krg.org) بە زمانی ئینگلیزی بڵاوبکاتەوە و لەمەش زیاتر کۆنفرانسێکی بۆ کۆمپانیاکانی نەوتی جیهان لە لەندەن گرێداو پێی راگەیاندن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەم یاسایە گرێبەستی وەبەرهێنانی نەوت لەگەڵ ئەو کۆمپانیانە گرێدەدات.

پاش رازیبوونی زۆربەی کۆمپانیاکانی نەوتی جیهان بە کۆمپانیاکانی پەترۆلی بەریتانیا و ئەمەریکاشەوە و دوای ئەوەی پسپۆڕانی یاسایی بواری یاساکانی نەوت تێبینی خۆیان پێشکەش کرد بۆ ئەوەی یاساکە لە ئاستی ستاندەری جیهانی یاسای وەبەرهێنانی نەوت بێت و پاش چاوەڕوانییەکی زۆر بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق ئەو یاسایەی لەسەری رێککەوتبوو لەگەڵ حکومەتی کوردستان پێشکەشی پەرلەمانی عێراق بکرێت و پەسەندبکرێت، دوای ئەوەی یاسای نەوتی عێراق پشتگوێ خرا و ئێستاش لەگەڵیدا بێت پەسەند نەکراوە، حکومەتی کوردستان ناچاربوو یاسایی نەوتی هەرێمی کوردستان پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکات و لەلایەن پەرلەمانی کوردستانیشەوە پەسەندکرا.

لەو رۆژەوەی یاسای نەوتی هەرێمی کوردستان پەسەندکرا، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ شاردنەوە و زۆر شەفافانە ئەم یاسایەی لەگەڵ هاوپەیمانان و حکومەتی عێراقدا باسکردووە و ئامادەباشیشی پیشانداوە لەسەر تەفسیری جۆراوجۆر بۆ هاوتا بوونی ئەم یاسایە لەگەڵ برگەکانی دەستووری لەبەردەم دادگای باڵای دەستووریدا ئامادەبێت، بەڵام حکومەتی عێراق و، وەزارەتی نەوتی عێراق، لەبەر ئەوەی دەزانن ئەم یاسایە واتە یاسای نەوتی هەرێمی کوردستان، لە رووی ئابوورییەوە سەربەخۆییەکی داهات بۆ هەرێمی کوردستان دابین دەکات و چیدیکە هەولێر چاوەڕێی بەغدا ناکات بە کەیفی خۆی پارەی بۆ بنێرێت یان لە داهاتی زیادەی فرۆشتنی نەوت بێ بەش بکات، یان چەندین بیانووی جۆراوجۆر بە هەرێمی کوردستان بگرن، بۆیە هەموو هەوڵێکیان خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی شادەماری ئابووری هەرێمی کوردستان کە دەستووری عێراق رێگەی پێداوە، ببڕن و جارێکی دیکە هەرێمی کوردستان بخەنەوە ژێر دەسەڵاتی حسێن شەهرستانی و هاوشێوەکانیەوە، هەر بۆیە زۆر گرنگە هاووڵاتیانی کوردستان لەم قۆناغەدا لەو ئاستەنگانە باشتر حاڵی ببن.

**پشتگیری هاووڵاتیان پێگەی حکومەتی هەرێم بەهێز تر دەکات**

هاووڵاتیانی کوردستان بە جیاوازی نەتەوە و ئایینەوە، دەبێت واقیعی سیاسی هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە واقیعی سیاسی عێراق ببینن، ئەم واقیعبینە زەمینەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتنێکی نوێ لە نێوان حکومەت و هاووڵاتیاندا دروست دەکات و حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچار دەکات بە شێوەیەکی شەفافانە کێشەکانی خۆی لەگەڵ هاووڵاتیان باسبکات.

ئەو کێشانەی کە رووبەڕووی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبنەوە و دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست بۆ هاووڵاتیان لە رواڵەتدا کێشەی تەکنیکی یان یاسایین بەڵام لە ناوڕۆکدا کێشەی سیاسی و بەدەستی ئەنقەست لەلایەن دەسەڵاتی فیدرالی ناوەندەوە دروست دەکرێن بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان نەتوانێت لەسەرپێی خۆی رابوەستێت هەربۆ نموونە:

١-گرنگترین فاکتەر بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری کارەبا لە هەرێمی کوردستاندا، نەبوونی سەرچاوەی وزەی پێویستە، راستە کوردستان خاوەنی سەرچاوەی سروشتی خۆیەتی بۆ دابینکردنی

وزەی پێویست، بەڵام بەرهەمهێنانی ئەم سەرچاوەیە لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە ئاستەنگی دەخرێتە بەردەم رێگە نادرێت ئەو سەرچاوانە وەبەربهێنرێت و سەرچاوەی وزەی هەرێمی کوردستان دابین بکات.

٢- ماوەی زیاتر لە چوار ساڵە رژێمی عێراق رووخاوە، ئەگەر نییەتی باش هەبوایە، لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا دەتوانرا دەیان وێستگەی پاڵاوتنی نەوت لە کوردستان دابمەزرێن کە نەك هەر پێداویستی کوردستانی پڕ دەکردەوە بەڵکو دەبووە سەرچاوەیەك بۆ دابینکردنی

پێداویستییەکانی عێراقیش، ئەمە لەکاتێکدا هەتا ئێستا کوردستان بۆ دابینکردنی سووتەمەنی پشت بە وێستگەکانی باشوور لە ناوەڕاستی عێراق دەبەستێت.

٣- بڕیار بوو بۆ قەرەبووکردنەوەی کوردستان لەو هەموو کاولکارییەی بە درێژایی دەوڵەتی عێراق بەسەریدا هاتووە، بڕێك لە داهاتی نەوتی عێراق تەرخانبکرێت بۆ ئەو قەرەبووکردنەوەیە، بەڵام وەزارەتی نەوتی عێراق ئەمەی ڕەتکردەوە، لە کاتێکدا ئەو بڕە پارەیە بۆ ڕێکخستنەوەی ژێرخانی کوردستان زۆر گرنگ بوو.

٤- خاڵێکی گرنگ کە پێویستە هاووڵاتیان لێی ئاگاداربن، ئەو مشتومڕەیە کە ئێستا لەسەر بەشە داهاتی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی عێراقدا دەکرێت و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ڕێژەی ٪١٧ کەمبکرێتەوە بۆ ٪١٣، بۆ تێگەیشتن پێویستمان بەوە نییە کە ئەو بیانوو و پاساوانە شرۆڤە بکەین کە زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق وەك چەکێك بۆ ڕووخاندنی ئابووری هەرێمی کوردستان بەکاری دەهێنن بەڵام گرنگە هاووڵاتیان ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگرن:

١- ڕێژەی ٪١٣ی سافی داهاتی نەوت بەرامبەر بە خۆراك بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجوومەنی ئاسایشە، واتە ڕێژەی ٪١٧ی داهاتی ئێستای عێراق بە خەرجییەکانی سەروەرییەوەو پاش ئەوەی خەرجییەکانی سەروەری لە داهاتی عێراق کەمدەکرێتەوە، ڕێژەی ٪١٧ کە دەبێتەوە بە ڕێژەی ٨ر٪١٢ واتە کەمتر لە ٪١٣ کەی کە ڕژێمی سەدام حوسێن پێی ڕازیبوو بدرێتە هەرێمی کوردستان.

٢- ئەوانەی ئێستا لە ناو پەرلەمانی عێراقدا پیلان بۆ ڕووخاندنی ئابووری کوردستان دادەنێن، زۆر کەمتر لە سەدام بە کورد ڕەوا دەبینن و دەیانەوێت ڕێژەی ٨ر٪١٢ەی بەر کوردستان دەکەوێت ببێتە -٪٨ ٪٩.

٣- ئەوانەی پیلانیان بۆ ئەم سیناریۆیە داڕشتووە ئێستا ناتوانن چەکی کیمیاوی لە دژمان بەکاربهێنن یان پرۆسەی ئەنفال لە دژمان پیادە بکەن، هەر بۆیە دەیانەوێت ژێرخانی ئابووریمان بڕوخێنن بۆ ئەوەی لانی کەم پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان ڕابگرن.

٤- ئەوانەی ڕێگری دەکەن لەوەی کوردستان هێزێکی پارێزەری نەبێت، بیانوو بە بودجەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەگرن و ڕێگری لەوە دەکەن ئەم بودجەیە لە چوارچێوەی بودجەی سەروەریی و وەزارەتی بەرگری حکومەتی فیدراڵ بێت، ئامانجیان لەم هەنگاوە بریتییە لە:

أ- ئەگەر بودجەی پێشمەرگە لەسەر وەزارەتی بەرگری و خەرجی سەروەریی بێت واتە کوردستان بێجگە لەوەی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی بەردەوام دەبێت لە هەمانکاتدا پارێزراویش دەبێت.

ب- ئەوان کە چاویان بە سەقامگیری و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان هەڵنایەت هەوڵدەدەن حکومەتی کوردستان بخەنە نێوان دوو ڕێگەچارەوە:

١- پاراستنی کوردستان

٢- ئاوەدانکردنەوەی کوردستان

بێگومان ئەگەر هێزی پێشمەرگە وەك هێزێك پارێزەری دەسکەوتەکانی کوردستان نەبێت، ئەوا ئەو سەقامگیری و ئاسایشەی لە کوردستان هەیەو دەرگایەکی واڵاکردووە بۆ وەبەرهێنان و بوژانەوەی کوردستان ئەوا ئەو دەرگایە دادەخرێت و کۆتایی بەو پرۆسەیە دێت کە لە کوردستاندا دەستی پێکردووە.

لە ڕاستیدا زۆر گرنگە هاووڵاتیان بۆ چەسپاندنی سەرچاوە سەرەکییەکانی داهات و شکۆی هەرێم لە چوارچێوەی عێراقدا پشتگیری لە حکومەتی خۆیان بکەن و، ئەو پیلانەیان لەبەرچاو بێت کە لە هەر چوار لاوە بۆ پەکخستنی ئەم پرۆسەیە ئەنجامدەدرێت.

حکومەتێك لەسەر بنەمای ڕاست هەنگاو هەڵبگرێت دەتوانێت بەرنامەکان بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکات

ڕووبەڕووبوونەوەی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو هێزو لایەنانەیە کە هەوڵدەدەن ئەم پرۆسەیە پەکبخەن، ڕاستە لە بەغداوە هەوڵدەدرێت بنەمای ئابووری کوردستان بڕوخێنرێت، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت، لە لایەنەکانی دیکەوە هەوڵدەدرێت ڕەوشی سیاسی هەرێمی کوردستان تێکبدرێت، هەربۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکاتێکدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ بەغدا پەنا بۆ دەستوورو هاوپەیمانی دەبات، ئەوا بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی و ڕێگەنەدان بە شێواندنی بارودۆخەکە لە چەند لای دیکەوە، دەبێت پەنا بۆ بەرژەوەندی هاوبەش و کاری بازرگانی و ئابووری ببات و هەوڵبدات ئاسایشی هەرێمی کوردستان بکاتە بەرژەوەندی هاوبەشی بازرگانی و ئابووری لەگەڵ دەورووبەردا، ئەم بەرنامەیە ئەگەر واقعییانە سەیری بکەین، پێش هەموو لایەك پێویستی بە تێگەیشتن و پشتگیری هاووڵاتیانی کوردستان هەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا پێویستی بە شەفافییەتی حکومەتیش هەیە بۆ ئەوەی هاووڵاتیان ئاگاداری ئاستەنگەکان بن و پێکەوە ئەم قۆناغە ناسکە بەڕێبکەین و ڕووبەڕووی ئەو تەحدایانە ببینەوە کە هەڕەشە لە ئایندەمان دەکەن.

# خواستە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە نێوان ڕێککەوتنی سیاسی و دەنگدانی پەرلەمانی عێراقدا



●●●
**ئیئتیلافی عێراق بەگشتی و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لەعێراق داوای پێکهێنانی هەرێمی باشووری بەغدا دەکات و دەیەوێت هەر ٩ پارێزگا شیعەنشینەکەی باشوور لەخۆبگرێت بۆ ئەوەی ئەم هەرێمە لەسەر بنەمای ویلایەتی فیقهی، هەرێمێکی ئیسلامی شیعە بێت**
●●●

* هەڵوێستی سەرۆکی کوردستان جموجۆڵی خستۆتەوە نێو پرۆسەی سیاسی عێراق
* ئێستا ئاماژەیەکی نهێنی لە نێو پەرلەمانتارانی عێراقدا هەیە و دەڵێن دژی خواستە دەستوورییەکانی کورد یەکبگرن.
* لەناو پەرلەمانی عێراقدا گەلەکۆمەکیەکەی شۆڤینی دژ بە خواستەکانی کورد هەیە بەتایبەتی لەسەر ٪١٧ و ماددەی ١٤٠.
* پێکهاتنەوەی نیشتمانی دەبێت لە پێشدا لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی ناوحکومەت و پەرلەمان بێت، ئینجا لە نێوان ئەم لایەنانە و ئەوانەی لە دەرەوەی پرۆسە سیاسییەکەن.
* هەتا ئێستا دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار یاسای (المسألة و العدالة) ی پەسەند نەکردووە.
* ڕەفتارەکانی حسێن شەهرستانی وەزیری نەوت هەرزەکارانە و نابەرپرسانەن

**لە ژێر سەقفی پەرلەمانی عێراقدا خواستەکانی کورد**

**ڕووبەڕووی ئاستەنگی شۆڤینی عەرەبی دەبێتەوە**

ئەوەی لە ژێر سەقفی پەرلەمانی عێراقدا بوونی نەبێت، ناسنامەی نیشتمانی عێراقە، فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی عێراق هێندەی وتووێژ لەسەر بەرژەوەندی لایەنە سیاسییەکانیان دەکەنەوە، هێندە بیر لە بەرژەوەندی ئایندەی عێراق ناکەنەوە، هێندەی بیر لەوە دەکەنەوە ناسنامەی عێراق ناسنامەی قەومی عەرەبی یان مەزهەبی بێت، بیر لەوەناکەنەوە کە پێویستە ناسنامەی عێراق ناسنامەیەکی فرەیی و دیموکراتی و فیدراڵی بێت.

ئەو مەسەلانەی لە هەولێر و سلێمانی وتووێژی لەسەر دەکرێت و شەقامی سیاسی کوردستان پێی نارازییە، لەژێر سەقفی پەرلەمانی عێراقدا، نیو هێندەی بە کورد ڕەوا نابینن و لە هەندێك حاڵەتدا کە نەتوانن لە چوارچێوەی دەستوور و شەرعیەتی پەرلەماندا خواست و مافە دەستووریەکانی کوردستان ڕەتبکەنەوە، بەرەیەکی شۆڤینی عەرەبی دژی هاوپەیمانی کوردستان بۆ دژایەتی ماددەی ١٤٠ و

**کاتێک حزبی فەزیلە داکۆکی لەسەر فیدرالیەتی پارێزگاکان دەکات و داوا دەکات دەنگ بۆ ئەمجۆرە فیدرالیەتە کۆبکرێتەوە، مەسەلەکە گەڕانەوەی سەنترالیزم نییە بۆ حکومەتی ناوەندی، بەڵکو داوای دەسەڵات و مافەکانی هەرێمی فیدراڵی بۆ پارێزگای بەسرا دەکات، وەک خۆیان دەڵێن لەسەر دەریایەک نەوتە**

ڕێژەی ./١٧ داهاتی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراق، بودجەی پێشـــمەرگە و کۆنتراکتە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکاندا، هەربۆیە کاتێك شەقامی سیاسی کوردستان لەگەڵ رەوش وتووێژەکانی ژێر سەقفی پەرلەمانی عێراق بەراوردی دەکەین، ئەوکات هەست دەکەین کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان لەناوپەرلەمانی عێراقدا، لە چ شەڕێکی نابەرابەردایە و ئەوکات دەزانین خواستە دەستوورییەکانی کوردســـتان بە چ هەوراز و نشـــێوێکی کۆمپرۆمایـــز، وتووێژ و دانوستاندنی دوو قۆڵی و سێ قۆڵی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا تێدەپەڕێت و ســـەرەنجامیش بەو ئاســـتە نابێت، کە هەموو خواســـتە سیاسییەکانی شەقامی کوردســـتان لەخۆ بگرێت، بەڵام وێڕای ئەمانەش لایەنە عەرەبییەکانی عێراق بە شیعە و سوننەوە، ئەو مافە کەمەش بۆ هەرێمی کوردستان بە زۆر دەزانن.

## نابێت پێشمەرگە بەشێک بێت لە وەزارەتی بەرگری لەکاتێکدا تەنیا هێزی نیشتمانییە بۆ رووخاندنی دیکتاتۆری

بێگومان هەموو لایەك ئەو راستییە دەزانین، کە بێجگە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هیچ هێزێکی دیکەی نیشتمانی لە ماوەی ٢٠٠٣/٣/١٩-٢٠٠٣/٤/٩ لەسەر خاکی عێراق بوونی نەبووە، تەنیا لە بەرەی باکوورەوە واتە موسڵ و کەرکوك هێزی نیشتمانی پێشمەرگە توانی وەك هێزێکی نیشـــتمانی وڵات لە دیکتاتۆری پاکبکاتەوە و کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکات، ئەگەرنا ئەوەی لە بەغدا و شارەکانی دیکەی ناوەڕاست و باشووری عێراق روویدا، هەموو عێراق و هەموو جیهانیش بینی چ پاشاگەردانی و چ بێ سەروبەرییەك بوو.

ئەو ســـوپایەی ئەمڕۆ پێی دەگوترێت ســـوپای عێراق و نیوەی زیاتری بودجەی عێراقی تیادا سەرف دەکرێت، نەك هەر نەیتوانیوە وەك ســـوپایەکی نیشـــتمانی ئارامی و ســـەقامگیری بۆ وڵات بگێڕێتەوە، بەڵکو هەتا هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەچووە موسڵ و بەغـــدا نەیتوانی تەنیا گەرەکێکی بەغدا ئارامبکاتەوە و لە خۆڕا نییە ئیدارەی سەرۆك بوش بەو هەموو توانا ماددی و لۆجستیەی لە بەردەستیدایە، ژەنراڵ پەتریوسی تەخویل کردووە کە راستەوخۆ و بەبێ گوێدانە حکومەتی عێراق هۆزەکانی عەرەبی سوننە چەکدار بکات بۆ ئەوەی بارودۆخەکە هێور بکرێتەوە.

هێزەکانی سوپا و پۆلیس و ئاسایشی عێراق کە لە بنەڕەتدا زۆرینەی لە میلشیاکانی شیعە و هەندێك لە ئەفسەر و سەربازانی پێشووی رژێمی بەعس پێکهاتووە، ماوەی چوارساڵە عێراقیان خەڵتانی خوێن کـــردووە و بوونەتە فاکتەری قووڵبوونـــەوەی برینە مەزهەبییەکان، تەنیا هێزێك کە بتوانرێت وەك هێزێکی نیشـــتمانی رۆڵی کاریگەر بگێڕێت هەم بۆ دابینکردنی ئاســـایش لە هەرێمی کوردستان و هەم بوونی ئامادەباشی بۆ بەشداریکردن لە گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراقیش، هەروەك چۆن رۆڵی پێشمەرگەمان لە هێورکردنەوەی موســـڵ و پلان و چەسپاندنی یاسا لە بەغدا بینی، هەروەها تەنیا هێزی نیشتمانییە کە بەبێ گوێدانە ناسنامەی ئەنتی و مەزهەبی لیبڕاوانە شـــەڕی دژە تیرۆر و شەڕی ئەوانەی دژی بونیادنانەوەی عێراقی تازەن دەکات. کەچی وێڕای ئەمانەش کاتێك باس لە بودجەی پێشـــمەرگە دەکرێت کە لە چوارچێوەی بودجەی حکومەتی فیدراڵی و وەزارەتی بەرگری عێراقدا بێت سەدان بیانوومان بۆ دەدۆزنەوە لەوانە:

١. بەپێی دوایین راپۆرتی ژەنراڵ پەتریۆس فەرماندەی گشتی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق بۆ کۆشکی سپی، ژمارەی هێزەکانی سوپای عێراق لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ دەگاتە ٥٠٨ هەزار سەربازی عێراقی.

٢. ئەگەر هێزی پێشـــمەرگەی کوردستان، گارد یان سەربازی پارێـــزەری هەرێمی کوردســـتان بن، ئەوا بەپێی ئـــەو رێژەیەی بۆ کوردســـتان دانراوە، پێویستە ژمارەی هێزەکانی پێشمەرگە لە نێوان ٩٠-١٠٠ هەزار پێشمەرگە بێت.

٣. ئێســـتا هەرێمی کوردستان داوای ئەوە دەکات ژمارەی هێزی پێشـــمەرگە ٧٠-٧٥ هەزار بێت، بەڵام پەرلەمانی عێراق داوا دەکات ٣٠ هەزار پێشمەرگە بێت و بودجەکەشی لەسەر وەزارەتی بەرگری نەبێت. ئەم پێداگرتنـــەی پەرلەمانی عێراق چەند رەهەندێکی لێ دەخوێنرێتەوە:

أ- داماڵینی ناســـنامەی هێزێکی نیشـــتمانی لە پێشـــمەرگە و گێڕانـــەوەی بۆ هێزی میلشـــیایە، ئەمە لـــە کاتێکدا هەموو فەرماندەکانی هێزی پێشـــمەرگە دەرچوونی کۆلیژەکانی سەربازی کوردستانن و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش وەك هێزێکی نیزامی هەموو مەرجێکی هێزێکی نیزامی تێدایە.

ب- پەرلەمانـــی عێراق بە چاوی گومانەوە ســـەیری هەرێمی کوردستان دەکات و بوونی ئەم هێزە بەسەرچاوەی مەترسی دەزانێت بۆ:

١. ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە هێز بێت، ئەوا جارێکی دیکە دیکتاتۆری و حوکمی ســـەنترالیزم و تۆتالیتاری بۆ عێراق ناگەڕێتەوە، بێگومان ئەمەش دژی خواستی ئەو نەفەسە شۆڤینیە عەرەبییە کە بەداخەوە لە ناو هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان عێراقدا بێجگە لە هاوپەیمانی کوردستان بوونی هەیە.

٢. کورد داوا دەکات عێراقی تازە، یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەی نێوان ســـەرجەم پێکهاتەکان بێت، ئەمەش بەو مانایە کە سەروەری و یەکپارچەیی عێراق پابەند بێت بە:

١. نەمانی هاووڵاتی پلەیەك و پلەدوو، یەکســـانبوونی سەرجەم هاووڵاتییانی عێراق، لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانیدا.

٢. رێزگرتن لە مافی هاووڵاتی بوون، بەبێ رەچاوکردنی رەگەز، ئەنتی مەزهەب، ئەم رێزگرتنەش لەسەر بنەمای رێزگرتن بێت لەسەر بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ.

٣. پاراستنی فرەیی و هەمەرەنگی پێکهاتەکانی عێراق و نەمانی دەســـتەواژەی نەتەوەی سەردەست و بندەست و هەرنەتەوەیەك بچوك بێت یان گەورە بە ژمارە، هەموو مافەکانی نەتەوەیی لە عێراقدا بۆ دابینبکرێت، هەروەك چۆن لە هەرێمی کوردستاندا فەراهەم کراوە.

٤. دیـــدی شـــۆڤینی عەرەبی کە بەداخەوە ئێســـتا لەبەرامبەر خواســـتەکانی گەلی کوردستان لە هەڵکشاندایە، نایانەوێت دان بەم راستییانە بنێت و دەیانەوێت سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق بە کورد و ئاشوری و تورکمانەوە لە چوارچێوەی قەومیەی عەرەبی و مەزهەبی

شیعە و سوننە بتوێنێتەوە.

٥. هێزی پێشـــمەرگەی کوردســـتان تەنیا زامنە بۆ ڕێگرتن لە دووبارە بوونەوەی ئەم خوێنە، هەربۆیە ئەم دیدە شۆڤینیە نایانەوێت هێزی پێشمەرگە ئەو هێزە بە توانایە بێت.

**سنوور و ئابووری هەرێم**

زۆر کەس کە باسی هۆکاری جێبەجێنەکردنی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقـــدا دەکەن، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە گوایە، ئەم سیســـتەمە تازەیە و ئەزموونی حوکمڕانی لایەنە سیاســـییەکانی عێراقیش ســـاوایە و لەو ئاستەدا نییە کە بە تەواوەتی لەم چەمکە تازەیە تێبگەن.

بێگومان ئەگەر بەشێوەیەکی ڕووکار گوێ لەو بیانوانە بگرین کە ئەو لایەنانەی دژ بە فیدرالیزمن پاکانەی بۆ دەکەن و پاســـاوی بۆ دەهێننەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لەوانەیە ئەو هۆکارە تارادەیەك کاریگەری هەبێت، بەڵام کە ورتر دەچینە ناو مەسەلەکە و سەیری ناکۆکییـــە وردەکان دەکەین لەســـەر چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە، هەست دەکەین دژایەتی ئەم سیستەمە لە دوو ئاستدایە:

١. دژایەتی کردنی دەســـەڵات و ســـنوور و ئابووری هەرێمی کوردستان.

٢. هەوڵدان بۆ پاراســـتنی هەژموونی مەزهەبگەرایی شیعە و چەمکی قەومیەی عەرەبی بەسەر سەرانسەری عێراقدا.

لایەنی شیعە وەك چۆن هەردوو فراکسیۆنی فەزیلە و ئیئتیلافی لەم ڕاپۆرتەدا ڕاشـــکاوانە بە گوڵانیان ڕاگەیاندووە، کێشەی ئەوان لەسەر مەسەلەی فیدرالیزم، مەسەلەکە تێنەگەیشتن نییە و هەردووولا فەزیلە و ئیئتیلاف دەزانن مانا و ڕەهەندی دروستکردنی هەرێمەکان و دەسەڵاتی هەرێمەکانیش چی دەگەیەنێت هەربۆ نموونە:

أ- کاتێك حزبی فەزیلە داکۆکی لەسەر فیدرالیەتی پارێزگاکان دەکات و داوا دەکات دەنـــگ بۆ ئەمجۆرە فیدرالیەتە کۆبکرێتەوە، مەسەلەکە گەڕانەوەی سەنترالیزم نییە بۆ حکومەتی ناوەندی، بەڵکو داوای دەسەڵات و مافەکانی هەرێمی فیدراڵی بۆ پارێزگای بەسرا دەکات، وەك خۆیان دەڵێن لەسەر دەریایەك نەوتە.

ب- کاتێکیش کە ئیئتیلافی عێراق بەگشـــتی و ئەنجوومەنی باڵای ئیســـلامی لەعێراق داوای پێکهێنانی هەرێمی باشـــووری بەغدا دەکات و دەیەوێت هەر ٩ پارێزگا شیعەنشینەکەی باشوور لە خۆبگرێت. بێگومان دوو مەبدەئی هەیە:

١. بۆ ئەوەی ئیئتیلافی شـــیعە هەرێمێکی فراوان لە باشوور و ناوەڕاست پێکبێت و ئەم هەرێمە لەسەر بنەمای ویلایەتی فیقهی، هەرێمێکی ئیسلامی شیعە بێت.

٢. لەبـــەر ئەوەی ئەم هەرێمە گەورەترین هەرێم دەبێت لە عێراقدا هەم لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان و هەم لە ڕووی دەسەڵاتیشەوە ئەوا لە حکومەتی فیدراڵی بەغداشدا بەشی شێریان بەردەکەوێت ئەمەش بەو مانایە دێت کە هەم حوکمڕانی عێراق دەکەن، هەمیش حوکمڕانی هەرێمەکەی خۆیان دەکەن.

٣. لایەنی سوننە یان ئەگەر لەچوارچێوەی بەرەیەکی سیاسییدا ئاماژەی پێ بکەین، کاتێك بەرەی تەوافق کە نوێنەرایەتی عەرەبی سوننە عێراقدا دەکات و ڕاشکاوانە هیچ جۆرە فیدرالیەتێکی قبوڵ نییە و داوای حکومەتێکی سەنترال بەهێز دەکەن، بێگومان ئەمانیش زۆر باش لـــە فیدرالیەت تێدەگەن، بـــەڵام ئامانجەکانیان لەگەڵ فیدرالیزم یەکنا گرێتەوە، بەمجۆرە:

أ- بەدرێژایی ماوەی حوکمڕانی کەمینەی عەرەبی سوننە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی عێراقەوە تا ساڵی ٢٠٠٣، هۆکاری گرتنە دەســـتی دەسەڵات بەهۆی کودەتای ســـەربازییەوە بووە، لە ڕژێمی سەنترالیدا زەمینەی کودەتای سەربازی لەبارە، بەڵام لە سیستەمی فیدرالیدا کودەتای سەربازی ناکرێت، ئەگەر پایتەختیش بگیرێت، سیســـتەمە فیدرالیەکە ناگۆڕێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەسەڵاتی هەرێمەکان لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی ناوەند بەهێزترە. کەواتە پێداگرتن لەسەر حکومەتی سەنترالی، ئومێد بوونە بە حکومەتێکی سەنترالی بەهێز.

ب- عەرەبی ســـوننە ئەگەر باری کەوتبێـــت و نەتوانێت داوای هەموو عێراق بکات، ئەوا بەئاســـانی دان بە فرەیی و هەمەڕەنگی بەغدا نانێت کە گەورەترین شاری کورد و عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە و هەموو کات ژمارەی دانیشتوانی سێیەکەی ژمارەی هەموو دانیشتوانی عێراقە، فیدرالیزم بەغدا دەکاتە هێزێك بۆ کورد و سوننە و شـــیعە، هەروەها دەیکاتە بەرژەوەندی هاوبەشـــی نێوان هەر سێ پێکهاتەکە، هەربۆیە عەرەبی ســـوننە ئەم هاوبەش بوونەی بەغدا ڕەتدەکاتەوە و دەیەوێت بەغدا ناســـنامەی ســـوننەی هەبێت لە ژێر پەردەی ناسنامەی قەومیەی عەرەبیدا.

پەرلەمانتارانـــی هەردوولا ســـوننە و شـــیعە بەهەموو پێکهاتە سیاسییەکانیانەوە لەگەڵ ئەوەی بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە ئەم مەسەلانە باس ناکەن، هەروەها ناشتوانن وەك فراکسیۆنی پەرلەمانیش بە ئاشکرا بانگەشە بۆ ئەم مەسەلەیە بکەن، بەڵام دروستبوونی ئاراستەیەکی هاوبەش لە ناوپەرلەمانی عێراقدا لەســـەر ئاســـتی پەرلەمانتار و هەندێك فراکسیۆن بۆ دژایەتی خواستەکانی کورد، پێناسەکردنی ئەم ئاراستەیەش بۆ ئەم دژایەتییە بە نەگۆڕی نیشتمانی و سەرلەقاندنی ڕازیبوونی فراکســـیۆنە گەورەکانیش هەموو ئامـــاژەن بۆ ئەوەی قۆناخەکە زۆر سەختە و کورد پێویستی بە هەوڵدانی زیاترە.

بۆ زیاتر ڕاوەستان و قسەکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە گرنگە، گوڵان پەیوەندی بەم پەرلەمانتارانەوە کرد:

١. عەبدولخالق زەنگەنە لە هاوپەیمانی کوردستانی
٢. شێخ جەلالەدین سەغیر لە هاوبەندی شیعە
٣. د.باسم شەریف لە فراکسیۆنی حزبی فەزیلە
٤. نەســـار ئەلروبەیعی سەرۆکی کوتلەی سەدر لە پەرلەمانی عێراق


گوڵان لەکاتێکدا هەوڵدەدات بەراشکاوی لێدوان و بۆچوونەکانی ســـەرجەم فراکسیۆنەکانی عێراق بۆ خوێنەران بڵاوبکاتەوە، هەروەك چۆن لە ژمارەکانی پێشـــتردا بۆچوونی بەرەی حیواری عێراقی و بەرەی تەوافق و حزبی ئیسلامی و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقدا بڵاوکردوە، ئامانجی ئەوەیە ئەو وردەکارییانە بۆ خوێنەرانی بخاتـــەڕوو کە میدیای عەرەبـــی و عێراقی بڵاوی ناکاتەوە یاخود ئەگەر بڵاویشـــی بکاتەوە بەو شـــێوەیە بڵاوی دەکەنەوە کە خۆیان مەبەستیانە.

●●●
**لە خۆڕا نییە ئیدارەی سەرۆك بوش بەو هەموو توانا ماددی و لۆجستیەی لە بەردەستیدایە، ژەنراڵ پەتریوسی تەخویل کردووە کە ڕاستەوخۆ و بەبێ گوێدانە حکومەتی عێراق هۆزەکانی عەرەبی سوننە چەکدار بکات بۆ ئەوەی بارودۆخەکە هێور بکرێتەوە**
●●●

●●●
**لەڕژێمی سەنترالیدا زەمینەی کودەتای سەربازی لەبارە، بەڵام لەسیستەمی فیدرالیدا کودەتای سەربازی ناکرێت، ئەگەر پایتەختیش بگیرێت، سیستەمە فیدرالیەکە ناگۆڕێت، ئەمەش لەبەرئەوەیە دەسەڵاتی هەرێمەکان لەدەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی ناوەند بەهێزترە**
●●●

●●●
**عەرەبی سوننە دەیەوێت بەغدا ناسنامەی سوننەی هەبێت لە ژێر پەردەی ناسنامەی قەومیەی عەرەبیدا**
●●●

## عەبدولخالق زەنگەنە پەرلەمانتاری عێراق لە فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان



# حوسێن شەهرستانی دەیەوێت عەرەبەکان پێشتر چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ئیسرائیل دەکرد ئێستا ئەمیش ئاوا مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات

**■ دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و هاوپەیمانی کوردستانی لە پەرلەمانی عێراق، لەم قۆناخەدا چالاکانەتر هەنگاو هەڵبگرن و زیاتر بوونیان لە بەغدا هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو کێشانەی پەیوەندیان بە پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغداوە هەیە، لە بەغدا چارەسەر دەکرێن و پێویستە کورد بە بایەخەوە سەیری بەغدا بکات.**

**هەر لەم پێناوەشدا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هیچ کاتێك بەغدای ئیهمال نەکردووە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیش هەموو رێگەیەکی گرتۆتەبەر، بەڵام رێگەی دیموکراسی و لێکتێگەیشتن و دەستووری نەك رێچکەی سەپاندن و خۆ فەرز کردن.**

**دەربارەی رۆڵی سەرکردایەتی کوردستان و هاوپەیمانی کوردستان لەم قۆناخەی کە پرۆسەی عێراقی پێیدا تێدەپەڕێت، بەڕێز عەبدولخالق زەنگەنە بەمجۆرە بۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو. ■**

### هەڵوێستەکانی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان مالکی بە ئاگاهێنایەوە

سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەگشتی و شەخسی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دەمێکە ئەو پەیامەی بە حکوومەت و پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق راگەیاندووە کە مانەوەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراقدا بەندە بە جێبەجێکردنی ئەو دەستوورەی کە لە ٨٠٪ ی عێراقییەکان دەنگیان بۆ داوە، سەبارەت بە هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەگشتی و سەرۆکی کوردستان بەتایبەتی عەبدولخالق زەنگەنە بەمجۆرە باسی کارابوونەوەی رەوشی سیاسی عێراق بۆ گوڵان کرد:

«بەڕاستی پێش چەند مانگێك بارودۆخی سیاسی لە بەغدا زۆر باش بوو، کێشە و ناکۆکییەکان زۆر زیادی کردبوو، بەڵام ماوەیەك پێش ئێستا دوای گەڕانەوەی د.مالکی و مام جەلال لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکایەتی وەزیران هەندێك جموجۆڵی سیاسی پەیدا بوو، کە کاك مسعود بارزانی هات بۆ بەغدا ئەوکاتەی کۆندالیزا رایسیش لە بەغدا بوو، حکومەتی عێراق لە بارودۆخێکی شەلەلدا بوو.

هەربۆیە کاتێك هاوپەیمانی کوردستان بیستی کێشەکان بەرەو خراپتر دەچن و چارەسەر ناکرێن بەتایبەتی لەم بوارانە:

١. مەسەلەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠
٢. مەسەلەی کۆنتراکتەکانی نەوت
٣. مەسەلەی پێشمەرگە
٤. مەسەلەی بودجە

دوای ئەوەی شاندی کوردستان هات و ئەم مەسەلانەش چارەسەر نەکران، هەستکرا جۆرە خۆدزینەوەیەك لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە دا هەیە، هەربۆیە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان یاداشتنامەیەکی دا بە حکوومەت، بەتایبەتیش بەڕێز کاك مسعود بارزانی جەختی کرد، ئەوەبوو پرۆسەی سیاسی جوولەیەکی تێکەوتەوە، دەتوانین بڵێین ئەم هەنگاو ئاگادارکردنەوەیەك بوو لەلایەن کوردەوە، بۆ حکوومەتی عێراق پرۆسەکە کەوتەوە جوڵە، هەروەها رێککەوتنی هەردوو پارتە سەرکییەکە «پارتی و یەکێتی» لەگەڵ حزبی ئیسلامی و دیدارەکان لەگەڵ حزبی فەزیلە و لایەنی تر بەتایبەتی

ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقدا، هەربۆیە د.مالکی هەستی کرد ئەگەر نەیەتە پێشەوە ئەوا بارودۆخەکە بەرەو مەترسی دەڕوات، واتە بەرەو گۆڕانکاری دەڕوات، هەربۆیە ئەویش لەگەڵ بارودۆخەکە خۆی گونجاند و هاتە پێشەوە، ئێستا دەتوانم بڵێم هەنگاو بەهەنگاو بارودۆخەکە بەرەو ڕێککەوتن دەچێت، بەڵام تا ئێستا لە چوارچێوەی ڕێککەوتن دەرنەچوو و هەر قسەیە و نەگەیشتوتە ئەو قۆناخەی کە بڕیار و ڕاسپاردەی لەسەر دەربچێت، بەڵام ئەگەر گەیشتە ئەو ئاستەی ببێتە بڕیار، بێگومان کاریگەری ئیجابی لەسەر پرۆسەی دیموکراسی لەعێراق و بەشداری سیاسی و دەروازەیەك دەکرێتەوە بۆ ئەوەی بانگێشە بۆ پێکهاتنەوەی نیشتمانی بکرێت.

## بۆ پەسەند کردنی بودجە لە دوایین کاتدا گرفتیان دروستکرد

یەکێك لەو هەنگاوانەی کە دەبووە سەرەتایەك بۆ کردنەوەی دەروازەیەك بۆ دەرچوون لەو بارودۆخە پەسەندکردنی بودجەی عێراق بوو بە ڕێژەی ١٧٪ ی بەشە داهاتی کوردستانیشەوە، سەبارەت بە ئاستەنگ خستنە بەردەم پەسەند نەکردنی بودجە پەرلەمانتار عەبدولخالق زەنگەنە گوتی:

«بڕیار بوو هەفتەی ڕابردوو بودجەکە بەپێی گرفت پەسەند بکرێت، بەڵام لە دوایین ساتدا گرفتی تازەیان بۆ پەیدا کردین، هەندێك لەناو حزبی دەعوا و لایەنەکانی دیکە داوایانکرد:

١. دەبێت بەشە داهاتی کوردستان لە ١٣٪ بێت نەك ١٧٪.
٢. نابێت پێشمەرگە بخرێتە سەر وەزارەتی بەرگری عێراق.
٣. دەبێت ژمارەی هێزی پێشمەرگە ٣٠ هەزار بێت نەك ٧٠ هەزار.

ئەمە بێجگە لە کێشەی کەرکوك و مەسەلەی کۆنتراکتەکانی نەوت.

هەربۆیە ئێمە پێمان وایە ئەم کێشانە بەوجۆرە چارەسەر بکرێن کە کورد پێی ڕازی بێت لەوانە:

١. دەبێت بودجەی عێراق بە ڕێژەی ١٧٪ ی کوردستانەوە پەسەند بکرێت.
٢. دەبێت مەسەلەی پێشمەرگە لە چوارچێوەی وەزارەتی بەرگری عێراقدا چارەسەر بکرێت.
٣. دەبێت مەسەلەی پارێزگاکان چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە.
٤. یاسای نەوت دەبێت بەو شێوەیە پەسەند بکرێت کە کورد پێی ڕازی بێت.

لەم چوارچێوەیەدا دەبێ ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە بکەین هەتا ئەم کێشانە چارەسەر نەکرێن ناتوانرێت هەنگاوی دیکە هەڵبگیرێت، بە مەزندەی من دوای چارەسەرکردنی ئەم خاڵانە دەتوانین ئەم هەنگاوانە هەڵبگرین:

١. دەتوانین گۆڕانکارییەکی وەزاری لە حکوومەتەکەی مالکی ئەنجام بدەین و وەزارەتەکانی لە ٣٤ وەزارەتەوە بۆ ١٨ وەزارەت کەم بکرێتەوە.
٢. بەشداری کردنی لایەنەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە لە حکوومەت کشاونەتەوە دەست پێدەکاتەوە
٣. دوای ئەمانە دەروازەیەك دەکرێتەوە بۆ پێکهاتنەوەی نیشتمانی

## ڕۆڵی ئەمەریکا لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵێکی کاریگەرە

بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسە سیاسییە ئەمەریکا گوشار و هەژموونی خۆی خستۆتە گەڕ و دەیەوێت بەهەر نرخێك بێت گۆڕانکارییەکی سیاسی لەم هاوکێشەیەدا دروست بکات هەر ئەمەش پەیامی سەردانی کۆندالیزا ڕایس لەم دواییە بوو بۆ سەر کردە عێراقییەکان.

سەبارەت بە ڕۆڵی ئەمەریکا لەم هاوکێشەیەدا پەرلەمانتاری هاوپەیمانی کوردستان گوتی:

«ئەمەریکا نەك هەر لەسەر ئاستی سەربازی بەڵکو لەسەر ئاستی هاوکێشە سیاسییەکانیش وەك لایەنێکی گرنگی ئەم هاوکێشەیە بوونی هەیە، بەتایبەتی لەسەرچەند ئاستاندا:

یەکەم: ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییەی نێوان حکوومەتی عێراق و حکوومەتی ئەمەریکا کە بڕیارە لەمانگی ٦ و ٧ی داهاتوو بڕیاری لەسەر بدرێت و لەسەر بنەمایەکی تازە پەیوەندی نێوان عێراق و ئەمەریکا دەست پێبکات.

دووەم: لە دوای زیادی ٣٠ هەزار سەربازی ئەمەریکی لە عێراقدا، چەند هاوکێشەیەك گۆڕان، یەکێك لەوانە دروستکردنی هێزەکانی سەحوە بوو، ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەمەریکا و ئێستاش بە پارەو چەك یارمەتیان دەدات، هەربۆیە ئێستا داوا دەکرێت و ئەمەریکا گوشار بەکار دێنێت بۆ ئەوەی ئەم هێزەی سەحوە تێکەڵاوی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و سوپای عێراق بن.

سێیەم: ئەمەریکا زۆر گرنگی بە پێکهاتنەوەی سیاسی دەدات، لەبەر ئەوەی ئەمساڵ ساڵی هەڵبژاردنە لە ئەمەریکا، ئەمەریکا هەوڵدەدات بەهەرشێوەیەك بێت دەروازەیەك بۆ ئەم ئاستەنگە بدۆزێتەوە، گرنگترین دەروازەش بۆ ئاستەنگی عێراق، بەرەو پێشەوە چوون یان سەرکەوتنی پێکهاتنەوەی نیشتمانییە.

لەهەریەك لەم سێ خاڵە ئەمەریکا گوشاری خۆی بەکاردەهێنێت و لایەنێکی سەرەکی هاوکێشە سیاسییەکەیە.

## هاوپەیمانی کوردستان نزیکبوونەوەی لە لایەنە سیاسییەکانی دیکە

هاوپەیمانی کوردستان بۆ سەرخستنی پرۆسەی سیاسی و چەسپاندنی خواستە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان بەردەوام لە هەوڵی کۆکردنەوە و لێکنزیك کردنەوەی لایەنە عێراقییەکاندایە، هەر ئەم هەوڵانەش بوونەتە هۆکاری ئەوەی پرۆسەی سیاسی عێراق لەو چەق بەستنە دەربچێت و جوڵەی تێبکەوێتەوە، سەبارەت بە هەوڵەکانی هاوپەیمانی کوردستان و نزیك بوونەوەی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە پەرلەمانتار

●●●
**ئەمەریکا نەک هەر لەسەر ئاستی سەربازی بەڵکو لەسەر ئاستی هاوکێشە سیاسییەکانیش وەک لایەنێکی گرنگی ئەم هاوکێشەیە بوونی هەیە**
●●●

●●●
**لە دوای زیادکردنی ٣٠ هەزار سەربازی ئەمەریکی لە عێراقدا، چەند هاوکێشەیەک گۆڕان، یەکێک لەوانە دروستکردنی هێزەکانی سەحوە بوو، ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەمەریکا و ئێستاش بە پارەو چەک یارمەتیان دەدات، هەربۆیە ئێستا داوا دەکرێت و ئەمەریکا گوشار بەکار دێنێت بۆ ئەوەی ئەم هێزەی سەحوە تێکەڵاوی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و سوپای عێراق بن**
●●●

**حزبی فەزیلە پشتگیری ١٧٪ دەكات بەو مەرجەی ئێمە پشتگیری فیدراڵی پارێزگاكان بكەین**

عەبدولخالق زەنگەنە گوتی:
«لەناو پەرلەماندا لیست و فراكسیۆن زۆرن، ئەوانەی لەگەڵ هاوپەیمانی كوردستان نزیكن و پەیوەندیان باشە بریتین لە:
أ- ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقدا.
ب- حزبی دەعوە باڵی مالكی
ت- لەگەڵ حزبی ئیسلامی دوای مۆركردنی یاداشتنامەی لێكتێگەیشتن پەیوەندیان باشە.
ث- لەگەڵ حزبی فەزیلە لێك نزیكبوویتەوە.
ج- لەگەڵ سەدرییەكاندا لە هەندێك خاڵدا لێك نزیكیمان هەیە، بەڵام ئەوە هەوڵێكی زۆری دەوێت تا بتوانین بگاتە ئەو ئاستەی لە زۆر مەسەلەدا پشتگیریمان بكەن.
لەلایەكی دیكە هاوپەیمانی و لێكتێگەیشتن لە نێوان لیست و فراكسیۆنەكانی پەرلەمان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی لایەكە لە خاڵێكدا لەبەرامبەر بەرژەوەندی هاوپەیمانی كوردستان لە خاڵێكی دیكەدا، هەربۆ نموونە حزبی فەزیلە پشتگیری ١٧٪ دەكات بەو مەرجەی ئێمە پشتگیری فیدراڵی پارێزگاكان بكەین، هەربۆیە ئەم كارانە پێویستی بە هەوڵی زیاتر هەیە بەتایبەتی لەسەر ئاستی سیاسی پێویستە سەركردایەتی سیاسی لەسەر ئاستی رێككەوتنی سیاسی هەوڵبدات لەگەڵ لایەنەكان رێكبكەوێت، ئینجا پێویستە هاوپەیمانی كوردستانیش باشتر بەخۆ بكەوێت.
لەماوەی پێشوو لەسەر هەر چوار مەسەلەكە «بودجە، پێشمەرگە، نەوت، ئاڵا» هەستمان كرد خەریكە هەستی شۆڤینی عەرەبی بەرامبەر ئەم خواستانە زیادیكردووە، ئەم هەستەش ئەگەر بەناوی فراكسیۆنەوە بێت، بەداخەوە لەناو هەموو لیستەكاندا كەسانێك هەن وا بیردەكەنەوە و پشتگیری ئەم ئاراستەیە دەكەن، هەربۆیە ئەركی هاوپەیمانی كوردستان زۆر سەختە، پێویستە چۆن هەوڵبدا مەسەلەی ئاڵاكەی تێپەڕاند، دەبێ هەوڵبدات ئەم مەسەلانەش تێپەڕێنێت.

## لێكتێگەیشتنی نێوان فەزیلە و هاوپەیمانی كوردستان بەرژەوەندی هاوبەشە

فراوان بوونی هاوپەیمانییەكانی هاوپەیمانی كوردستان لەگەڵ حزبی ئیسلامی و فەزیلە هێزێكی دیكەیە بۆهاوپەیمانی كوردستان بۆ ئەوەی بتوانێت كێشەكان لە ژێر سەقفی پەرلەماندا چارەسەر بكات، دیارە حزبی فەزیلەش كە ئێستا باس لەوە دەكرێت كە هەنگاوەكانی لێك نزیكبوونەوە و ئیجابین و تەنانەت چاوەڕێی ئەوەش دەكرێت رێكەوتنێك یان لێكتێگەیشتنێكی هاوبەش لەگەڵ پارتی و یەكێتی ئیمزا بكەن، هەنگاوێكی دیكەی ئیجابی دەبێت بۆ چارەسەركردنی كێشەكان، سەبارەت بەم نزیك بوونەوەیە عەبدولخالق زەنگەنە گوتی:
«پێش هەموو شت حزبی فەزیلە ٢٥ كورسیان لە پەرلەماندا هەیە، بەڵام خاوەنی سەربەخۆیی خۆیانن و لە ئیئتیلاف جیابوونەتەوە و بەشداریشیان لە حكومەتدا نەكردووەتەوە، هەربۆیە هەوڵدەدەن لەگەڵ زۆربەی لایەنەكاندا پەیوەندی دروست بكەن، بەگشتی و بەتایبەتی لەگەڵ هاوپەیمانی كوردستاندا.
حزبی فەزیلە تا ئێستا چەندین دیداریان لەگەڵ كردووین و سەردانی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمیان كردووە و لە سەردانەكەدا من لەگەڵیاندابووم، هەروەها چەند جارێكیش لە بەغدادا لەگەڵ بەڕێز مام جەلال سەرۆكی عێراق دانیشتوون، بەڵام ئەوانیش پێویستیان بە ئێمەیە لە هەندێك مەسەلەدا و ئێمەش پێویستیمان بەوانە.

## فراوانكردنی رێكەوتنە چوارقۆڵییەكە

ئەم هاوپەیمانی و لێكنزیكبوونەوەیە هەنگاوێكی گرنگە بۆ فراوانكردنی ئاستی هاوپەیمانی لەسەر ئاستی عێراق و بەگوڕتر خستنی پرۆسە سیاسییەكە، هەروەها ئێستا دەنگۆی ئەوە هەیە كە حزبی فەزیلە و حزبی ئیسلامی بێنە ناو رێكەوتنە چوارقۆڵییەكەی نێوان پارتی و یەكێتی و دەعوا و ئەنجوومەنی باڵا سەبارەت بەم ئاراستەیە پەرلەمانتاری لیستی هاوپەیمانی كوردستان گوتی: «ئەم مەسەلەیە واتە فراوانكردنی رێكەوتنە چوارقۆڵییەكە قسەی لەسەر دەكرێت، بەڵام هەتا ئێستا بڕیاری لەسەر نەدراوە، هێندەی من ئاگادارم و قسەم لەگەڵدا كردوون، حزبی ئیسلامی هەڵوێستی بەرەی تەوافق لەبەرچاو دەگرن لەبەر ئەوەی بەرەی تەوافق چەند لایەنێكە هەموویان رازی نین بێنە ناو رێكەوتنەكە وەك «گروپەكانی خەلەف عەلیان، عەدنان دلێمی، حسێن فەلوجی» هەروەها هەندێك گروپی دیكە وەك گروپی سالح موتلەگ.
لەم چوارچێوەیەدا حزبی ئیسلامی سەبەبیشی هەیە، ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی حەز دەكات یاداشتنامەیەكی لێكتێگەیشتن لەگەڵدا ئیمزا بكات، بەڵام ناتوانم بڵێم بۆ ئەم مەسەلەیە هەنگاوی جدی بۆ هەڵگیراوە. بەڵام وەك چوارچێوەیەكی گشتی قسەو باس هەیە كە رێكەوتنە چوارقۆڵییەكە فراوان بكرێت نەك هەر تەنیا حزبی ئیسلامی و حزبی فەزیلە بێنە ناوەوە، بەڵكو حزبی شیوعی عێراق و لایەنی دیكەی دیموكراتیش لەخۆی بگرێت.

## نابێت كورد بەغدا فەرامۆش بكات

لەسەروبەندی هەموو ئەم گۆڕانكارییانە و بۆ چارەسەركردنی كێشەكان بڕیارە شاندێكی باڵای كوردستان جارێكی دیكە سەردانی بەغدا بكات، سەبارەت بەوەی ئایا هاوپەیمانی كوردستان تا چەند ئاگادارە؟ عەبدولخالق زەنگەنە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:
«بەڵێ، بڕیارە شاندێكی باڵا بۆ ئەو مەبەستانە سەردانی بەغدا بكات، ئێستاش شاندێكی كوردستان بە سەرۆكایەتی د. ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە بەغدان.
سەبارەت بەمەش بەهاتنی شاندە باڵاكەی هەرێمیش، بێگومان هاتنی ئەو شاندە زۆر پێویستە بۆ ئەوەی چەند مەسەلەیەكی

**لەماوەی پێشوو لەسەر هەر چوار مەسەلەكە «بودجە، پێشمەرگە، نەوت، ئاڵا» هەستمان كرد خەریكە هەستی شۆڤینی عەرەبی بەرامبەر ئەم خواستانە زیادیكردووە، بەداخەوە لەناو هەموو لیستەكاندا كەسانێك هەن وا بیردەكەنەوە و پشتگیری ئەم ئاراستەیە دەكەن، هەربۆیە ئەركی هاوپەیمانی كوردستان زۆر سەختە**

گرنگ هەیە چارەسەر بکرێن، بەتایبەتی کێشەکانی «بودجە، کۆنتراکتەکانی نەوت، پێشمەرگە، ١٤٠» ئەم کێشانە چەند پەیوەندییەکان و وتووێژەکانی لەسەر ئاستی سیاسی پتەوبن هێندە رەنگدانەوەی ئیجابییانەی لەسەرچارەسەرکردنیان دەبێت.

ئێستا هەست دەکرێت هەنگاوێکی ئیجابیانە بەرەو ئاراستەی جێبەجێکردنی کێشەکان لە ئارادان، بەهاتنی ئەو شاندەش ئەم هەنگاوانە بەگورتر دەبن و کاریگەری ئیجابیش لەسەر پرۆسەی پەسەندکردنی لە پەرلەمان دەبێت، من دیسان دووبارەی دەکەمەوە بوونی کورد لە بەغدا بە بەردەوامی زۆر گرنگە، نابێت هەرگیز بەغدا ئیهمال بکەین، بۆیە گرنگە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەبەردەوام لە بەغدا بوونی هەبێت رۆڵی خۆی بگێڕێت، دەبێت هەموومان ئەو راستییە بزانین کە کێشەکانی نێوان کوردستان و حکوومەتی فیدرالی ناوەند لە بەغدا چارەسەر دەکرێن نەك لە هەولێر، هەربۆیە بوونی قورسایی سەرکردایەتی سیاسی کورد لە بەغدا زۆر پێویستە.

## هەڵوێستەکانی شەهرستانی راگرتنی نەوت بۆ ئەو وڵاتانەی کۆنتراکتیان لەگەڵ کوردستان کردووە

هاوکات لەگەڵ بوونی ئاراستەیەکی ئیجابی بۆ کردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام هەندێك رەفتاری سەیر لە وەزارەتی نەوتی عێراق و شەخسی حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق دەبینین، بەتایبەتی کە لەم چەند رۆژە گوێ بیستی ئەوەبووین کە هەستاوە بە راگرتنی نەوتی عێراق بۆ ئەو وڵاتانەی کە کۆمپانیاکانیان کۆنتراکتیان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان مۆرکردووە.

سەبارەت بەم هەڵوێستەی وەزارەتی نەوت شەخسی حوسێن شەهرستانی عەبدولخالق زەنگەنە گوتی:

«وەزارەتی نەوتی عێراق کە ئێستا حوسێن شەهرستانی وەزیرەکەیەتی و سەرکردایەتی دەکات، بەراستی هەرزەکارانە رەفتار دەکەن بەتایبەتی حوسێن شەهرستانی هەر زۆر هەرزەکارانە و نابەرپرسیارانە رەفتار دەکات، ئەمەش گەیشتۆتە ئاستێك کە دەتوانین بە یەکێك لە هۆکارەکانی ناکۆکی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرالی بەغدای دانێین، لێرەدا دەمەوێت راشکاوانە بدوێم، وەزیری نەوت و وەزارەتەکەی لە هەموو نەریت و ئوسلوبێکیان بردۆتە دەرەوە و هەقیان نییە بەو شێوەیە رەفتار بکەن، ئێمە ناڵێین با جیاوازییان لەگەڵ بۆچوونەکانی هەرێمدا نەبێت، بەڵام نەك بەو شێوە نا بەرپرسانە ئەو جیاوازیانە دەربڕن، بەتایبەتی بڕیاری راگرتنی هەناردەی نەوت بۆ ئەو وڵاتانەی کە کۆمپانیاکانیان کۆنتراکتیان لەگەڵ هەرێم مۆر کردووە، حوسێن شەهرستانی بەم رەفتارەی دەیەوێت وەك ئیسرائیل مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکات، پێشتر کۆمکاری عەرەبی بڕیارێکی هەبوو ئەوەی مامەڵە لەگەڵ ئیسرائیل بکات ئەوا دەوڵەتانی عەرەبی بایکۆتی دەکەن، ئێستا ئەمە بەرامبەر بە ئیسرائیل نەماوە، کەچی حوسێن شەهرستانی دەیەوێت لە بەرامبەر کوردستان زیندووی بکاتەوە، بەداخەوە ئەم رەفتارە نابەرپرسانەیەی شەهرستانی خزمەتی پرۆسەی سیاسی و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی ناکات، هەموو مەسەلەیەك یان کێشەیەك شێوازی تایبەتی خۆی هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئێستا با وای دابنێین شەهرستانی بۆچوونی جیاوازی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر ئەو کۆنتراکتانە هەیە، یان وا هەست بکات حکوومەتی هەرێم دەسەڵاتی خۆی تێپەڕاندووە، بەڵام خۆ هەموو دەرگاکان دانەخراون، دەتوانێت بە رێگەی دیالۆگ و وتووێژ چارەسەر بکرێت، ئەگەر نەگەیشتە ئاکامێکی ئیجابی ئەوە مەحکەمەی دەستووری هەیە با ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکات، بەڵام شەهرستانی بێت و بە کەیفی خۆی لێدوان بدات بڕیاری دابڕان یان راگرتنی نەوت بۆ ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت بدات بەراستی شتێکی سەیرە و رەفتارێکی نابەرپرسانەیە.

## وێڕای گۆڕانکارییەکانیش ئەم ئاڵایەش هەر کاتییە

گۆڕینی ئاڵای عێراق دەبوایە بە جۆرێك بێت هیچ ئاسەوارێکی رژێمی پێشووی پێوە نەبێت و لەبری ئەوە دەربڕی پێکهاتەی فرەیی عێراق بووایە، بەڵام هەر لابردنی سێ ئەستێرەکە و گۆڕینی نووسینی «الله اکبر» ەکە، هەنگاوێکە بۆ گۆڕین و دەستپێکی گۆڕانکاری زیاتر، سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی ئاڵا، عەبدولخالق زەنگەنە لە هاوپەیمانی کوردستان بەمجۆرە رای خۆی سەبارەت بەم گۆڕانکارییە بۆ گوڵان خستەڕوو: «ئەم ئاڵایە بەو گۆڕانکارییەشی تێدا کراوە ئاڵایەکی کاتییە و بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە، پەسەندکردنیشی بەرێکەوتن بووە، ئێمە لەو گۆڕانکارییە جەختمان کردە سەر لابردنی ٣ ئەستێرەکە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی خەڵك هەست بکات کە ئەو ئاڵایەی بەعس گۆڕدراوە، ئەوە ئاڵایەکی تازەیە، بەڵام دەخوازم ئەوە بڵێم ئەو گۆڕانکارییانەی کراون گۆڕانکاری ریشەیی نین و گۆڕانکاری کاتین بۆ ماوەی یەك ساڵە.

من لەناو پەرلەماندا مەسەلەی ٣ ئەستێرەکەم وروژاند و جەختم کردەوە کە دەبێت ئەو ٣ ئەستێرەیە نەبێت، بۆچوونی من بەوجۆرە بوو رەنگی زەرد بۆ ئاڵاکە زیاد بکرێت و وشەی «الله اکبر» کە بە زەرد بنووسرێت بۆ ئەوەی مافی نەتەوەی کورد تەنانەت لەو ئاڵا کاتییەش نەفەوتێت، بۆ ئەم مەسەلەیە هەموو لایەك رازی بوون، بەڵام نازانم لە دواییدا بۆ ئەمە نەکرا. بێگومان هەمووومان دەزانین رەنگی زەرد واتە بوونی کورد، رەنگی زەرد ئاڵای سەلاحەدین و کۆماری کوردستانیش بوو لە مەهاباد.

هەربۆیە من بە شەخسی خۆم لەبەر ئەوە رەنگە زەردەکەی تیا نەبوو زۆر رازی نەبووم، بەڵام لەبەر ئەوەی کاتی بوو بە باشم زانی تێپەڕبوو.

●●●
**حزبی ئیسلامی هەڵوێستی بەرەی تەوافق لەبەرچاو دەگرن لەبەر ئەوەی بەرەی تەوافق چەند لایەنێکە هەموویان رازی نین بێنە ناو رێکەوتنەکە وەک «گروپەکانی خەلەف عەلیان، عەدنان دلێمی، حسێن فەلوجی» هەروەها هەندێک گروپی دیکە وەک گروپی سائح موتڵەگ**
●●●

●●●
**وەک چوارچێوەیەکی گشتی قسەو باس هەیە کە رێکەوتنە چوارقۆڵییەکە فراوان بکرێت نەک هەر تەنیا حزبی ئیسلامی و حزبی فەزیلە بێنە ناوەوە، بەڵکو حزبی شیوعی عێراق و لایەنی دیکەی دیموکراتیش لەخۆی بگرێت**
●●●

●●●
**گرنگە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەبەردەوام لە بەغدا بوونی هەبێت و رۆڵی خۆی بگێڕێت، دەبێت هەمووومان ئەو راستییە بزانین کە کێشەکانی نێوان کوردستان و حکوومەتی فیدرالی ناوەند لە بەغدا چارەسەر دەکرێن نەک لە هەولێر**
●●●

پەرلەمانتار جەلالەدین سەغیر لە ئیئتیلافی عێراقی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان

# هەر مەسەلەیەک بۆ هاوپەیمانی کوردستان خێری تێدابێت بۆ ئیئتیلافی شیعەش بەخێری دەزانین

■ شێخ جەلالەدین سەغیر کە ئەندامی پەرلەمانی عێراقە لە ئیئتیلافی شیعە ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراقە کە لەلایەن سەماحەتی ئایەتوڵڵا عەبدولعەزیز حەکیمەوە ڕێبەرایەتی دەکرێت، ئەنجوومەنی باڵا بە هەڵوێستی لۆژیکی و هاوسۆزی بەرامبەر کوردو دۆزەکەی ناسراوە لە بەرامبەر کێشەکانی عێراقیشدا هەڵوێستی نەرم و نیشتمانییانە سەبارەت بە بارودۆخی عێراق و داواکارییە دەستوورییەکانی و گۆڕانکاری لە حکوومەتی عێراقدا نیشان دەدات، پەرلەمانتار جەلالەدین سەغیر لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن. ■

### پێویستە ئەو فشارانەی ئاراستەی لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان دەکرێن ببنەهۆی پتەوکردن و قوڵکردنەوەی پەیوەندییەکان

ئەوە دەزانین کە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا جموجوڵێك بەخۆوە دەبینێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و بە گەڕخستنەوەی حکوومەتی فیدراڵی ناوەند. ئێوە وەك ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی هەڵوێستتان لەو جموجۆڵانە چییە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا پەرلەمانتار جەلالەدین سەغیر بەمجۆرە هەڵوێستی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بۆ گوڵان خستەڕوو:

(ئێمە پێمان وایە ئەو هاریکاری و هاوپەیمانێتییەی لە نێوان هێزە سەرەکییەکانی گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا هەیە بۆتە هۆی بەدەستهێنانی بەرەوپێشچوونێکی گەورە لە پرۆسە سیاسییەکەدا، ئەو فشارانەی لەسەر پرۆسە سیاسییەکەش دەکرێت دەرئەنجامێکی سروشتی ئەو مەسەلەیەیە. بەڵام ئێمە پێمان وایە پێویستە ئەو فشارانەی ئاراستەی لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان دەکرێن پتر بەو چەشنە بن کە ببنەهۆی پتەوکردن و قوڵکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئەو لایەنە هاوپەیمانانە لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانی پرۆسە سیاسییەکە.)

### ئێمە لەگەڵ فراوان کردنی ڕێککەوتنی چوار قۆڵین بە مەرجێک ببێتەهۆی دامەزراندنەوەی عێراقێکی دەستووری نەک بە پێچەوانەوە ببێتە هۆی پەکخستنی دەستوور

ئەو ڕێککەوتنە چوارقۆڵییەی لە نێوان ئەنجوومەنی باڵا و حزبی دەعوە و هەردوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستان (پارتی و یەکێتی) هەیە بۆتە بەردی بناغەی ڕێککەوتن و هاوپەیمانێتییەکانی داهاتوو، بەڵام هەندێ پارت و لایەن لەگەڵیدا نین و ئامادەنین ببنە بەشێك لەو ڕێککەوتنە، بۆ نموونە حزبی ئیسلامی و حزبی فەزیلە. ئەمە لەکاتێکدا زۆر پێویستە هاوپەیمانییەکە فراوانتر بکرێت بەجۆرێك کە ڕەنگدانەوەی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق بێت و دەروازەیەك بێت بۆ کردنەوەی سەرجەم ئاستەنگەکانی نێو پرۆسە سیاسییەکە. سەبارەت بە فراوانکردنی ئەم ڕێککەوتن چوار قۆڵییە جەلالەدین سەغیر گووتی:

(ئێمە دەمانەوێت بنکەیەکی سیاسی فراوان پێکبهێنن بۆ ئەوەی پرۆسە سیاسییەکە لە زەمینەیەکەی باشتردا بەڕێوەبچێت و ئاسۆکانی بەردەم ئەو پرۆسەیە فراوان بکرێت. واتە ئێمە لەگەڵ فراوانکردنی ئەو ڕێککەوتنەداین بە مەرجێك ببێتەهۆی خزمەتکردنی پرۆسە دەستوورییەکە و خزمەتکردنی عێراقێکی دەستووری، نەك بە پێچەوانەوە ببێتەهۆی پەکخستنی دەستوور. ئەوەندەی پەیوەندی بە حزبی ئیسلامییەوە هەبێت ئەوا ئەوان زۆر پەرۆشن بۆ ئەو مەسەلەیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە تەوەری پرۆسە سیاسییەکە دەبێت سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق بن مەبەستم شیعە و سوننە و کوردەکانن، واتە بەشداربوونی حزبی فەزیلە دەبێتە ڕەگەزێکی گرنگ لە گوڕوتین بەخشین بە پرۆسە سیاسییەکە. هەر لایەنێکی دیکە کە پەرۆشی پێشخستنی پرۆسە سیاسییەکە و پاراستنی دەزگا دەستوورییەکان بێت و بە ئاراستەی عێراقێکی فیدراڵدا کاربکات ئێمە پێشوازی لێدەکەین).

### ئاشتبوونەوەی نیشتمانی بەتەنها بەرەی تەوافوق ناگرێتەوە، بەڵکو پێویستی بە هەموو چین و توێژەکانە

یەکەم هەنگاو بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسە سیاسییەکە بریتییە لە هێنانەدی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی، کە ئەوەش بە ئازادکردنی بەندکراوەکان و گەڕاندنەوەی بەرەی تەوافوق بۆ ناو حکوومەت،هەربۆیە جێبەجێکردنی هەنگاوەکان بۆ زەمینە ڕەخساندن زۆر پێویستە ئەمەش لە پێناوی ئەوەی جارێکی دیکە هەموو لایەنەکان لە پرۆسە سیاسییەکەدا بەشدار ببنەوە، دەربارەی ئەم پرسە پەرلەمانتار سەغیر بەمجۆرە رای خۆی خستەروو:

(حکوومەت و لایەنەکانی ڕێککەوتنە چوار قۆڵییەکەی هەنگاوێکی زۆریان بەو ئاراستەیەدا هەڵگرتووە. ئاشتبوونەوەی نیشتمانی ناوەستێتەسەر بەرەی تەوافوق و بەرەکانی دیکە، بەڵکو پێویستی بە هەموو چین و توێژەکانە کە دەتوانن پەرە بە پرۆسە سیاسییەکە بدەن لە نێوانیاندا بەرەی تەوافوقیش. ئەوەی پەیوەندی بە بەندکراوەکانەوە هەبێت ئەوا ژمارەیەکی زۆریان لێ ئازادکراوە و ژمارەیەکی دیکەشیان لەوەدان ئازاد بکرێن، ئەو ئازادکردنەش پێویستە لەسەر بنەمای ڕێساگەلێکی دیاریکراو بن کە نەبنەهۆی سوکایەتیکردن بە خوێنی عێراقییەکان، بە حوکمی ئەوەی هەندێ لەو بەندکراوانە تاوانیان کردووە و پیرۆزی خوێنی عێراقییەکانیان پێشێلکردووە، ناکرێت ئەو بەندکراوانە ئازاد بکرێن و نەرمی بنوێنین لەگەڵیاندا).

### ئەوەی بۆ هاوپەیمانێتی کوردستانی خێری تیابێت ئێمەش بە خێری هاوبەندی شیعەی دەزانین

هەندێ مشتومڕ هەیە لە پەرلەمانی عێراقیدا دەربارەی بودجەی هەرێمی کوردستان و بودجەی پێشمەرگە و ماددەی ١٤٠، ئایا ئێوە لەگەڵ داواکارییەکانی هاوپەیمانێتی کوردستاندا هاوهەڵوێستن یاخود ناکۆکیتان هەیە لە گەڵیاندا؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا گوتی:

(ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی ١٤٠ ەوە هەبێت ئەوا ئێمە هیچ ناکۆکییەکمان نییە لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستاندا. مەسەلەکانی دیکە ئێمە هەڵوێستێکی بنەڕەتیمان هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ حوکمی دەستوور، لەبەر ئەوەی پاراستن و جێبەجێکردنی دەستوور لە بەرژەوەندی هەموو لایەکمانە. ئێمە هەموو هەوڵێکمان دەخەینەگەڕ بۆ ئەوەی خۆمان لەگەڵ داواکارییەکانیان بگونجێنین لەبەر ئەوەی بۆ هاوپەیمانێتی کوردستانی خێرە ئێمەش بە خێری هاوبەندی شیعەی یەکگرتووی دەزانین، ئێمە چاوەڕوانی هەمان هەڵوێست دەکەین لە هاوپەیمانێتی کوردستانی لەبەر ئەوەی ئێمە لە یەك سەنگەرداین).

### دەزگاکانی راگەیاندنی عەرەبی شەقامی عێراقیان لە

## خشتەبردووە وا باسدەکەن فیدراڵییەت دابەشکردن و پارچە پارچەکردنی عێراقە

چەند رۆژێك لەمەوبەر گوێبیستی ئەوە لە سەماحەتی عەممار حەکیم بووین کە لە دوو مانگی داهاتوودا هەرێمی فیدراڵی باشووری بەغدا لە نۆ پارێزگای باشوور پێکدێت، ئایا هەنگاوەکان بەو ئاراستەیەدان یاخود دووچاری ئاستەنگ و سەختی بۆتەوە؟ دەربارەی ئەم مەسەلەیەش جەلالەدین سەغیر بەم راشکاوییە هاتە ئاخاوتن:

ئێمە بە ئاراستەی فیدراڵییەتدا هەنگاو دەنێین و ماوە یاساییەکەش لە ماوەی دوو مانگدا کۆتایی دێت، لەبەر ئەوەی یاسای ئیقلیمیەکان هەژدە مانگی داناوە بۆ پێکهێنانی ئەو هەرێمانە و لە دوو مانگی داهاتووشدا ئەو ماوەیە کۆتایی دێت. واتە لە رووی یاساییەوە ئاستەنگێك نییە. بەڵام فیدراڵییەت پێویستی بە ئامادەکاری دیکە هەیە وەك هۆشیارکردنەوە و بەرچاو روونکردنەوە کە بەداخەوە دەزگاکانی راگەیاندنی عەرەبی شەقامی عێراقیان لە خشتەبردووە و وایان تێگەیاندووە کە فیدراڵییەت بریتییە لە دابەشکردن و پارچە پارچەکردنی عێراق. ئێمە نامانەوێت رووبەرووی ئەو ئاستەنگانە ببینەوە کە لەکاتی پێکهێنانی هەرێمی کوردستاندا رووبەرووی بووینەوە و ئێمە دەمانەوێت سوود لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەربگرین.



هەڵوێستی ئێمە لە ئیئتیلافی یەکگرتوو و بە تایبەتی کوتلەی شەهیدی میحراب ئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ پێکهێنانی چەند هەرێمێکدا نین بەڵکو ئێمە پشتگیری لەپێکهێنانی یەك هەرێمی فیدراڵی دەکەین کە پێی دەڵێین هەرێمی باشووری بەغدا).

### ئێمە پێمان وایە کە نۆ پارێزگاکەی باشوور لەبارن بۆ ئەوەی هەرێمێکیان لێ پێکبهێنرێت

بەڵام ماوەیەك پێش ئێستا بەرێز موەفەق روبەیعی لە واشنتۆن پۆست و لۆس ئەنجلوس تایمزدا پێشنیاری پێکهێنانی پێنج هەرێمی فیدراڵی لە عێراقدا بڵاوکردەوە، ئایا ئێوە ئەم بیرۆکەیە رەت دەکەنەوە؟ دەربارەی پێشنیارەکەی روبەیعیش گووتی:

ئێمە لەگەڵ هیچ بیرۆکەیەك دانین کە ببێتە هەڕەشە لەسەر شیرازەی کۆمەڵگەی عێراقی. ئێمە پێمان وایە کە نۆ پارێزگاکەی باشوور لەبارن بۆ ئەوەی هەرێمێکیان لێ پێکبهێنرێت. لە دەرئەنجامدا ئێمە هەر بیرۆکەیەکی دیکە رەتدەکەینەوە. بەڵام ئەوە رێگاچارەیەکە خەڵکی عێراق هەڵیبژاردووە و ئێمەش دەیگرینەبەر.

## ئەوەی پێویستە ئەوەیە کە بەرنامەیەکی حکوومی ئەوتۆ دابڕێژین کە شێوەیەکی راستەقینە بدات بە کاری حکوومەت

سەبارەت بەحکوومەتی ئێستای د.مالکی هەموو لەگەڵ ئەوەین ئەو حکوومەتە پێویستی بە گۆڕانکاری و کاراکردن،ئایا چۆن دەکرێت حکوومەتێکی بەهێز و کارا پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکان بۆ خەڵکی عێراق دابین بکات؟ ئایا حکوومەتێکی تەکنۆکرات بێت یاخود حکوومەتێکی یەکێتی نیشتمانی؟ دەربارەی شێوازی حکوومەتیش پەرلەمانتار سەغیر گووتی :

ئەم نازناوانە هیچ یەکێك لە کێشەکان چارەسەر ناکەن. ئەوەی پێویستە ئەوەیە کە بەرنامەیەکی حکوومی دابڕێژین کە شێوەیەکی راستەقینە بدات بە کاری حکوومەت، لە لایەکی دیکەوە هەل بڕەخسێنین بۆ بەشداریکردنی هەموو لایەنەکان، بەڵام پێویستە ئەو لایەنانە رێز لە بەڵێنەکانی خۆیان بگرن و کۆششێکی راستەقینە بکەن بۆ ئەوەی بەرنامەی حکوومەت جێبەجێبکەن. ناکرێت وەزیرێك کار بۆحزبەکەی یاخود تەنها بۆ تائیفەکەی خۆی بکات، واتە دەبێت لە نەفسی تائیفی و کارکردن بە گیانی تائیفی دووربکەوینەوە. من پێم وایە هێنانەدی ئەم گۆڕانکارییە بنەڕەتیانە وا دەکات حکوومەتەکە سەرکەوتوو و کارا بێت لە هەڵسوڕاندنی کاروبارەکاندا، ئەگەرنا گۆڕینی وەزیرێك و گۆڕینی نازناوی حکوومەت هیچ شتێك لە مەسەلەکە ناگۆڕێت.

### کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان دەبێتە هۆی ئەوەی بڕیارەکان بە ئاسانتر دەربچن

سەبارەت بەکەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکانیش، کە ئێستا دەنگوباسی ئەوە هەیە کەمدەکرێتەوە بۆ هەژدە وەزارەت بەرێز جەلالەدین سەغیر گووتی:

تا ئێستا ئەوە هەر لە دەزگاکانی راگەیاندندا باسی لێوە دەکرێت، واتە ئاراستەیەکی عەمەلی بەدیناکەین بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە. بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کەمبکرێنەوە، لەبەر ئەوەی پێشتر وەزارەتەکان لەسەر بنەمای ئەوە دانرابوون کە لایەنێکی دیاریکراو دەبێت ژمارەیەکی دیاریکراو وەزارەتی بە دەستەوەبێت تاوەکو گەیشتە ئەو رادەیەی کە ٣٤ وەزیرمان هەبێت. ئێمە پێمان وایە کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان دەبێتە هۆی ئەوەی بڕیارەکان بە ئاسانتر دەربچن و فشاریش کەمدەکاتەوە.

●●●
**ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی ١٤٠ ەوە هەبێت ئەوا ئێمە هیچ ناکۆکییەکمان نییە لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستاندا. مەسەلەکانی دیکە ئێمە هەڵوێستێکی بنەڕەتیمان هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ حوکمی دەستوور**
●●●

●●●
**هەڵوێستی ئێمە لە ئیئتیلافی یەکگرتوو و بە تایبەتی کوتلەی شەهیدی میحراب ئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ پێکهێنانی چەند هەرێمێکدا نین بەڵکو ئێمە پشتگیری لە پێکهێنانی یەك هەرێمی فیدراڵی دەکەین کە پێی دەڵێین هەرێمی باشووری بەغدا**
●●●

پەرلەمانتار د. باسم شەریف کوتلەی حزبی فەزیلە لەپەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان

# هێزی پێشمەرگە دەبێت بەشێک بێت لە سوپای عێراق و ڕێژەی لە ١٧٪ مافی کوردستانە

**■ حزبی فەزیلە لەگەڵ ئەوەی ١٥ کورسی پەرلەمانیان هەیە و زیاتر لە شاری بەسرا(کە دووەمین و گەورەترین شاری عێراقە) نفوزیان هەیە بەڵام هەڵوێستی تایبەتی و سەربەخۆیی خۆیان هەیە و هەر لە سەرەتاشەوە لە حکوومەت بەشداریان نەکردووە و ئێستا جۆرە لێکتێگەیشتنێکیان لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستاندا هەیە.**
**سەبارەت بە هەڵوێستی حزبی فەزیلە بەرامبەر کێشەکانی عێراق و هەروەها بەرامبەر مافە دەستوورییەکانی کوردستان د. بەسام شەریف بەمجۆرە هەڵوێستی حزبی فەزیلەی لە دیدارێکی تایبەتدا بۆ گوڵان خستە ڕوو. ■**

## حکوومەتی ئێستا کەموکوڕی تێدایە و ئەدای لاوازەو ناشکرێت عێراق لە لایەن تائیفەیەکی دیاریکراوەوە حوکم بکرێت

بـــۆ بەدیهێنانـــی ئامانجی ئاشـــتبوونەوەی نیشـــتمانی و بە گەڕخســـتنەوەی حکوومەتی ناوەندی پرۆســـەی سیاســـی لە عێراقـــدا جموجوڵێك بە خۆوە دەبینێت . ئێوە لە حزبی فەزیلە کە لەدەرەوەی حکوومەتن چۆن لەم قۆناغە سەختەی ژیانی عێراق دەڕوانن؟ دەربارەی ئەم پرســـیارە د. باســـم شەریف بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن :

(ئێمـــەش پێمان وایە عێراق بە قۆناغێکی ســـەختدا تێدەپەڕێت، ئـــەم قۆناغەش پێویســـتی بە هەوڵوکۆششـــی هەمـــوو کوتلە سیاسییەکانی ناو پرۆسە سیاسییەکە هەیە، هەروەها پێویستی بە هەوڵوکۆشی کوتلەکانی دەرەوەی پەرلەمان و هەموو توێژەکانی خەڵکی عێـــراق هەیە بۆ ئەوەی عێراق لەم بارودۆخە ســـەختە ڕزگاربکرێـــت. پێویســـتە هەموو کوتلە و لایەنە سیاســـییەکان پرۆژەیەکی نەتەوەیی بگرنەبەر بۆ ئەوەی دەرفەتی بەشداریکردن فراوان بکەن، لەبـــەر ئەوەی ناکرێت عێراق لە لایەن نەتەوەیەکی دیاریکـــراو یاخـــود تائیفەیەکـــی دیاریکـــراوەوە حوکم بکرێت. تەوافوقی کوتلە سیاســـییەکانی عێراق و ڕێککەوتنیان لەســـەر پرۆژەیەکی نیشـــتمانی دەبێتە هـــۆی ڕزگارکردنی عێراق لەو قەیرانەی تێیـــدا دەژیت، لەبەر ئەوەی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە حزبیە بەرتەســـکەکان یاخود بەرژەوەندییە تائیفیەکان تەنیا دەبێتە هـــۆی ئاڵۆزکردن و زیادکردنی کێشـــەکان. ئێمـــە لە بەرنامە سیاسییەکەماندا چارەسەرمان خستۆتەڕوو، ئەویش بە هەڵگرتنی چەند هەنگاوێکی دیاریکراو، بـــۆ نموونە ئێمە داوامان کردووە کە کوتلە سیاســـییەکان کاربکەن بۆ ئەوەی دوبارە حکوومەتێکی یەکێتی نیشـــتمانی پێك بهێنین کە هەڵبستێت بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی، لەبەر ئەوەی حکوومەتی ئێســـتا کەموکوڕی تێدایە و ئەدای حکوومەتەکە لاوازە. هەروەها ئێمە پێشـــنیارمان کردوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا سیستمێکی هەڵبژاردنی نوێ دابنرێت کە ئازادیەکی زیاتر بدات بە عێراقییەکان بۆ ئەوەی نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن. پێمان وایە چارەســـەرەکە بـــە ڕێککەوتن و تەوافوقی لایەنە سیاســـییەکان دەبێت نەك بە سەپاندنی ویستی لایەنێك بە سەر لایەنێکی دیکەدا.

## ئێمە پێشنیاری فراوانکردنی ئەنجوومەنی سیاسی نیشتمانی دەکەین بۆ ئەوەی هەمو لایەنەکان بەشداری لە بڕیارە ستراتیجیەکاندا بکەن

پێکهێنانی حکومەتێکی سەرکەوتوو پێویستی بە ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و فراوان کردنی ڕێکەوتنە چوار قۆڵییەکەیە.هەروەها دەبێت نەرمی نواندنیش لەهەموو لایەکەوە هەبێت ئایا ئێوە ئامادەن ببنە بەشێك لەو ڕێککەوتنە فراوانە؟

لەوەڵامی ئەم پرسیارەشـــدا نوینەری حزبـــی فەزیلە بەجۆرە بە گوڵانی ڕاگەیاند:

(ئێمە پێمان وایە هیچ کێشـــەیەك لە نێوان پێکهاتەکانی خەڵکی عێراقدا نیە، واتە هیچ کێشەیەك لە نێوان کورد و عەرەب یاخود شیعە و ســـوننەکاندا نییە، ئەوەی هەیە کێشەیە لە نێوان لایەنە سیاســـییەکاندا واتە کێشەکە کێشـــەیەکی سیاسییە. ئێمە پێمان وایە فراوانکردنـــی هاوپەیمانێتیەکان و ڕەخســـاندنی دەرفەتی بەشداری کردن کارێکی گرنگە بۆ ئەوەی هەستی دوورخستنەوە و پەراوێزکردنـــی بڕەوێنینەوە کە لە لای هەندێ لایەن دروســـت بووە. ئێمـــە پێشـــنیاری فراوانکردنی ئەنجوومەنی سیاســـی نیشـــتمانی بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان بەشداری لە دەرکردنی بڕیارە ســـتراتیجیەکاندا بکەن. هەروەها ئێمە فیدراڵیزممان وەك ئالیەتێکی چارەســـەر داناوە بۆ نمونە گەر لە ناوچەی باشووردا کاری ڕاست و دروستی بۆ بکرێت ئەوا سەرکەوتوو دەبێت هەروەك ئەوەی لە کوردســـتاندا ســـەرکەوتنی بەدەست هێناوە، بۆ ئەوەی خەڵکـــی ئەو ناوچانە هەســـت بکەن کە مومارەســـەی ماف و دەسەڵاتەکانی خۆیان دەکەن و هەست بکەن کە پەراوێز نەکراون. ئێمە لە ســـەردانەکەماندا بۆ لای بەڕێز سەرۆك کۆمار داوامان کرد ئەو هاوپەیمانێتیانە فـــراوان بکرێت بۆ ئەوەی هەمو لایەك بەشـــداری لە بڕیارەکاندا بکەن و عێراق لەسەر بنەمای پرۆژەی نیشتمانی بنیات بنێنەوە.

## هێزی پێشمەرگە ئامادەن ببنە بەشێک لە سوپای عێراقی و ئامادەشن بەرگری لە عێراق بکەن

ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان لە ئەنـــدام پەرلەمانە کوردەکانی ناو پەرلەمانی ناو عێراقەوە گوێبیستی ئەوەبووین کە لێکتێگەیشتنێکی نـــوێ لە نێوان حزبی فەزیلە هاوپەیمانی کوردســـتانیدا هاتۆتە ئاراوە ئایا دەتوانن زانیاری زیاترمان بدەنێ لەو بارەیەوە؟دەربارەی لێکتیگەیشـــتنی نیوان حزبی فەزیلەو هاوپەیمانی کوردستانیش گوتی:

(ئێمـــە دەمانەوێـــت گفتوگۆ و دانوســـتاندنی زیاترمان هەبێت لەگەڵ هاوپەیەمانی کوردســـتانی و ئەوانیش هەمان ئامادەییان هەیە، دەکرێت بەو شـــێوەیە بگەینە چەنـــد خاڵێکی هاوبەش و هەنگاوێك بچینە پێشەوە.

شاندێکی ئێمە لەگەڵ بەڕێز سەرۆك کۆماردا کۆبوەوە، هەروەها ئێمە لەگەڵ ســـەرکردە سیاسییە کوردەکاندا پێکەوە گفتوگۆمان

کردوه بۆ ئـــەوەی بتوانین پێکەوە کاربکەیـــن و هاریکاری بین بـــۆ دەرکردنـــی بڕیارەکانـــی پەرلەمان بە شـــێوەیەك خزمەتی بەرژەوەندییەکانـــی عێراق بکەن نەك زیانـــی پێبگەیەنن. ئێمە بە پێی ئـــەو ئالیەتانەی لە بەرنامەی حزبماندا دامانڕشـــتووە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنە سیاســـییەکاندا، هیواداریــن لەو چوارچێوەیەدا گفتوگۆی قوڵتر لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستانیدا بکەین بۆ ئەوەی بگەینە چەند خاڵێکی هاوبەش بۆ خزمەتکردنی پرۆسەی سیاسی عێراق بە چەشنێك بتوانین عێراق لەو قەیرانە رزگار بکەین کە تێیکەوتوە.سەبارەت بە خواست و داواکارییەکانی کوردســـتانیش ئێمە لە زیاتر لە بۆنەیەکـــدا رامان گەیاندوە کە مەسەلەی کەرکوك کێشەیەکە پێویستی بە تێگەیشتن و تەوا فوقی سیاســـی هەیە، واتە پێویستی بە گفتوگۆ هەیە لە نێوان لایەنە سیاسییە جۆار جۆرەکاندا. واتە ناکرێت مەسەلەی کەرکوك تەنها لە چوارچێوە یاســـاییەکەدا یەکلابکرێتەوە، بەڵکو پێویســـتی بە کۆششـــێکی سیاســـی چڕ و پڕ هەیە بۆ چارەســـەرکردنی. ناکرێت بە بێ تێگەیشـــتن ئەو کێشەیە یەکلابکرێتەوە. من پێم وایە کورد خواستی ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی قوڵیان هەیە بۆ گەیشـــتن بە چارەسەرێك بۆ ئەو کێشـــەیە. دەبێـــت هەموو لایەك لـــە کەرکوکـــدا مافی خۆیان بۆ بگەڕێنرێتەوە، واتە ناکرێت لە سایەی سیستمێکی دیموکراتیدا مافی هیچ لایەك پێشێل بکرێت. ئەوەی پەیوەندی بـــە میزانیـــەی هێزەکانـــی پێشـــمەرگەوە هەبێـــت ئـــەوا دەکرێت ئەو کێشـــەیە بە هۆی رێککەوتـــن و تێگەیشـــتنەوە لەگـــەڵ حکوومەتی ناوەندیدا یەکلابکرێتـــەوە، لەبەر ئەوەی دەکرێت ســـود لـــە هێزەکانی پێشـــمەرگە وەربگیرێـــت وەك بەشـــێك لە سیســـتەمی بەرگری وڵاتەکە. من پێم وایە هێزی پێشـــمەرگە ئامادەن ببنە بەشـــێك لە سوپای عێراقی و ئامادەن بەرگری لە عێراق بکەن لە دژی هەر هەڕەشـــەیەکی سەر ئەم وڵاتە. من هیچ ئاســـتەنگێك نابینم لە بەردەم چارەســـەرکردنی ئەم کێشەیەدا لە چوارچیووەی تێگەیشتنێك لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیـــدا بە بێ ئەوەی ناچار بین پەنا ببەینە بەر چارەســـەرە ئاڵۆزەکان.

هەروەهامـــن پێموایە رێـــژەی ١٧٪ بەشـــەداهات بۆ هەرێمی کوردستان ئێستا ئەو دەکرێتە کێشە، ئەگەر هۆکاری کێشەکەش سیاســـییە ئەوا دەبێت بە رێککەوتن و تێگەشـــتنێکی سیاسی چارەســـەر و یەکلابکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو رێژەیە لە ســـاڵی ٢٠٠٤ەوە تەرخان دەکرێت و هیچ کێشـــەیەکی لەسەر نەبوە، واتە ماوەی چوار ساڵە. ئەو رێژەیەش دەدرێتە بەشێك لە عێراقییەکان و دەکرێت ئەوان بەشداربن لە بنیاتنانەوەی عێراقدا.

## ئێمە پێمان وایە پێکهێنانی هەرێمێکی فیدراڵی لە یەک پارێزگادا رەنگە ببێتە سەرەتایەک بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەو چەمکە

لە ماوەی رابردوودا ئێمە گوێبیستی بەڕێز عەممار حەکیم بووین کـــە لە دوو مانگی داهاتوودا هەرێمی فیدراڵی باشـــوور لە نۆ پارێزگای باشـــوور پێکدێت بە ناوی هەرێمی باشووری بەغدا. بەڵام ئاگاداریشـــین ئێوە وەك حزبـــی فەزیلە بۆچوونێکی ترتان هەیە،دەربارەی بۆچوونی حزبی فەزیلە لەسەر فیدرالیەتی باشور د.باسم گووتی:

(مـــن بە راشـــکاوی دەیڵێم ئێمە لە حزبی فەزیلە پشـــتگیری لە بنەمـــای فیدراڵی دەکەیـــن، لە ســـاڵی ٢٠٠٥دا لە کاتی نوســـینەوەی دەســـتووری عێراقیـــدا رامانگەیانـــد گـــەر بنەمـــای فیدراڵی لە دەستووردا نەچەسپێنرێت ئەوا ئێمە دەنگ بۆ ئەو دەســـتوورە نادەین. بەڵام ئێمە پێمان وایە کە کێشە و ناکۆکییەکی زۆر هەیە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشـــوردا لە نێـــوان لایەنە سیاســـییە جۆراجۆرەکاندا، بۆ نموونە لە بەسرە، لە ناسریە، لە دیوانیـــە، واتە ئێمە پێمان وایە هێشتا هەل و مەرجەکە کامڵ نییە بۆ پێکهێنانی هەرێمێکی بەهێز. تێڕوانینی ئێمە ئەوەیە کە ئەو مەســـەلەیە پێویستی بـــە تێگەیشـــتنی زیاتـــر و ئامادەسازی زیاتر و بنیاتنانی توانای سیاســـی زیاتر هەیە. ئیمە پێمان وایـــە پێکهێنانی هەرێمێکـــی فیدراڵی لە یەك پارێزگادا بۆ نموونە، بەسرە یاخود ناسریە رەنگە ببێتە سەرەتایەك بۆ بنیاتنانی توانا سیاسییەکان و تێگەیشتنی زیاتر لەو چەمکە، کـــە دەکرێت ببێتە بناغە و بنچینەیـــەك بۆ پێکهێنانی هەرێمی فیدراڵی گەورەتر، واتە ئەو پرۆســـەیە کاتی زیاتری دەوێت. بەو پێیە پێویستە ئێمە بنەما و زەمینەسازی بکەین بۆ جێگیرکردنی فیدراڵیـــەت بۆ ئـــەوەی خەڵکی عێراق دوچـــاری بێهیوایی و نائومێدی نەبن کاتێك هەوڵی چەســـپاندنی ئەو سیستمە دەدەن. فیدراڵیەت سیســـتەمێکی سیاسی باشـــە و پێویستە بە باشی بـــەکاری بهێنین بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتـــی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی ناوەڕاست و باشوری وڵاتەکە بکەین، ئەگەر نا پێکهێنانی هەرێمێکی گەورە دەبێتە کێشە نەك چارەسەر.



●●●
**ئێمە لە حزبی فەزیلە پشتگیری لە بنەمای فیدراڵی دەکەین، لە ساڵی ٢٠٠٥دا لە کاتی نوسینەوەی دەستووری عێراقیدا رامانگەیاند گەر بنەمای فیدراڵی لە دەستووردا نەچەسپێنرێت ئەوا ئێمە دەنگ بۆ ئەو دەستوورە نادەین. بەڵام پێمان وایە هێشتا هەل و مەرجەکە کامڵ نییە بۆ پێکهێنانی هەرێمێکی بەهێز**
●●●

●●●
**پێمان وایە پێکهێنانی هەرێمێکی فیدراڵی لە یەک پارێزگادا بۆ نموونە، بەسرە یاخود ناسریە رەنگە ببێتە سەرەتایەک بۆ بنیاتنانی توانا سیاسییەکان و تێگەیشتنی زیاتر لەو چەمکە، ئەگەر نا پێکهێنانی هەرێمێکی گەورە دەبێتە کێشە نەک چارەسەر**
●●●

پەرلەمانتار نەسار ئەلروبەیعی سەرۆکی کوتلەی سەدری لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# ئێمە لەگەڵ ١٧٪ی داهات نین بۆ کوردستان و لەگەڵ ئەوەدابین کۆنتراکتەکانی نەوتیش تەنیا دەسەڵاتی لە حکوومەتی فیدراڵی بێت

■ دوای ئەوەی تەواوی هەڵوێستی کوتلەی سەدری بە گوڵان ڕاگەیاند نەسار ئەلروبەیعی سەرۆکی کوتلەی سەدر بە پێکەنینەوە پێی گوتین» قسەکانم بەدڵی ئێوە نەبوون» ئێمەش پێمان گوت: پێش ئەوەی پەیوەندیت پێوە بکەین ئاگاداری هەڵوێستی کوتلەکەتانین، بەڵام ڕاپۆرتەکەمان پێویست بوو، دەنگی ئێوەش هەبێت، نەسار لروبەیعی حەزی دەکرد پێی بڵێین کوتلەکانی دیکە هەڵوێستیان وەك ئێوە نییە، بەڵام پێمان گوت، دەقی قسەکانت وەك خۆی بڵاو دەکەینەوە و گۆڤارەکەشت بۆ دەنێرین دوای خۆت بەراوردی بکە.
ئەمەش دەقی لێدوانەکانی بەڕێز نەسار ئەلروبەیعی سەرۆکی کوتلەی سەدرییە بۆ گوڵان.■

### ئێمە لەگەڵ پێکهێنانی حکوومەتێکی نیشتمانیداین بەڵام لە هەمان کاتدا بەشداریشی تێداناکەین

کوتلەی سەدری یەکێکە لەو کوتلانەی کە لەحکوومەت کشاوەتەوە و ئێستاش ئەوە دەزانین کە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا جموجوڵێك بەخۆوە دەبینێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و بەگەڕخستنەوەی حکوومەتی ناوەندی، هەربۆیە ئەم باردۆخە پێویست بە هەوڵ وبەشداری هەموو لایەنەکان هەیە ئایا ئێوە وەك کوتلەی سەدری چۆن پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا هەڵدەسەنگێنن و نیازتان هەیە بگەڕێنەوە ناو پرۆسەکە؟دەربارەی هەڵوێستی کوتلەی سەدری نەسار ئەلروبەیعی سەرۆکی کوتلەی سەدری لە پەرلەمانی عێراق بەم جۆرە هەڵوێستی خۆیانی بۆ گوڵان خستە ڕوو:

(ڕاستە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا جموجۆڵ بەخۆوە دەبینێت. ئەوەی پەیوەندی بە کوتلەی سەدرییەوە هەبێت ئێمە خوازیاری ئەوە نین تەکەتولاتی سیاسی پێك بهێنرێت، بەڵکو ئێمە لە گەڵ ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچونەکانین و لەگەڵ ئەوەداین تێڕوانینەکان یەکبخرێن. لەبەر ئەوەی ئەسڵی کێشەکە لە عێراقدا دەرئەنجامی پێکهێنانی ئەو تەکەتولاتە سیاسییانەیە لەگەڵ ئەو کاردانەوانەی لە ئاست ئەم تەکەتولاتانەدا دروست دەبێت. ئێمە لە گەڵ حکوومەتێکی نیشتمانیداین بەڵام لە هەمان کاتدا ئێمە بەشداری حکوومەت ناکەین. بۆچی ؟ لەبەرئەوەی ئێمە بەرنامەیەکی عەمەلیمان پێشکەش کرد بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی هاوچەرخی بەهێز، ئێمە پێمان وایە کێشەکە لە بنەڕەتدا بریتیە لەوەی حکومەت لە سەر بنەمای تائیفی و مەزهەبی و ئەتنی پێکهێنراوە، ئێمە هەڵساین بە پێشکەشکردنی دەست لە کارکێشانەوەی وەزیرەکانی سەر بە کوتلەی سەدری بۆ ئەوەی بوار بۆ حکوومەت بڕەخسێنین تاوەکو چەند وەزیرێکی تەکنوکرات دابنێت لە جێیان کە دوور بێت لە ڕەچاوکردنی ئەوەی سەر بە چ تائیفەیەکن.
لە گەڵ ئاشتبوونەوەی نیشتمانین

### بەڵام ئەزموونی ساڵانی پێشوو سەلماندی کە هەوڵ و کۆششەکان بێئاکام دەبێت

پێکهێنانی حکوومەتی نیشتمانی پێویستی بە ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و بەشداری لایەنەکان هەیە ئایا بە هێنانەدی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە عێراقدا گەشبینیت یاخود بە پێچەوانەوە ڕەشبینیت و بەشداری لەمیلیشیاندا ناکەن؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەی گوڵاندا سەرۆکی کوتلەی سەدری گوتی:

ئێمە وەکو چوارچێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و سەقامگیربوونی ڕەوشی سیاسییداین. بەڵام ئەزموونی ساڵانی پێشوو سەلماندی کە هەوڵ و کۆششەکان بۆ ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە ئاستی نوخبە سیاسییەکەدا بێ ئاکام دەبێت، بەڵکو پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی پێویستی بە خستنەگەڕی هەوڵەکانە لە سەر ئاستی جەماوەری. حکوومەتی مالیکی چەندین کۆنگرەی ئاشتبوونەوەی سازدا و دەستەی باڵای ئاشتبوونەوەشی پێکهێنا، بەڵام بۆچی حکوومەتە نیشتمانییەکەی مالیکی کۆتایی هات گەر ئەو کۆنگرانە سەرکەوتوو بوونە؟ ئەمەش تێڕوانینەکەی ئێمە پشت ڕاست دەکاتەوە کاتێك دەڵێین پێویستە ئەو پرۆسەیە فراوان بکرێت و لەسەر ئاستی جەماوەری بخرێتەگەڕ، ئەمە لە لایەك. لە لایەکی دیکەوە، کێشەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی ئەوەیە کە جیاوازی ناکات لە نێوان شەراکەتی سیاسی و هاوبەشیکردن لە دەرکردنی بڕیارە سیاسییەکاندا لە گەڵ مەسەلەی هاووڵاتیبووندا. لەبەر ئەوەی شەراکەتی سیاسی پەیوەندی بە چۆنییەتی هاوبەشیکردنەوە هەیە لە دەرکردنی بڕیارە سیاسییەکاندا لە کاتێکدا هاووڵاتیبوون پەیوەندی بەو ڕاستییەوە هەیە کە ئەو هاووڵاتییە سەر بە دەوڵەتێکی دیاریکراوە و دەوڵەتیش بە مانای دامەزراندنی دام و دەزگاگەلێکی جێگیر دێت، واتە کاتێك کۆنگرەکانی ئاشتبوونەوە ئەم دوو بوارە لێکجیا ناکەنەوە ئەوا ئەو پرۆسەیە ( پرۆسەی ئاشتبوونەوە) سست دەبێت و شکست دەهێنێت.

### گرتن و بەندکردنی کەس و کاری تاوانبار یاخود گومانلێکراو هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ سەردەمی سەدام حوسێندا

چەند ئاستەنگێك لەبەردەم ئاشتبوونەوەی سیاسییدا هەن، بۆ نموونە کێشەی گەڕاندنەوەی بەعسییەکان بۆ دامودەزگاکانی حکوومەت و کێشەی ئازادکردنی بەندکراوەکان، کە حکوومەتی مالیکی هیچ یەکێك لەم هەنگاوانەی هەڵنەگرتووە و تەنانەت ئێمە گوێمان لە عەلی دەباغ بوو کە ڕایگەیاند هێشتا یاسای داد و لێپرسینەوە نەگەیشتۆتە حکوومەت؟ دەربارەی ئەم مەسەلەیەش گوتی:

(ئەوەی پەیوەندی بە بەندکراوەکانەوە هەبێت، لە ڕاستییدا ستەم و ناڕەوایەتییەکی زۆر دەرهەق بە هاووڵاتیان دەکرێت بە تایبەتی لەلایەن حکوومەتی پارێزگاکانەوە، بۆ نموونە هەڵدەستن بە گرتن و بەندکردنی کەسو کاری تاوانبار یاخود گومانلێکراوەکە کە ئەمەش هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەوەی لە سەردەمی سەدام حوسێندا بەدیمان دەکرد، واتە لەو ڕووەوە پێشێلکارییەکی ترسناك هەیە، کە ئەمەش تەنانەت بەدیهێنانی ئاشتبوونەوەی سیاسی لە ناو یەك نەتەوەدا یاخود یەك مەزهەبیشدا دەکاتە کارێکی دژوار. حەزدەکەم ئاماژە بەوە بکەم کە چەند ڕێگرێکی دەستووری هەن لە بەردەم بنیاتنانی دەوڵەتێکی ڕاستەقینەی هاوچەرخدا، ئەویش کاتێك دەستوور بواری سەربەخۆییەکی فراوان بۆ پارێزگا و هەرێمەکان دەڕەخسێنێت.)

### ئێمە لە گەڵ ئەوەدانین کە بەشە داهاتی کوردستان لە١٧٪ بێت

هاوپەیمانی کوردستانی لە پەرلەمانی عێراقدا کوتلەیەکی گەورەیە و چەند کێشەیەکی لە گەڵ حکوومەتەکەی مالیکیدا هەیە، وەك کێشەی بودجە و بودجەی هێزەکانی پێشمەرگە و مەسەلەی گرێبەستە نەوتییەکان لە گەڵ کۆمپانیا دەرەکییەکاندا. تێڕوانینی ئێوە بۆ ئەم کێشانە چیە؟ نەسار روبەیعی بەجۆرە هەڵویستی کوتلەی سەدری بەرامبەر خواستەکانی کورد خستە ڕوو:

(کاتێك باس لە چوارچێوەی گشتی دەکەین بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی هاوچەرخ و کاتێك باس لە جیاکردنەوەی دەوڵەت لە حکوومەت دەکەین، ئەوا ئێمە لە گەڵ ئەوەدانین کە میزانیەی کوردستان لە١٧٪ بێت، کاتێك بودجە درایە دەستی ئێمە ئەوەی تێدا ڕوونکرابۆوە کە

ژمارەی دانیشتوانی عێراق بە بێ کوردەکان ٢٥،١٢٥،٠٠٠ کەسە، لە کاتێکدا دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ٣،٩٠٠،٠٠٠ کەسە ئەوا بە لێکدانەوەیەکی سادە ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەکاتە لە ١٣٪ نەك لە ٪ ١٧ ئەوەش لەو خشتانەدا روونکراوەتەوە کە دراوە بە ئێمە. کەواتە نامەنەوێت ڕێککەوتنە سیاسییەکان کاریگەریان لەسەر بنیاتنانی دەوڵەتی عێراقی هەبێت. ناکرێت کوردەکان باڵاتربن لە پێکهاتەکانی دیکەی عێراق، ئێوە هەمیشە داوای گەڕاندنەوە دەکەن بۆ دەستور بەڵام دەستور دەڵێت کە پێویستە داهاتی وڵاتەکە بە پێی ژمارەی دانیشتوان و بە پێی مەحرومییەت دابەش بکرێت. ئەوەی پەیوەندی بە گرێبەستە نەوتییەکانەوە هەبێت ئەوا ئێمە لە گەڵ ئەوەداین کە ئەوە گرێبەستانە تەنها لە لایەن حکوومەتی ئیتیحادیەوە بێت، من ئەمەت پێت دەڵێم لە کاتێکدا ناوچەکانی باشور لەسەر دەریاگەلێکی نەوتی دەژین بەڵکو لەسەر ئۆقیانوسێکی نەوت دەژین گەر گوزارشتەکە راست بێت، بەڵام دەمانەوێت ئەو نەوتەی لە پارێزگاکانماندایە ببێتە موڵکی هەموو عێراقییەك واتە کوردەکان و هەرێمی کوردستانیش بەشیان لە نەوتی بەسرە و ناسریەدا هەبێت هەروەك چۆن گەر نەوت لە ناوچەکانی ئێوەشدا دۆزرایەوە ئەوا موڵکی هەموو عێراقییەکان بێت.

**ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی کوردستان زیاترە با راستییەکەمان پێبڵێن**

بەڵام ئێمە لەگەڵ بەڕێز فریاد رەواندزی و د. ئیسماعیل شوکردا لە دیدارێکیاندا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان دەڵێن ئەو سەرژمێرییە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٦ و سەرژمێری ٢٠٠٧ نییە ؟

ئەگەر ئەو خشتانەی لەبەردەستی ئێمەدان هەڵەن ئەوا با راستی بکەنەوە و خشتەی نوێمان بدەنێ.

**هیچ لایەک رای نەگەیاندووە کە خوازیارە ببێتە بەشێک لەو ڕێککەوتنە چوار قۆڵیە**

رات چییە بەرامبەر ئەو ڕێککەوتنە چوار قۆڵییەی کە لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و حیزبی دەعوەدا کراوە، کە ئایستا داوا دەکرێت فراوان بکرێت و ببێتە ڕێککەوتنی پێنج قۆڵی و شەش قۆڵی؟


هیچ لایەك رای نەگەیاندووە کە خوازیارە ببێتە بەشێك لەو ڕێککەوتنە چوار قۆڵیە و هەمو لایەك چونە ناو ئەو ڕێککەوتنەی رەتکردۆتەوە. ئەوە پەیوەستە بە کوتلەی سەدریەوە ئەوا ئێمە پێمان وایە ئەم هاوپەیمانێتیە هاوپەیمانیەتییەکی دەسەڵاتخوازە و ئامانج لێی دابەشکردنی دەسەڵاتە نەك خزمەت کردنی رۆڵەکانی عێراق.

**بە لای ئێمە گرنگ نییە کەرکوک دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان**

**یان سەربەخۆ دەبێت یاخود سەر بە حکوومەتی بەغدا دەبێت**

ئایا کوتلەی سەدر هیچ لێکتێگەیشتنی لە گەڵ کوتلەی هاوپەیەمانی کوردستاندا هەیە؟ ئایا ئێوە ئامادەن لە سەر خاڵە هاوبەشەکان هاریکاریان لە گەڵدا بکەن؟ ئایا ئێوە هاوسۆزن لە گەڵ داواکارییەکانی کوتلەی کوردستانی بەتایبەتی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠؟ نەسار ئەلروبەیعی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان کوتلەی سەدرو هاوپەیمانی کوردستان گوتی:

(ئێمە لە سەر ئاستی شەخسی و سیاسی پەیوەندی زۆر باشمان لە گەڵ هەردو پارتە سەرەکییەکەی کوردستاندا هەیە، هەروەها ئێمە ئامادەی هاریکارین لە گەڵیاندا لەبەر ئەوەی ئێمە خاڵی هاوبەشمان هەیە لەگەڵیاندا، بۆ نموونە هەردولامان دووچاری زوڵم و ستەمی رژێمی پێشو بووینەوە. ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی ١٤٠ ەوە هەبێت ئێمە لە مانگی چواری ساڵی رابردوودا لە گەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانیدا کۆبوینەوە و هەڵوێست و تێڕوانینی خۆمان پێی راگەیاند، ئەوەمان روونکردەوە کە بەلای ئێمە گرنگ نییە کەرکووك دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، سەربەخۆ دەبێت یاخود سەر بە حکوومەتی بەغدا دەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر لایەن بەشداری هەڵبژاردنەکانیان نەکرد ئەوا ئێمە پێمان وابوو کە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك نوێنەرایەتییەکی راستەقینەی دانیشتوانی شارەکە ناکات و هەروەها لەبەر ئەوەی گرژییەکی سیاسی هەبو ئەوا پێمان باشتربوو جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دوابخرێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەوەی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێتەوە و ئەو گرژیە سیاسییە بڕەوێنرێتەوە، کە ئەو کاتە هیچ لاریمان نییە لەوەی راپرسی بکرێت و بڕگەکانی ئەو ماددەیە جێبەجکرێت.)



**حکوومەتی تەکنوکرات به مانای ئەوە نایەت کە پێکهاتەکانی عێراق پشتگوێ بخرێن**

عێراق بە بارودۆخێکی سەختدا تێپەڕدەبێت، ئێوەش ئامادەنین ببنە لایەنێك لە ڕێککەوتنە چوارقۆڵییە کە و داوای حکوومەتی تەکنوکرات دەکەن، کە پێکهێنانی حکوومەتی تەکنوکراتیش لەم هەل و مەرجەدا زەحمەتە، بەڵکو عێراق پێویستی بە حکوومەتێکی نیشتمانی هەیە. ئایا بە تێڕوانینی ئێوە رێگاچارەی دەرچون لەم بارودۆخە سەختە چییە؟

(کاتێك دەڵێن حکوومەتی تەکنوکرات بە مانای ئەوە نایەت کە پێکهاتەکانی عێراق پشتگوێ بخرێن، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە کەسانی تایبەتمەند و پسپۆر لە وەزارەتەکاندا دابنرێن. ئایا لە ناو کوردەکاندا یاخود عەرەبەکان یا مەسیحیەکاندا کەسانی تایبەتمەند لە هەموو بوارەکاندا نییە وەك کشتوکاڵ و زانست و کارەبا وهتد. ئامانج شتێکە و واقیع شتێکە و گەشبینیش شتێکی دیکەیە، بەڵام پێویستە ئێمە بەو ئاڕاستەیەدا هەنگاو بنێین، لەبەر ئەوەی هەنگاوەکانی پێشوو سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا.

●●●
**پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی پێویستی بە خستنەگەڕی هەوڵەکانە لە سەر ئاستی جەماوەری**
●●●

●●●
**کێشەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی ئەوەیە کە جیاوازی ناکات لە نێوان شەراکەتی سیاسی و هاوبەشیکردن لە دەرکردنی بڕیارە سیاسییەکاندا لە گەڵ مەسەلەی هاووڵاتیبووندا**
●●●

●●●
**دەمانەوێت ئەو نەوتەی لە پارێزگاکانماندایە ببێتە موڵکی هەموو عێراقییەک واتە کوردەکان و هەرێمی کوردستانیش بەشیان لە نەوتی بەسرە و ناسریەدا هەبێت هەروەک چۆن گەر نەوت لە ناوچەکانی ئێوەشدا دۆزرایەوە ئەوا موڵکی هەموو عێراقییەکان بێت**
●●●

# ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا
# خەریکە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە زیندوو دەکاتەوە



هەموو چاودێرانی سیاسی و پسپۆڕان و تۆژەرانی سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە و سینتاکسەکانی ئەمەریکا، ڕەخنەی ئەوە لە ئیدارەی سەرۆك بوش دەگرن کە نابێت پابەندبوون و پشتگیری بۆ مانەوەی حکوومەتی مالکی ڕەهابێت، ئەم جەختکردنەوەیە لە پێناوی ئەوەیە کە چیدیکە حکوومەتی مالکی مانۆری سیاسی لە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق نمایش نەکات و بۆخۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق، هەر ڕۆژەی بە جۆرێك نەگۆڕە نیشتمانییەکان بۆ بونیادنانەوەی عێراق پۆلێن نەکات.

لەمبارەوە وەك پرۆفیسۆر ماکس بون کە لە ڕۆژی ٢٠٠٨/١/٢٨ لە وتارەکەیدا کە لە ڕۆژنامەی لوس ئەنجلوس تایمز و دواتریش لە سایتی ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە CFR بڵاوی کردۆتەوە، ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات کە سیاسەتی پشتگیری ڕەها لەسەر مانەوەی حکوومەتی مالکی تا سەرنابێت و، ئەگەرێکی نزیکە حکوومەتی ئەمەریکا بگاتە قەناعەت و ئەم پشتگیرییە ڕەهایە بۆ حکوومەتی مالکی بکاتە پشتگیرییەکی مەرجدار بیبەخشێتەوە بە ئاستی بەرەو پێشەوە چوونی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، بەڵام لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا پشتگیری ئەمەریکا بۆ د. مالکی پشتگیرییەکی ڕەهایە، دەبینین مانۆری سیاسی بەردەوامە و هەتا کار نەگاتە ئەوەی حکوومەتی عێراق نەکەوێتە مەترسیەوە، د. مالکی بە ئاگانایەتەوە.

لەم ڕاپۆرتەی گوڵانیشدا، پرۆفیسۆر جامیس دی فیەرۆن کەساڵی ٢٠٠٧ لە دیراسەتێکی گۆڤاری فۆرن ئەفێرز و لە دیمانەیەکیشدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان جەختی لەسەر ئەوەی دەکردەوە، بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا سەرکەوتووبێت پێویستە ئیدارەی سەرۆك بۆش حکوومەتی د. مالکی بخاتە ژێر گوشار و لەوە دڵنیای بکاتەوە کە پشتگیری کۆشکی سپی بۆ حکوومەتکەی ڕەها نییە، ئەمساڵیش لەمیانەی ئەو دیمانەیەی لەم ڕاپۆرتەدا بڵاودەبێتەوە جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هۆکاری سەرنەکەوتنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بێ باکی د. مالکی یەو پشت ئەستوورە بەو پشتگیرییە ڕەهایەی کە لەلایەن سەرۆك بوش و کۆشکی سپییەوە لێی دەکرێت.

### تەقینەوەکەی بازاڕی غەزەل دەرەنجامی پێشنەکەوتنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا

ئەوەی ئەمڕۆ لە عێراقدا ئەمەریکا و حکوومەتی د. مالکی شانازی پێوە دەکەن ئەو بەرەو پێشەوەچوونە ڕێژەییەیە کە لە بواری ئاسایشی هاتۆتە ئاراوە، ئەم بەرەو پێشەوەچوونەش کە بە هەڵگەڕانەوەی چەکدارانی بەناو موقاوەمەی عێراقی سەر بەعەرەبی سوننە لە ڕێکخراوی ئەلقاعدەوە دەستی پێکرد ، خەریکە جارێکی تر دووبارە کارە خۆ کوژییەکان سەرهەڵبداتەوە، بێگومان سەرهەڵدانەوەی ئەم کار تیرۆریستییە خۆ کوژانە و بەکارهێنانی

مرۆڤــی کەمئەندام وەك بۆمبی خۆکوژ بۆ تێکدانی بارودۆخەکە، پەیامێکی دیکەی ڕێکخراوی قاعیدەیە بۆ ئەوەی ســەر لە نوێ پرۆســەی سیاسی عێراق دووچاری شــەلەل بکاتەوە، پرۆفیسۆر محەمــەد حافز کە دانەری کتێبی (بۆمبــە خۆکوژەکانی عێراق: ســتراتیژییەت و ئایدیۆلۆژیەتی شــەهادەتە) لــەم ڕاپۆرتەدا بە گوڵانــی ڕاگەیاندووە کــە قەلاچۆکردنی یاخــود ڕاوەدوونانی ڕێکخراوی تیرۆریســتی ئەلقاعیدە پێویســتی بــە یەکریزی و یەکگرتوویی پێکهاتەکانی عێراق لەگەڵ حکوومەتی عێراق هەیە، بنبرکردنی پەتای تیرۆر و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە کارێکی ئاســان نییە و پێویســتی بە هەنگاو بەهەنگاوە و پێویســتە حکوومەتی عێراقیش لە ئاستی هەڵسورانی ئەو ستراتیژەدا بێت.

## پێویستە حکوومەتی مالکی لە ئاستی داخوازی پێکهاتەکانی عێراق بێت

کە کوندالیزا ڕایس ســەردانی عێراقی کرد و لەگەڵ ســەرکردە عێراقییەکان کۆبووەو لە ناویشــیاندا لەگەڵ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردســتان کۆبووە، بەڕێز بارزانی ڕاشکاوانە بە ڕایسی ڕاگەیاندبوو کە ئاییندەی عێراق وەك عێراقێکی دیموکراتی و فرەیی و پەرلەمانی بەندە بەجێبەجێکردنی ئەو دەستوورەی کە عێراقییەکان پەسندیان کردووەو خواستەکانی کوردیش لەو چوارچێوە دەستوورییە تێناپەڕێــت، هەروەهــا لــەو کەمتەرخەمی و خــۆ دزینەوانەی حکوومەتی عێراقیش ئاگادارکراوە کە ئێستا لەلایەن حکوومەتی مالکییەوە بەرامبەر داخوازییەکانی ئەنجامدەدرێت.

بەپێی لێدوانی کەسانی نزیك لەو کۆبوونەوانە بۆ گوڵان، خاتوو ڕایس جارێکی دیکە داوای سەبرو ئارامی نواندنی لە کورد کردووەو داوای لە بەڕێز مسعود بارزانی کردووە مۆڵەتێکی دیکە بدرێت بە د. مالکی بۆ ئەوەی بە ڕێگەی وتوویژ و ڕێککەوتنی سیاسی ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت.

لایەنێکــی دیکەی گرنگی ســەردانەکەی ڕایس پیشــاندانی خۆشــحاڵی حکوومەتی ئەمەریکا بووە بەرامبەر یاسای «المسألە والعدالە» کە لە بری یاســای لە ڕیشــە هەڵکێشانی بەعس کە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەندکرابوو، بەڵام وێڕای دەرچوونی ئەم بڕیارە لە پەرلەمان، تائێستا لەلایەن حکوومەتی مالکییەوە هیچ هەنگاوێك سەبارەت بە ئازادکردنی گیراوەکان وەك دەستپێشخەرییەك بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە هەڵنەگیراوە.

## یاسای نەوت و هەڵوێستی وەزارەتی نەوت بەرامبەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان

ئەمەریکا کە ئێستا بمانەوێت یان نەمانەوێت بەشێکی سەرەکییە لە پرۆســەی سیاســی عێراقدا هەمموو هەوڵی بۆ ئەوەیە کە ئەم پرۆســەیە جۆرە ســەرکەوتنێك بەدەســت بێنێت باش دەزانێت کە هەنگاوی یەکەم بۆ سەقامگیربوونەوەی عێراق و زەمینە ڕەخساندنە بۆ بونیادنانەوەی عێراق پەســەندکردنی یاسای نەوتی عێراقە کە ماوەی ســاڵێکی تەواوە لەلایەن حکوومەتی مالکییەوە بەبیانووی جۆراوجۆر دوادەخرێت.

ســاڵی پار لە مانگی شوباتدا شــاندێکی باڵای حکوومەتی کوردســتان بە ســەرۆکایەتی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەردانی بەغدای کردو لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا گەیشــتنە ڕێککەوتنێك لەســەر یاســای نەوتی فیدراڵ، بەڵام هەر بە هاتنەوەی شاندی باڵای کوردســتان، تەواوی ئەو یاســایەی لەسەری ڕێککەوتبوون دەسکاری کراو ناوەڕۆکەکەی شێوێنرا، شێواندنی ناوەڕۆکی یاسای نەوت چەند هۆکارێکی لە پشتەوەبوو:

١- ئەگــەر یاســای نەوت بەو شــێوەیە پەســەند بکرێت کە حکوومەتی هەرێمی کوردســتان لەگــەڵ حکوومەتی فیدراڵی لەســەری ڕێککەوتوون، ئیــدی هیچ بوارێك بــۆ قاچاخچێتی نەوت نامێنێ و دەبێت مەســەلەی نەوت بەشــێوەیەکی شەفافانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەمەش لە بەرژەوەندی زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی شیعە دانییە.

٢- ئەگەر یاسای نەوت پەسەند بکرێت، ئەوا بواری وەبەرهێنان بۆ ســەرجەم کێڵگــە نەوتییەکانی عێــراق واڵا دەبێت و گەلانی عێــراق دەزانن داهاتەکەیان چەندە، نەك وەك ئێســتا کە پەرلەمان داوای تەسفییەی حیساباتی ساڵانی ٢٠٠٤و٢٠٠٥و٢٠٠٦و٢٠٠٧ داهاتی فرۆشــتنی نەوت، ڕێــژەی زیادبوونی ئەو داهاتە دەکات بەڵام وەزارەتی دارایی عێراق وەڵامێکی پێ نییە.

٣- پەسەندکردنی یاسای نەوت داهاتی ساڵانەی عێراق دەخاتە قۆناغێکی دیکە، ئەم داهاتە زۆرەش ڕێژەیەکی بەرچاو لە بێکاری کەمدەکاتەوەو هەروەها پرۆســەی بونیادنانەوەی عێراقیش خێراتر دەکات، بێگومان ئەم هۆکارانە دەبنە هۆکاری ســەقامگیربوونی ئاسایش لە عێراقداو کەمبوونەوەی دیاردەی توندوتیژی، ئەمەش بەپێی تێڕوانینی ئێســتای هەندێك لایەنی سیاســی مەزهەبی عێراق، ڕەوشــێك دێنێتەپێش کە زیان لە بەرژەوەندییە حزبییەکانیان دەدات.

## ئاگادارکردنەوەی مالکی لە بەرژەوەندی پرۆسەی سیاسی عێراقدایە

خەریکــە ئەو بۆچوونانەی کە پێیانوابوو، مانەوەی حکوومەتی عێراق ببەسترێتەوە بە ئاستی ســەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقــدا، دەبێتە ئەمری واقیع و ئەگەر ئــەم ئەمرە واقیعە پیادە نەکرێت و گوشــار نەخرێتەســەر حکوومەت ئــەوا زۆر زەحمەتە پرۆسەی سیاســی عێراق هەنگاوی بەرچاو هەڵبگرێت، بەڵگەی سەلمێنەری ئەم بۆچوونەش، ئەو گوشارانەیە کە لە هەندێك کاتی دیاریکراودا هاوپەیمانی کوردســتان بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی بــەکاری هێناوە، بۆ ئەوەی حکوومەتی عێراق ناچار بێت تەواوی مافەکانی پێشــێل نەکات و ئاکامی باشیشی لێکەوتۆتەوە، بەڵام ئێســتا وێڕای ئەوەی خواســتە دەســتوورییەکانی کورد لەبەردەم مانۆڕی سیاســی حکوومەتی عێراقدا ماوەتەوەو وەزیری نەوتی عێراق بەبێ گەڕانەوە بۆ دەســەڵاتە دەســتوورییەکان و دادگای باڵای دەســتووری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بڕیاری سەربەخۆ و لابەلا دەدات، بەڵام لە هەمانکاتدا گەلێك کێشــەی دیکەش کە تایبەتە بە سەرانســەری عێراق بێ چارەسەر ماوەتەوە.


بۆ زیاتر هەڵســەنگاندنی ئەم ڕەوشــەو هەڵوێستی ئەمەریکا لەســەر کۆی گشتی بارودۆخەکە، گوڵان ئەم باسەی لەگەڵ ئەم بەڕێزانە تاوتوێکردووە:

١- پرۆفیسۆر جامیس دی ڤیەرۆن   لە زانکۆی ستانفۆرد
٢- پرۆفیسۆر محەمەد حافز   لە زانکۆی میسوری
٣- پرۆفیسۆر جەودەت بەهجەت   لە زانکۆی ئیندیانا

ئەم بۆچوونانە لەگەڵ ئەوەی لە زۆر بواردا لە یەکتری جیاوان، بــەڵام هەموو لە یەك خاڵــدا یەکدەگرنەوە، کــە تەنها ڕێگە بۆ چارەسەری کێشەی سیاسی عێراق سەرکەوتنی پرۆسە سیاسییەکەو ئەمەریکاش بەرگەی شکستی ئەم پرۆسەیە ناگرێت.

### پرۆفیسۆر جامس فیەرۆن لە زانکۆی ستانفۆرد بۆ گوڵان:

# عێراق تا ئێستاش گرفتی ژمارە (یەکی) سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکایە



**پرۆفیسـۆر جامس دی فیەرۆن ئوسـتادی زانستی سیاسـەتە لە زانکۆی بە ناوبانگی سـتانفۆرد و یەکێکە لەو پرۆ فیسۆرە بە ناوبانگانەی کە بەنووسـینەکانی ڕێنمایی لەسەر کێشـە گەرمەکان دەخاتـە بـەردەم بڕیارسازانی ئەمەریکا.**

**ساڵی پار لەژمارەی مانگی مارت و نیسانی گۆڤاری فۆرین ئەفێرزدا دیراسـەتێکی سـەبارەت بەشەڕی ناوەخـۆی عێراق بە ناونیشـانی Iraqs civil war بڵاوکردەوە کـە هەر ئەو کات گوڵان لەسـەر ئەو دیراسـەیە وتووێژێکی درێژی لەگەڵدا کرد، هەربۆیە ئەمساڵیش جارێکـی دیکـە پەیوەنـدی بە پرۆفیسـۆر فیەرۆنـەوە کـردو بەمجـۆرە بۆچوونی ئەمسـاڵی لەسەر کێشەکانی عێراق بۆ گوڵان خستە ڕوو.**

**ئەمریکا ناتوانێت درێژە بەو سیاسییەتەی ئێستا لە عێراقدا بدات لەبەر ئەوەی لە ڕووی داراییەوە قورساییەکەی زۆری دروستکردووە**

*** سـەرکەوتن لە عێراقدا بۆتـە گەورەترین بەرژەوەنـدی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەراسـتدا، بە پێچەوانـەوە شکسـتهێنانی ئەمەریکا دەبێتە هۆی زیادبوونی هەڵکشـانی ڕەوتە ئیسـلامییە توونـدڕەوەکان و ڕێکخراوە تیرۆریسـتیەکان، ڕێگا چارەکانی بەردەم ئەمەریکا چین بۆ ئەوەی ڕێگا لەو شکستە بگرێت؟**

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بارودۆخیکی سەختدایە، لەبەر ئەوەی ستراتیجیەتێکی دەرچوو

لـە ئارادا نییە بەبێ ئەوەی ئەو بەجێهێشـتنە ببێتە هـۆی لێکترازان و هەڵکشـانی ڕەوتی توندوتیژی لە عێراقدا. لە لایەکی دیکەوە من پێم وانیە بتوانین درێژە بەو سیاسـییەتە بدەین کە ئێستا گرتومانەتەبەر لەبەر ئەوەی لە ڕووی داراییەوە قورسـاییەکەی زۆری دروستکردووە و حاڵی حازر ئەگەری ئەوە دەکرێت ئابووری وڵاتە یەکگرتووەکان ڕووبەڕووی پوکانەوە ببێت کە ڕەنگە ئەمەش لە دەرئەنجامدا فشارێکی جەماوەری دروست بکات بۆ کەمکردنەوەی ئەو بودجەیەی بۆ شەڕی عێراق تەرخان کراوە کە بوودجەیەکی یەکجار گەورە بووە، هەروەها کوژرانی ڕۆژانەی سـەربازە ئەمەریکیەکان ڕەوتی ئەو فشارە زیاتر دەکات. راسـتە ستراتیجیەتی زیادکردنی هێزەکان کاریگەری هەبووە لە باشترکردنی بارودۆخی ئەمنیەکە، بەڵام دیارنیە چ کاتێك حکوومەتی عێراق دەتوانێت پشت بە خۆی ببەسـتێت و بەرپرسیارێتی ئاسایش بگرێتە ئەستۆ. لەبەر ئەوە ئێمە لە بارودۆخیکی سەختداین.

**عێراق هەتا ئێستاش گرفتی ژمارە (یەکی) سیاسییەتی دەرەوەی وڵاتـە یەکگرتوەکانی ئەمەریکایە**

***زۆربـەی چاودێـران پێیان وایە عێـراق گرفتی ژمـارە (یەکە) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، ئێوەش لە ساڵی پاردا لە گۆڤاری (فۆرێن ئەفێرز) دا لەو بارەیەوە نوسـیووتانە، ئایا پێتان وایە هێشـتا عێراق گرفتی ژمارە (یەکە) لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا؟**

- من پێم وایە لە ڕوانگەی ئەمەریکاوە هێشـتا گرفتی ژمارە (یەکە)، واتە هێشتا گرنگترین گرفتی سیاسـیەتی دەرەوەی وڵاتـە یەکگرتوەکانی ئەمەریکایـە، لەبەر ئەوەی هەموو بایەخەکان بە کێشـەی عێراق دراون و کێشەکانی دیکە بایەخی پێویستیان پێنەدراوە لە جیهاندا کە پێویست دەکات ئەمەریـکا ئاوڕیان لێبداتەوە. من پێـم وایە عێراق بەردەوامی دەبێت لەوەی ببێتە سەرەکیترین کێشە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا.

**لە ساڵی پار لە ( فۆرێن ئەفیرزدا) باسم لەوە کرد کێشەی ئیدارەکەی سەرۆک بۆش ئەوەیە**

**پابەندبوونی خۆی بە پاراستنی حکوومەتەکەی مالیکیەوە ڕاگەیاندووە**

***لە کاتێکدا سیاسـەتی ئەمەریکا ڕووبەڕووی گـۆڕان دەبێتەوە، ئەوا چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانی عێراقیش وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی سوننە و کوردەکان دەخوازێت، ئایا تاچەند ئەمەریکا ئامادەیە فشاربخاتە سەر حکوومەتی عێراقی بۆ جێبەجێکردنی داخوازیەکانی کورد و سوننەکان؟**

من لە سـاڵی پاردا لە ( فۆرێن ئەفیرزدا) باسـم لـەوە کرد کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دوچاری کێشـە بۆتەوە لەوەی فشـار و دەست

**پێم وانیە بتوانین درێژە بەو سیاسییەتە بدەین کە ئێستا گرتومانەتەبەر لەبەر ئەوەی لە ڕووی داراییەوە قورساییەکەی زۆری دروستکردووە و حاڵی حازر ئەگەری ئەوە دەکرێت ئابووری وڵاتە یەکگرتووەکان ڕووبەڕووی پوکانەوە ببێت کە ڕەنگە ئەمەش لە دەرئەنجامدا فشارێکی جەماوەری دروست بکات بۆ کەمکردنەوەی ئەو بودجەیەی بۆ شەڕی عێراق تەرخان کراوە**

ڕۆیشتوی هەبێت بەسەر حکوومەتی عێراقییەوە هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئیدارەکەی سەرۆك بۆش پابەندبوونی خۆی ڕاگەیاند بە پشتگیریکردن و پاراستنی حکوومەتەکەی مالیکیەوە، هەروەها بە کوردەکان و تەنانەت سوننەکانیشەوە کە ئێستا لە پشتیوانیکردنی ئەنجوومەنەکانی سەحوەدا خۆی دەبینێت لەگەڵ هەوڵەکانی گەڕاندنەوەی بەعسییەکانی بۆ ناو ژیانی سیاسی کە نازانم تا چ ڕادەیەك ئەوە بەرەوپێشچوونە بەرەو گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی. من هێشتا ڕەشبینم لەبەرئەوەی گەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چارەسەرێکی سیاسی بدۆزێتەوە یاخود گەر لایەنە سیاسییەکان بتوانن بگەنە ڕێککەوتن و چارەسەرێکی سیاسی ئەوا لە کاتی کشانەوەی وڵاتە یەکگرتوەکاندا لایەنە سیاسیەکانی ناو عێراق متمانەیان بە یەك نامێنێت، بەو پێیە گەر بەرەو پێشچون لە بواری گەیشتن بە ڕێککەوتنی سیاسیشدا هەبێت ئەوا هێشتا دەبێت هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتە بمێننەوە کە من لەو ڕووەوە زۆر نیگەرانم.

**من ئاماژەییەکی وا بەدیدەکەم کە شیعە و سوننەکان ڕەنگە هاوهەڵوێست بن لە ئاست بەرهەڵستیکردنی داخوازییەکانی کورددا**

***چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق پێویستی بە ڕێککەوتنی سیاسی هەیە لە نێوان لایەنە سیاسییە ناکۆکەکاندا، بەڵام تا ئێستا زەمینەیەکی لەبار بۆ ئەو ڕێککەوتنە ساز نەکراوە، چۆن دەکرێت زەمینەسازی بکەین بۆ ئەو ڕێککەوتنە؟**

- من ئاماژەکانی ئەوە بەدیدەکەم کە شیعە و سوننەکان ڕەنگە هاوهەڵوێست بن لە ئاست بەرهەڵستیکردنی داخوازییەکانی کوردەکاندا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت سێ گرویە سەرەکییەکەی عێراق بگەنە ڕێککەوتنێك و پێکەوە کاربکەن، هەرچەندە کێشەکە ئاڵۆزە لەبەرئەوەی دڵنیا نین ئایا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتەدا چەند ئەو ڕێککەوتنانە درێژەیان دەبێت.

ئێوە لە ساڵی پاردا بارودۆخی عێراقتان بە شەری ناوخۆی وەسف کرد، ئایا ئێستاش هەمان تێروانین و وەسفتان هەیە بۆ بارودۆخێکی عێراق؟

لەو لێکۆڵینەوەیەی من لە زانستی سیاسییدا ئەنجامداوە چەند پێوەرێکی هەیە بۆ وەسفکردنی بارودۆخێکی دیاریکراو بە شەری ناوخۆیی، کە بە پەیرەوکردنی ئەو پێوەرانە بە سەر بارودۆخی عێراقدا ئەوا ئەو کاتە عێراق لە شەری ناوخۆییدا بوو. من ئێستاش هەمان تێروانینم هەیە لەبەرئەوەی گەر ئەو هێرش و قوربانی و کوژراوانە لەبەر چاوبگرین کە لە عێراقدا ڕوودەدات ئەوا بەڵێ من هێشتا ئەو وەسفەم هەیە بۆ بارودۆخی عێراق، هەرچەندە سیاسییەکانی ئەمەریکا سڵبکەنەوە لە بەکارهێنانی ئەو وەسفە بەڵام ئێمە وەك ڕۆژنامەنووسان هیچ کێشەیەکمان نیە لە بەکارهێنانی ئەو وەسفە. بۆ من جێی سەرسورمانە گەر لەم ساڵەدا بارودۆخەکە ڕەوتێکی تەواو ئاشتیانە بگرێتەبەر، واتە من پێشبینی بەردەوام بوونی هێرش و پەلامار و تەقینەوەکان دەکەم لەم ساڵەدا.

**زۆربەی شیعەکانی ناو حکوومەتی عێراق**
**نیگەرانن لە چەکدارە سوننەکانی ئەنجوومەنەکانی سەحوە**

*** فەرماندەکانی سوپای ئەمەریکا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ژمارەی سەربازانی سوپای عێراقی دەبێتە ٥٨٠،٠٠٠ سەرباز، هەروەها ژمارەیەکی بەرچاوی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دەمێننەوە، لە لایەکی دیکەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵساوە بە چەکدار کردنی هۆزە سوننیەکان. بۆچی عێراق توانای پاراستنی سەقامگیری نیە لە گەڵ بوونی ئەو ژمارە زۆرەی سەرباز و هێزە چەکدارەدا؟**

- من پێم وایە کێشەی زیادکردنی هێزە سەربازیەکان کە لە ساڵی پاردا پیادە کرا، ئەوەیە ئایا کەمکردنەوەی بەتالیۆنەکان کە سەرۆك بۆش لە چەند بۆنەیەکدا ڕایگەیاندوە بەو کەمکردنەوەیە هەڵدەستێت نابێتە هۆی گەڕاندنەوەی ڕەوتی توندوتیژی. من پێم وایە لە مەودای دوردا پێویستی ژمارەی هێزە سەربازیەکانی عێراق زیاد بکرێت بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی ئاسایشی وڵاتەکە بگرێتە ئەستۆ. لە لایەکی دیکەوە زۆرێك لە شیعەکانی ناو حکوومەتی عێراقی نیگەرانن و مەترسیان هەیە لەو چەکدارە سوننانە و لە ئەنجوومەنەکانی سەحوە.

**هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە سیاسەتی ئەمەریکادا**
**لە ئاستی کوردەکاندا بەدیناکەم**

***کوردەکان خۆیان بە هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەزانن، بەڵام دوای ئەوەی ئەمەریکا تیشکی سەوزی بۆ تورکیا هەڵکرد بۆ ئەوەی سنوری هەرێمی کوردستان ببەزێنێت، کوردەکان وا هەست دەکەن کە سیاسەتی ئەمەریکا گۆڕاوە لە ئاستیاندا. تا چەند لە گەڵ ئەو لێکدانەوەدایت؟**

- من لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان و پەیوەندی نێوان ئەو دوولایەنە و وڵاتە یەکگرتووەکانم نەکردوە. بەڵام بە پێی ئەو ڕاپۆرت و هەواڵانەی لە ئەمەریکا خوێندومەتەوە من هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی بەدیناکەم لە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا لە ئاستی کوردەکاندا. ڕەنگە گۆڕانێك هەبێت و بە باشی نەخرابێتەڕوو، بەڵام من ئاگاداری نیم.

**ئەگەر من لە جێی ئێوە بوومایە**
**بیرم لە چۆنیەتی ناردنە دەرەوە نەوت دەکردەوە نەک سەربەخۆیی**

***کورد سێ کێشەی لەگەڵ حکوومەتی عێراق هەیە و بریتین لە کێشەی سنووری هەرێم و ئابووری هەرێم و پاسەوانی هەرێم، گەر پەرلەمانی عێراق هەڵوێستێکی ئیجابی نەبوو لە ئاست ئەم کێشانەدا ئایا کوردەکان ناچار نابن پێداچوونەوە بە سیاسەت و هەڵوێستی خۆیاندا بکەنەوە؟**

_من پێم وایە هاوپەیمانێتیەکی باش هەیە لە نێوان سەرکردە شیعەکان و سەرکردە کوردەکاندا، هەروەها کوردەکان لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووردا ڕۆڵێکی باشیان بینی. من دەزانم هەستێکی بەهێز هەیە لە ناو کوردەکاندا بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، کە من پێم وایە دەبێت ئەوە لەبەر چاوبگیرێت. گەر من لە جێی ئێوە بومایە ئەوا بیرم لە چۆنییەتی ناردنە دەرەوە نەوت دەکردەوە لەبەرئەوەی ئێوە بەندەری دەریاییتان نییە.

**سەرکردایەتی کورد لێهاتووە و ڕۆڵێکی باشی بینیووە**
**لە لێکنزیکردنەوەی شیعە و سوننەکاندا.**

***چ شێوازێك لە بەرژەوەندی کوردەکانە بۆ ئەوەی بیگرنەبەر لە عێراقدا؟**

من پێم وایە سەرکردایەتی کورد لێهاتووە و ڕۆڵێکی باشی بینیوە لە لیکنزیکردنەوەی شیعە و سوننەکاندا. من پێم وایە گەر کوردەکان بتوانن بەو ڕۆڵە هەڵبستن و بتوانن ڕێککەوتنێك لە نێوان شیعە و سوننەکاندا بهێننەدی ئەوا ئەو خزمەتی بەرژەوەندیەکانیان دەکات لە مەودای دووردا. لەبەرئەوەی گەر ئەو بارودۆخە سەختەی لە باشووردا هەیە ببێتە هۆی لێکترازاندنی وڵاتەکە، ڕەنگە دەرەئەنجامی خراپی لەسەر ئابووری هەرێمی کوردستان هەبێت.

**سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست ئێراندا نەگۆڕاوە**

***سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕووبەڕووی چەند گۆڕانکارییەك دەبێتەوە و ئێستا هەوڵ و کۆششەکان بە ئاراستەی کردنەوەی بەرەیەکدان دژە بە ئێران، پێت وایە مەترسی ئێران گەیشتۆتە ئەو ئاستەی هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بگۆڕێت؟**

- من پێم وایە سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست ئێراندا نەگۆڕاوە، گەر گۆڕانێکیش هەبێت ئەوا هۆکارەکەی بڵاوبونەوەی هەڵسەنگاندنەکەی ڕاپۆرتی هەواڵگری نیشتمانی بوو وای کرد زەحمەت بێت بۆ هەڵۆکانی ئیدارەکەی سەرۆك بۆش ڕەوتی گرتنبەری ڕێگاچارەیەکی سەربازی لە دژی ئێران پەرە پێبدەن. حاڵی حازر کەمتر گوێبیستی هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەبین لە دژی ئێران.

●●●

**سەرکردایەتی کورد لێهاتووە و ڕۆڵێکی باشی بینیوە لە لیکنزیکردنەوەی شیعە و سوننەکاندا. شیعە و سوننەکاندا بهێننەدی ئەوا ئەو خزمەتی بەرژەوەندیەکانیان دەکات لە مەودای دووردا**

●●●

●●●

**گەر من لە جێی ئێوە بومایە ئەوا بیرم لە چۆنییەتی ناردنە دەرەوە نەوت دەکردەوە لەبەرئەوەی ئێوە بەندەری دەریاییتان نییە**

●●●

پرۆفیسۆر محەمەد حافز لە زانکۆی میسۆری بۆ گوڵان:

# بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە عێراقدا سەرکەوتووبێت دەبێت حکوومەتێک دابمەزرێت لەسەربنەمای تائیفی نەبێت

(قاعیدە) هەڵسا بە ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی، ئەمەش پێچەوانەبوو لەگەڵ هەموو ئەو ئامانجانەی کە موقاوەمەی سوننی باوەڕی پێیبوو



**■ پرۆفیسۆر د.محەمەد حافز ئوستادی زانستی سیاسەت و دیراساتی ئیسلامییە لە زانکۆی میسۆری لە شاری کەناساس ویەکێکە لەو پسپۆرو تایبەتمەندانەی کێشەی عێراق کە لەسەر وردەکارییەکانی کێشەکانی عێراق هەڵوێستەی کردووە و نووسەری کتێبی (بۆمبە خۆکوژەکانی عێراق: ستراتیژییەت و ئایدیۆلۆژیەتی شەهادەت، هەروەها نووسەری کتێبی (بۆچی ئیسلام یاخی دەبێتە. بۆهەڵسەنگاندنی ڕەوشی ئەمڕۆی عێراق پاش کەمبوونەوەی کارە خۆ کوژیەکان جیابوونەوەی بەناو موقاوەمەی عێراق لە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەحوە، گوڵان پەیوەندی بە د. محەمەد حافز کردو بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.■**

## لەگەڵ ئەوەی بەرەوپێشچونی ئاسایش لە عێراقدا هەیە بەڵام تەنگژە و گرفتی سەختیش لە ئارادان

***بەڕێزتان وەك کەسێکی لێکۆڵەر و ئەکادیمی گرنگی و بایەخێکی زۆر دەدەن بە کێشە سیاسییەکان، بە تایبەتی کێشەی بۆمبە خۆکوژییەکان، چۆن لە بارودۆخی ئێستای عێراق دەڕوانیت ؟ ئایا کاتی ئەوە هاتووە بڵێین عیراق ئەم مەترسییەی تێپەراندووە ؟**

- بارووداۆخی ئێستای عێراق کارەساتاویە، بەڵام بە بەراورد بە رابردووی نزیك، واتە ساڵی ٢٠٠٦ لە باشتربوون و بەرەپێشچوندایە. ڕێکخراوی قاعیدە لە عێراقدا لە پاشەکشەدایە و ئێستا لە ناوچەکانی باکووردا جموجوڵ و چالاکییان هەیە بە تایبەتی لە موسڵ. ئەگەری ئەوە لە ئارادایە گەلی عێراق و حکوومەتی عێراقی و سوپای ئەمەریکی لە دژی ئەم ڕێکخراوە سەرکەوتن بەدەستبهێنن، بەڵام کێشەگەلێکی دیکە هەیە کە ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە، بۆ نموونە سوننەکان حکوومەتی عێراقی بە حکوومەتێکی تائیفی لە قەڵەم دەدەن و هەروەها گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیە، لەگەڵ نەبوونی چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەی ئاوارە عێراقییەکان. واتە لەگەڵ ئەوەی بەرەوپێشچونیش هەیە بەڵام تەنگژە و گرفتی سەختیش لە ئارادان.

سوننەکان حکوومەتی عێراقی بە حکوومەتێکی تائیفی لە قەڵەم دەدەن

## سەرکەوتن بەسەر ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لەعێراقدا لەشەو ڕۆژێکدا نایەتە دی

***حکوومەتی عێراقی ئامادەباشی کردوە بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی سەربازی بۆ سەر ناوچەکانی باکوور بە تایبەتی شاری موسڵ بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە لە چەکدارانی ڕێکخراوی ئەل قاعیدە پاك بکاتەوە، ئایا لەو باوەڕەدان حکوومەتی عێراقی لەم پرۆسەیەدا سەرکەوتوو دەبێت؟**

- دەکرێت حکوومەتی عێراقی بە هاوکاری و پاڵپشتی هێزەکانی ئەمەریکا و چەکدارانی سەحوە و هەندێ لە میلیشیا سوننیەکان لەو پرۆسەیەدا سەرکەوتوو بێت، بەڵام سەرکەوتن و دەستکەوتێکی لەو چەشنە بە شێوەیەکی هەنگاو بە هەنگاو دێتەدی (بە شێوەیەکی تدریجی)، لەبەر ئەوەی ناتوانیت لە شەو و ڕۆژێکدا ئەو ڕێکخراوە ببەزێنیت و بڵێیت لە عێراقدا رامان ماڵیوون، بەڵام ئەم ڕێکخراوە پاشەکشەیەکی زۆری کردوە و لە شارەکانی بەغدا و ئەنباردا دەرکراون و ئەوەش دەستکەوتێکی گەورەیە و بەو ئومێدەی شاری موسڵیشیان لێ پاك بکرێتەوە.

**عەرەبی سوننە دەیەوێت عێراق دەوڵەتێکی عەرەبی بێت هەربۆیە کاتێک قاعیدە دەوڵەتی ئیسلامی ڕاگەیاند جیابوونەوە**

***تاوەکو کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ موقاوەمەی عێراقی هاوپەیمان و یەکگرتوو بوون لە گەڵ ڕێکخراوی ئەل قاعیدە لە ناوچە سوننیەکاندا، بەڵام لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧دا لەم ڕێکخراوە جیابوونەوە و ئێستا ئەنجوومەنی سەحوەیان پێکهێناوە، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- هۆکارگەلێکی زۆر لە ئارادان، بەڵام هۆکاری سەرەکی ئەوەبوو کە ئەم ڕێکخراوە (قاعیدە) هەڵسا بە ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی، ئەمەش پێچەوانەبوو لەگەڵ هەموو ئەو ئامانجانەی کە موقاوەمەی سوننی باوەڕی پێیبوو. موقاوەمەی عێراقی دەوڵەتێکی یەکگرتووی دەوێت کە دەوڵەتێکی عەرەبی و ئیسلامی بێت و ئاوێتەبێت لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا. بەڵام کاتێك قاعیدە دەوڵەتی ئیسلامی ڕاگەیاند ئەمە بە مانای جێگیرکردنی ئەو فیدراڵیەتە دەهات کە شیعە و کوردەکان دەیانویست هەر لەبەر ئەمەش جیابوونەوە. خاڵی دووەم ئەوەیە کە چەکدارانی ئەل قاعیدە خەڵکانێکی دڵڕەق و شەڕانی بوون هەڵدەستان بە کردارەکانی کوشتن و ڕاوڕووت و تاڵان و هەر کارێکیان لە عێراقییەکان قەدەغە دەکرد کە پەیوەندی بە سوپا ئەمەریکی و حکوومەتی عێراقیەوە هەبووایە، واتە ئەو کردەوانە وەك کوشتن و سەربڕین وای کرد هۆزە سوننەکان یاخود موقاوەمەی سوننە لەم ڕێکخراوە داببڕێن و دوربکەنەوە

**بۆسەرکەوتنی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی پێویستە حکوومەتێکت هەبێت لەسەر بنەمای تائیفی دانەمەزرابێت**

***حاڵی حازر ٢٣،٠٠٠ بۆ ٢٤،٠٠٠ کەس لە زیندانەکانی حکومەتی عێراقیدان و نزیکەی هەمان ژمارە لە لایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە زیندانی کراون، ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردن بێت نزیکەی هەموو ئەو دەستگیرکراوانە عەرەبی سوننەن، پێتان وانییە ئەمە دەبێتە کۆسپێك لەبەردەم ئاشتبوونەوەی نیشتمانی؟**

- ئاشتبوونەوەی نیشتمانی پشت بە کۆمەڵێك هۆکار دەبەستێت، بۆ نمونە پێویستە حکوومەتێکت هەبێت کە دور بێت لە تائیفیەوە و دەرفەت بۆ سوننەکان بڕەخسێنێت تاوەکو ئاوێتەی دامەزراوە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکان بن، واتە گەر حکوومەت بەم شێوەیە ڕەفتاری کرد ئەوا جۆرێك لە ئاشتبوونەوەی نیشتمانی دێتەدی. لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە موقاوەمە و بزوتنەوە یاخیگەرییەکانەوە ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە هێنانەدی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە گەڵیاندا کاتێکی زۆر دەخایەنێت. من پێم وایە حکوومەتی عێراقی هەنگاوی بەو ئاڕاستەیەدا هەڵگرتوە بەڵام هێشتا کێشەی بەعسییەکان ماوە کە ئایا حکوومەتی عێراقی هەلی ئەوەیان بۆ دروست دەکات ئاوێتەی سوپاو پۆلیسی عێراقی ببنەوە، کە من پێم وایە حکوومەت دەتوانێت لە مەودای دووردا ئەو کارە بکات و ئەو کێشەیە چارەسەر بکات.

**سەددام دیکتاتۆر و خوێنڕێژ بوو بەڵام تائیفی نەبوو ئەو هەموو تایەفە و نەتەوەکانی دەچەوساندەوە و لێی دەکوشتن**

***زۆرێك لە چاودێران پێیان وایە هۆکاری سەرەکی ئەو بارودۆخە پڕە لە کارەساتەی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتە چەوتەی ئەمەریکا لە عێراقد پیادەی دەکات. تا چەند لە گەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا هاوڕایت؟**

- پێش داگیرکاری مەسەلەی تایەفەگەری لە ئارادانەبوو، ڕاستە سەددام کەسێکی دیکتاتۆر و خوێنڕێژ بو بەڵام ئەو هەموو تایەفە و نەتەوەکانی دەچەوساندەوە و لێی دەکوشتن، دوای داگیرکاری ئەو جیاکاریە دروست بوو و مەسەلەی کوشتن لەسەر ناسنامەی تائیفی هاتە کایەوە، هەموشمان دەزانین داگیرکارییەکە داگیرکارییەکی ئەمەریکی بوو.

**بوش لەم ساڵەدا هیچی پێناکریت**

***ئایا هیچ ئومێد و گەشبینیەك لە ئارادایە بۆ ئەوەی ئەمەریکا سیاسەتە پڕ لە هەڵەکەی خۆی بگۆڕێت؟**

- ئەمەریکا لەو ڕووەوە هەندێ هەوڵی خستۆتەگەڕ و دەستیکردوە بە فشار دروست کردن لەسەر حکوومەتی مالیکی بۆ ئەوەی دەرگاکانی بە ڕووی کادر و ملیشیا سوننیەکاندا بکاتەوە بۆ ئەوەی ئاوێتەی هێزەکانی پۆلیس و سوپا بن بۆ ئەوەی لەو بوارەدا ئامانجی ئاشتبوونەوە بهێنێتەدی. لە لایەکی دیکەوە ئەمەریکا فشار لەسەر بەعسییەکانیش دەکات. کێشەکە ئەوەیە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا تەنیا ساڵێکی دیکە حکوومڕانە و من پێشبینی دەکەم کە گەلی و ئەمەریکی و حکوومەتی داهاتوی ئەمەریکا هێزەکانیان لە عێراقدا دەکشێننەوە لەبەر ئەوە عێراقییەکان ساڵیکیان لەبەردەستدایە بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانە.

**پێویستە حکوومەتەکەی مالیکی وا ڕەفتار لەگەڵ سوننەکاندا نەکات کە هەمویان سەددام حوسێنن**

***چۆن دەکرێت مەترسی سەرکوتکاری زۆرینەی لە عێراقدا بڕەوێنرێتەوە بۆ ئەوەی شیعەکان، کورد و سوننەکان سەرکوت نەکەن؟**

- کێشەکە ئەوەیە زۆرینەی شیعەکان وا هەستدەکەن کە ئەوان کەمینەیەکن و کراونەتە ئامانج، ئەمەش لە ساڵەکانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥دا ڕاست بو ئەو کاتانەی زەرقاوی و گرووپەکانی دیکە هەڵدەستان بە تەکفیرکردن و کوشتنی شیعەکان. چارەسەر بە هێنانەدی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی دەکرێت، لە ناو شیعەکانیشدا کەسانێك هەن کە خوازیاری پێکهێنانی حکوومەتێکی نیشتمانی و عەلمانین و دەوڵەتێکی تائیفی ڕەتدەکەنەوە. کەواتە پێویستە حکوومەتەکەی مالیکی وا ڕەفتار لەگەڵ سوننەکاندا نەکات کە هەمویان سەددام حوسێنن، لەبەر ئەوە لە سەردەمی سەددام حوسێنیشدا سوننەکانیش دووچاری چەوساندنەوە دەبوون حکوومەتەکەی سەددام حکوومەتێکی تکریتی بوو نەك سوننی.

**مەرج نییە فیدراڵیەت بە مانای دابەشکردن بێت، ئەمەریکاش دەوڵەتێکی فیدراڵیە بەڵام وڵاتێکی یەکگرتووە.**

***ئایا بە ئایندەی عێراق گەشبینیت یاخود ڕەشبینیت؟**

ئەگەر لە ساڵی ٢٠٠٦دا ئەم پرسیارەت لێ بکردام دەگووت: زۆر ڕەشبینم، بەڵام ئێستا کەمتر ڕەشبینم، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان باری ئەمنی باشتر بووە، بەڵام هێشتا کێشەی ئاوارەکان و کێشە ئابوریەکان و مەسەلەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە ئارادان، کە ئەوانەش ئاستەنگن لەبەردەم عێراقدا کە ئومێد دەکەین لە ئایندەیەکی نزیکدا بتوانین گەشبین بین.

من پێم وایە زۆرینەی خەڵکی عێراق دەیانەوێت وڵاتەکەیان بە یەکگرتووی بمێنێتەوە هەرچەندە هەندێ لە کوردەکان خوازیاری جیابوونەوەن و شیعەکانیش خوازیاری فیدراڵین بەڵام مانەوەی وڵاتەکە یەکگرتوویی لە بەرژەوەندی هەموو لایەکدایە، واتە لە دابەشبوونی عێراقدا بۆ سێ دەوڵەت و زیاتر هیچ لایەك سودمەند نابن. پێم وایە سیاسەتی ئەمەریکاش بە ئاڕاستەی یەکگرتووی عێراقە نەك دابەش کردنی. مەرج نییە فیدراڵییەت بە مانای دابەشکردن بێت، ئەمەریکاش دەوڵەتێکی فیدراڵییە بەڵام وڵاتێکی یەکگرتووە.

●●●
**ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا تەنیا ساڵێکی دیکە حکوومڕانە و من پێشبینی دەکەم کە گەلی و ئەمەریکی و حکوومەتی داهاتوی ئەمەریکا هێزەکانیان لە عێراقدا دەکشێننەوە لەبەر ئەوە عێراقییەکان ساڵێکیان لەبەردەستدایە بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانە**
●●●

●●●
**پێویستە حکوومەتەکەی مالیکی وا ڕەفتار لەگەڵ سوننەکاندا نەکات کە هەمویان سەددام حوسێنن، لەبەر ئەوە لە سەردەمی سەددام حوسێنیشدا سوننەکانیش دووچاری چەوساندنەوە دەبوون حکوومەتەکەی سەددام حکوومەتێکی تکریتی بوو نەک سوننی**
●●●

**پرۆفیسۆر جەودەت بەهجەت بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئیندیانا بۆ گوڵان:**

# سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر کورد وەک خۆیەتی و لە چوارچێوەی عێراقدایە



**■ پرۆفیسۆر جەودەت بەهجەت کە بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە زانکۆی ئیندیانا لە ئەمەریکا، پسپۆڕو تایبەتمەندە لەسەر کێشەکانی وڵاتانی کەنداو و عێراق و ئێران بەتایبەتی پرۆفیسۆر بەهجەت لەسەر ئاستی میدیاکان وەك شرۆڤەکارێکی سیاسی کێشەکانی کەنداو و تیرۆریزم و دیموکراتیزەکردنی جیهانی عەرەبی پەیوەندی پێوە دەکرێت.**

**بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی ئەمڕۆی عێراق و بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسەی سیاسی و هەروەها کێشەی نێوان ئەمەریکا و ئێران گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر جەودەت بەهجەت کردو بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.■**

●●●

**پێویستە کوردەکانیش ئەو ڕاستییە بزانن کە ئەمەریکا پشتگیری لە سەربەخۆی کوردەکان ناکات و پێویستە وەک بەشێک لە وڵاتەکە بمێننەوە**

●●●

### ئەمەریکا بەرگەی شکستی عێراق ناگرێت

***سەرکەوتن لە عێراقدا بۆتە گەورەترین بەرژەوەندی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە پێچەوانەوە شکستهێنانی ئەمەریکا دەبێتەهۆی زیادبوونی هەڵکشانی ڕەوتە ئیسلامییە توندڕەوەکان و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، ڕێگا چارەکانی بەردەم ئەمەریکا چین بۆ ئەوەی ڕێگا لەو شکستە بگرێت؟**

- ئەمەریکا بەرگەی شکست ناگرێت، من تەواو هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا کە شکستهێنانی ئەمەریکا دەبێەهۆی زیادبوونی مەترسی تیرۆر و توندڕەوی. ئەمەریکاش پابەندە بە چەسپاندنی سەقامگیری لە ناوچەکەدا، جۆرج بوشیش لە وتاری ساڵانەیدا ئەوەی دووپاتکردەوە. ئەمەریکا گەورەترین باڵیۆزی لە عێراقدا هەیە ئەوەش ئاماژەیە بۆ پابەندبوونی ئەمەریکا بە پاراستنی سەقامگیری ئەم وڵاتەوە. ئیدارەی ئێستا درێژە بەم پابەندبوونەی دەدات و ئیدارەی داهاتووش هەمان ڕەوت دەگرێتەبەر.

### سعودیە و میسر و ئوردن بەوە ئاسودەنین کە شیعەکان بە سەر حکوومەتی عێراقیدا زاڵن

*** دەستێوەردانە دەرەکییەکان کاردانەوە و ڕەنگدانەوەیان لەسەر بارودۆخی عێراق دەبێت، وڵاتێکی وەك سعودیە ڕۆڵێکی ئیجابی نابینێت بۆ جێگیرکردنی سەقامگیری لە عێراقدا، چاودێرانیش هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە حکوومەتێکی شیعە لە عێراقدا کاروبارەکان دەبات بەڕێوە، تا چەند پێتوایە ئەوە هۆکارە**

**راستەقینەکەیە؟**

- بە دڵنیاییەوە وڵاتانی وەك سعودیە و میسر و ئوردن ئاسودەنین بەوەی شیعەکان بە سەر حکومەتی عێراقیدا زاڵن. حکومەتی عێراقیش بە راشکاوی رایگەیاندووە کە دژی دەستێوەردانی دەرکییە لە سعودیەوە بێت یاخود لە ئێرانەوە. پوختەی مەسەلەکە ئەوەیە کە حکومەتی عێراقی بەهۆی هەڵبژاردنێکی عادیلانەوە هەڵبژێردراوە و رەنگدانەوەی ئیرادەی عێراقییەکانە و پێویستە هەموو هێزە دەرکییەکان رێز لە ئیرادەی عێراقییەکان بگرن. هیچ حکومەتێك لە دنیادا بێ کەموکوڕی نییە، بەڵام حکومەتی عێراق حکومەتێکی شەرعییە و بەهۆی هەڵبژاردنەوە هاتۆتەسەر حووکم و سەرۆك وەزیرانی عێراقیش بە ئاشکرا بە سعودیە و دەوڵەتە دراوسێکانی راگەیاندووە کە پێویستە دەست لە بارودۆخ و سیاسەتی ناوخۆی عێراق وەرنەدەن.

**پێکهێنانی حکوومەتێکی بەهێز لە عێراقدا ئاسان نییە وکاتی دەوێت**

***حکومەتی عێراقی بە قۆناغێکی راگوزەریدا تێدەپەڕێت، چۆن دەکرێت لە بارودۆخێکی لەم چەشنەدا حکومەتێکی بەهێز پێکبهێنرێت؟**

- ئەوە کاتی دەوێت. عێراق بە بارودۆخگەلێکی سەختدا تێپەڕیووە، لە سەردەمی سەدام حوسێن و دوای داگیرکاریشەوە. پێویستە خەڵك واقیعبین بن کە ئەوە لە شەو و رۆژێکدا نایەتەدی و کاتی دەوێت. تێڕوانینی من ئەوەیە کە عێراق ئاراستەیەکی راست و دروستی گرتۆتەبەر بۆ پێکهێنانی سیستمێکی سیاسی لەو شێوەیە.

***کێشەیەکی دیکە ئەوەیە کە سوننەکان لە دەرەوەی حکومەتدان و حکومەتەکەی مالیکیش وەڵامی داخوازییەکانی کوردی نەداوەتەوە ئەوانەی پەیوەستن بە یاسای نەوت و ئەو گرێبەستانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزای کردوون لەگەڵ کۆمپانیا دەرەکییەکان. چۆن دەکرێت ئەم کێشانە چارەسەر بکرێن؟**

- پێویستە هێزە ئەتنی و مەزهەبییەکانی عێراق ئەو کێشانە چارەسەر بکەن ئەوەش پێویستی بە بریاری سەخت و سازشکردن هەیە، هەروەها پێویستە هێزە دەرکییەکان دەست لە دەستێوەردانەکانیان هەڵبگرن. عێراق بۆ خودی عێراقییەکان دەگەڕێتەوە و دەبێت خۆیان چارەسەری بکەن، واتە پێویستە سەرکردەکانی کورد و شیعە و سوننە بریاری سەخت بدەن.

**پێویستە کورد ئەوە راستییە بزانێت کە ئەمەریکا پشتگیری لە سەربەخۆی کورد ناکات و پێویستە وەک بەشێك لە وڵاتەکە بمێننەوە**

***چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق پێویستی بە رێککەوتنی سیاسی هەیە لە نێوان لایەنە سیاسییە ناکۆکەکاندا، بەڵام تا ئێستا زەمینەیەکی لەبار بۆ ئەو رێککەوتنە ساز نەکراوە، چۆن دەکرێت زەمینەسازی بکەین بۆ ئەو رێککەوتنە؟**

- بریاری حکومەت بە رێگەدان بە گەڕانەوەی بەعسییەکان هەنگاوێك بوو بۆ پێشەوە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ناکرێت هەموو لایەك هەموو ئەوەی دەیخوازن بیهێننەدی، شیعەکان لە حکومەتی ناوەندیدا باڵادەست دەبن لەبەر ئەوەی زۆرینەن، سوننەکانیش دەبێت ئەو راستییە قبوڵ بکەن و پێویستە ئەوەیان لە بیر بێت کە چیتر ناتوانن بە تەنها حوکمی وڵاتەکە بکەن لەبەر ئەوەی دیموکراسی و حوکمی زۆرینە لە وڵاتەکەدا هەیە، هەروەها پێویستە کوردەکانیش ئەو راستییە بزانن کە ئەمەریکا پشتگیری لە سەربەخۆی کوردەکان ناکات و پێویستە وەك بەشێك لە وڵاتەکە بمێننەوە، راستە کوردەکان لە ماوەی ساڵانی رابردوودا خاوەنی ئۆتۆنۆمییەکی فراوان بوونە و شیعە و سوننەکانیش ئەو واقیعەیان قبوڵ کردووە بەڵام کەس پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردەکان ناکات.

**سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر کورد نەگۆڕاوە و وەک خۆیەتی**

***کوردخۆی بە هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەزانن، بەڵام دوای ئەوەی ئەمەریکا تیشکی سەوزی بۆ تورکیا هەڵکرد بۆ ئەوەی سنووری هەرێمی کوردستان ببەزێنێت، کوردەکان وا هەست دەکەن کە سیاسەتی ئەمەریکا گۆڕاوە لە ئاستیاندا. تا چەند لەگەڵ ئەو لێکدانەوەدایت؟**

- من پێم وایە ئەمەریکا هەمان سیاسەتی هەیە بەرامبەر کوردەکان واتە درێژە بە هەڵوێستی پشتگیریکردنی کوردەکان دەدات بەڵام لە سنوورێکی دیاریکراودا واتە ئەمەریکا پشتگیری دەوڵەتێکی سەربەخۆیی کوردی ناکات، بەڵام لە هەمانکاتدا رێگە بە تورکیا نادات تا ئەو شوێنە بڕوات کە دەیخوازێت.

راستە کورد هەوڵدەدات تا ئەو رادەیەی دەکرێت سەربەخۆیی بەدەستبهێنن، بەڵام لە کۆتاییدا تێدەگەن کە ناتوانن دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەدەستبهێنن، لەبەر ئەوەی هێزە ئیقلیمیەکان و زۆرینەی عێراقییەکان بە شیعە و سوننەوە، هەروەها وڵاتە یەکگرتووەکانیش بەرهەڵستی ئەو سەربەخۆییە دەکەن. واتە کوردەکان دەگەنە ئەو راستییەی کە ناچارن لەچوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە و ببنە بەشێك لەو وڵاتە.

***لە سەرەتای پێکهێنانی دەوڵەتی عێراقەوە لەلایەن بەریتانییەکانەوە، کێشەی سەرەکی عێراق بریتی بووە لە بوونی حکومەتێکی ناوەندی بەهێز. ئێستاش زۆربەی چاودێران پێیانوایە سیستمی فیدراڵی گونجاوترین سیستمە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، بەڵام ئەمەریکا وەك پێویست پشتگیری لە فیدراڵیزم ناکات، گەر ئەمەریکا سووربوو لەسەر درێژەپێدانی سیاسەتەکەی بە پشتگیری نەکردنی فیدراڵیزم ئایا چ ئاییندەیەك چاوەڕوانی عێراق دەکات؟**

- زەحمەتە بتوانین پێشبینی ئایندەی عێراق بکەین. من تا رادەیەك هاوڕانیم لەگەڵ ئەوەدا کە هەموو لایەك لە عێراقدا پشتگیری فیدراڵیزم دەکەن، من پێم وایە بەرەوپێشچوونێکی باش لە عێراقدا بەدیهاتووە، هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد عێراق رەوتێکی راست و دروستی گرتۆتەبەر، حاڵی حازر سەرکردەکانی سوننە و شیعە و کوردەکان گفتوگۆ دەکەن لە بری ئەوەی شەڕ بکەن ئەوەش دەستکەوتێکی گەورەیە.

*** چۆن لە مەترسی وڵاتی ئێران دەڕوانن لەسەر ناوچەکە؟**

●●●

**لەبەر ئەوەی هێزە ئیقلیمیەکان و زۆرینەی عێراقییەکان بە شیعە و سوننەوە، هەورەها وڵاتە یەکگرتووەکانیش بەرهەڵستی ئەو سەربەخۆییە دەکەن**

●●●

●●●

**ئێران دەکەن بەڵام ئێران پەیوەندیگەلێکی کەلتووری و ئایینی و ئابووری بە ناوچەکەوە هەیە، جیاوازیگەلێکی گەورە لە نێوان ئێران و عێراقدا هەیە، هەروەها لە نێوان ئێران و وڵاتانی کەنداودا هەیە، ئەوەی گرنگە ئەم وڵاتانە وڵاتگەلێکی دراوسێن و پێویستە رێگایەک بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە بدۆزنەوە لە نێوانیاندا**

●●●

**هەموو ئەو وڵاتانەی سەرۆک بوش سەردانی کردن بەرهەڵستی هەڵگیرسانی شەڕ بوون لەگەڵ ئێراندا، بەتایبەتی دەوڵەتەکانی کەنداو، لەبەر ئەوەی داهاتێکی زۆریان دەستکەوتووە بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت**

**هەروەها ئایندەی ئێران و عێراق چی دەبێت لەبەر ڕۆشنایی ئەو سیاسەتەی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا پیادەی دەکات؟**

- هەموو لایەك باس لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران دەکەن بەڵام ئێران پەیوەندیگەلێکی کەلتووری و ئایینی و ئابووری بە ناوچەکەوە هەیە، واتە هەمیشە لە ناوچەکەدا بوونی هەبووە. جیاوازیگەلێکی گەورە لە نێوان ئێران و عێراقدا هەیە، هەروەها لە نێوان ئێران و وڵاتانی کەنداودا هەیە، بەڵام هەمیشە ئێران پەیوەندی بەم وڵاتانەوە هەبووە، بۆ نموونە پێش چەند ڕۆژێك سەرۆکی ئێران رایگەیاند سەردانی عێراق دەکات، واتە پەیوەندی بەهێز هەیە لە نێوانیاندا بەڵام جیاوازی گەورەش هەیە. ئەوەی گرنگە ئەم وڵاتانە وڵاتگەلێکی دراوسێن و پێویستە ڕێگایەك بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە بدۆزنەوە لە نێوانیاندا. من پێم وایە پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق بەرەوپێشەوە دەچن، لەلایەکی دیکەوە ئەحمەدی نەژاد یەکەم سەرۆکی ئێران بوو کە لە لوتکەی ئەنجوومەنی هاریکاری وڵاتانی کەنداودا ئامادەبێت. لەبەر ئەوەی ئەم دەوڵەتانە دراوسێن ئەوا پێویستە بە ئاشتیانە پێکەوە بژین و لەگەڵ یەکدا گفتوگۆ بکەن.

## دەوڵەتانی کەنداو
## خوازیاری هەڵگیرسانی شەڕ نین لە نێوان ئەمەریکاو ئێراندا

***سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕووبەڕووی چەند گۆڕانکارییەك دەبێتەوە و ئێستا هەوڵوکۆششەکان بە ئاراستەی کردنەوەی بەرەیەکدان دژە بە ئێران، پێتوایە مەترسی ئێران گەیشتۆتە ئەو ئاستەی هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕێت؟**

- ئەوەی پەیوەستە بە پێشبینیکردنی ڕوودانی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە نێوان ئێران و ئەمەریکا ئەوەیە کە من پێموایە دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی هەواڵگری نیشتمانی لە ماوەی ڕابردوودا کە ئاماژەی بەوەکردبوو ئێران لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە بەرنامەی ئەتۆمی بۆ مەبەستی دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی ڕاگرتووە وا دەکات ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی کەمتر بێت. لەلایەکی دیکەوە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا تەنها ساڵێکی لە حکوومڕانیدا ماوە و من پێموانییە لەو ماوەیەدا ڕێگاچارەی سەربازی دژی ئێران بگرێتەبەر. هەست و تێڕوانینی من ئەوەیە کە دەوڵەتانی ناوچەکەش خوازیاری هەڵگیرسانی شەڕێکی دیکە نین لە ناوچەکەدا بەتایبەتی دەوڵەتانی کەنداو، لەبەر ئەوەی پێشتر تامی تاڵی شەڕیان چەشتووە وەك شەڕی عێراق-ئێران و شەڕی ڕزگارکردنی کوێت و شەڕی ئەم دواییەی ئەمەریکا لە دژی عێراق، واتە ئەوان خوازیاری سەقامگیرین و نایانەوێت دووچاری هەمان ئەزموون ببنەوە. لە ئەمەریکاشدا کەسانێکی زۆر هەن کە پێیانوایە پێویستە ئەو مەسەلەیە بەشێوەیەکی دیبلۆماسی یەکلابکرێتەوە.

***ئەی ئامانجی سەردانەکەی سەرۆك بوش بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەیەك نەبوو دژ بە ئێران؟**

بەڵێ. بەڵام هەموو ئەو وڵاتانەی سەرۆك بوش سەردانی کردن بەرهەڵستی هەڵگیرسانی شەڕ بوون لەگەڵ ئێراندا، بەتایبەتی دەوڵەتەکانی کەنداو، لەبەر ئەوەی داهاتێکی زۆریان دەستکەوتووە بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و بەرپابوونی شەڕ لەگەڵ ئێراندا وا دەکات وەبەرهێنانی ئەو داهاتانە ببێتە کارێکی دژوار.



**ماليكی كار گەيشتە ئەوەی دەست لەگەڵ حكوومەتی توركيا تێكەڵ بكات و وەزيری نەوتيش داوا لە توركيا بكات رێ بە هەرێمی كوردستان نەدات نەوتەكە بفرۆشێ و ئەو كۆمپانيا بيانيانەش بێ بەش بكات كە گرێبەستيان لەگەڵ حكوومەتی هەرێمی كوردستاندا هەيە، باشە پاش ئەو هەموو دژايەتييە كورد چاوەڕوانی چی دەكات؟**

**شيعە لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقيدا خۆيان بە دوورەپەرێز راگرت و پاش ئەو بۆ ماوەی ٨٠ساڵ باجی ئەو هەڵوێستەی خۆيان دايەوە. سوننەكان ئێستا گەيشتونەتە ئەو باوەڕەی كە نابێ ئەو هەڵەيە بكەن كە شيعە بەر لە ٨٠ساڵ كردی و ئەو ماوەيەش بۆيان بەدياركەوت كە ئەو دووركەوتنەوەيان لە حوكم بەزيانی ئەوان تەواو بوو، بۆيە ئێستا پەرۆشی ئەوەن بە هەموو قورساييەكەوە بەشداری لە دەسەڵاتدا بكەن**

و هيچ ئەنجامێكی لـێ ديارنيە، بەركەوتی هەرێم لە بوودجەی ساڵی ٢٠٠٨ خەريكە لە ١٧٪ وە بكرێ بە ١٣٪ بە بيانوی ئەوەی ژمارەی دانيشتوانی ئەو هەرێمە هەر ئەوەندەيە، ئەمە بێجگە لە ناكۆكی لەسەر ژمارەی پێشمەرگە، ئەو پێشمەرگەيەی بەشداری لە پاراستنی ئەمنيەتی بەغدا و مووسڵ و هەندێ شوێنی سەر بە حكوومەتی فيدراڵ كردو لەو بەشداريەشدا شەهيد و برينداری هەبوو ....!

سەيرەكە لەوەدايە ئەو هەموو شتانە لەبەر چاوی ئەمەريكا دەكرێن، لە كاتێكدا ئەمەريكاو كورد خۆيان بە هاوپەيمانی يەكتر دادەنێن و لە پرۆسەی ئازادكرنی عێراقدا پێكەوە لە بەرەی باكوور خوێنيان تێكەڵ بەيەكتر بووە ...!

پرسيار ئەوەيە: ئايا ئەمەريكا بەبێ كورد دەتوانێ لەو بەرەيە سەركەوتن وە دەست بێنێت ؟

بەڵێ دەيتوانی، بەڵام بەو ئاسانييە نا ، بەرەی باكوور لەگەڵ بەرەی باشووردا جياوازی هەيە راستە ئەمەريكييەكان توانيان لە بەرەی باشووردا بە ئاسانی سەركەوتن وەدەست بێنن، بەڵام ئەو ئاسانييە لەبەرەی باكووردا و بەبێ كورد نەدەكرا.لەبەرەی باشووردا ئەمەريكا پێگەيەكی پاشينەی هەبوو، بەڵام لەبەرەی باكووردا ئەو پێگە پاشينەيەی نەبوو، بەهۆی رێنەدانی توركيا.

كەواتە كورد رۆڵێكی بەرچاوی بينی لە پرۆسەی ئازادكردنی عێراقدا كاريگەری خۆشی هەبوو بۆ ئەوەی ئەمەريكا بە ئاسانی دەست بەسەر ناوەڕاستی عێراقدا بگرێ كە سوننەنشينەو بەوە ناسراوە كە لاگيری سەدام بوو، بە واتايەكی ديكە ئەگەر كورد دژايەتی سەدام راناوەستابا ئەوە مەودای جولەی سەدام و رژێمەكەی فراوانتر دەبوو( ناوچەی سوننەنشينەكان + هەرێمی كوردستان)، بەمەش دوا ئەنجام بەو شێوەيەی ئێستا نەدەبوو.

ئايە ئەمەريكا ئەو رۆڵەی كوردی لەبير چۆتەوە يان نا؟

بە باوەڕی من ئەمەريكا ئەو رۆڵەی كوردی لەبير نەچۆتەوە، بەڵام كارتی كورد ئەوەندە گەورە نيە تا ئەمەريكا حسابی بۆ بكات، ئەمەريكا هەميشە وەكو دەوڵەتێكی زلهێز بير لە بەرژەوەندييەكانی خۆی دەكاتەوە، بۆ نموونە: بۆ ئەمەريكا كارتی توركيا لە كارتی كورد بە هێزترە، چونكە توركيا دەوڵەتە و دەتوانێ لەرووی سياسی و ئابوورييەوە سوود بە ئەمريكاوە بگەيەنێ، بەڵام كورد ناتوانێ ئەو سوودە بگەيەنێ( بەلايەنی كەم لەم رۆژگارەی ئێستادا) .

هەروەها سەبارەت بەرەوشی ناوەخۆی عێراق، ئەمەريكا لەم رۆژگارەدا دەيەوێ لايەنە سياسييەكانی دەرچوو لە پرۆسەی عێراقدا بۆ ناو پرۆسەی سياسی بگەرێنێتەوە و لەو رووەوەش توانيويەتی تا رادەيەك سەركەوتن بە دەست بێنێت و هەڵوێستيشيان بەرامبەر بە ئەمەريكا بگۆڕی.

بۆ نموونە: ئەوانەی كە پێشان بۆ هەر وتووێژێك و بەشدارييەك لە حكوومەتی عێراق مەرجی رۆيشتنی ئەمەريكايان لە عێراق دادەنا، ئێستا زمانی گۆڕيوەو تەنها داوای دانانی خشتەيەك دەكەن بۆ كشانەوە، هەتا هەندێك لە سياسەتكارە عێراقييەكان لەوە دوورتر دەڕۆن و بەئاشكرا داوای مانەوەی هێزەكانی ئەمەريكا دەكەن، چونكە پێيان وايە كە ئەمە زمانەتێكە بۆ ئەوەی تای تەرازووەكە بۆيان بە قورسی بمێنێتەوەو، هەروەها لە ترسی ئەوەی نەوەكو ئەو ماف و ئيمتيازانەی كە لە ژێر چێتری ئەمەريكاوە (دەستيان) هێناوە بيدۆڕێنن.

بەبێ دەسەڵاتی ئەمەريكا ياسای ريشەكێشكردنی بەعس هەموار نەدەكراو ياسای پرسينەوە دادوەری جێی ئەو ياسايەی نەدەگرتەوە، كەرێ بە زۆربەی بەعسييەكان دەدات بگەرێنەوە سەركاری پێشووی خۆيان .

بەبێ ئەمەريكيەكانيش زۆربەی سياسەتكارانی عێراق ئەو بەها هەرێمايەتيان نەدەبوو وە نەشدەبوونە كارتێك لە بازاڕی سياسی ئەم و ئەو دەوڵەت.

شيعە لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقيدا خۆيان بە دوورەپەرێز راگرت و پاش ئەو بۆ ماوەی ٨٠ساڵ باجی ئەو هەڵوێستەی خۆيان دايەوە.

سوننەكان ئێستا گەيشتونەتە ئەو باوەڕەی كە نابێ ئەو هەڵەيە بكەن كە شيعە بەر لە ٨٠ساڵ كردی و ئەو ماوەيەش بۆيان بەدياركەوت كە ئەو دووركەوتنەوەيان لە حوكم بەزيانی ئەوان تەواو بوو، بۆيە ئێستا پەرۆشی ئەوەن بە هەموو قورساييەكەوە بەشداری لە دەسەڵاتدا بكەن.

ئەمانە هەر هەموويان لەبەرژەوەندی كورد نيە، چونكە گەڕانەوەی ئەوانە مەودای مانۆری كورد كەم دەكاتەوە.

تەلەفزيۆنی (ئەلشەرقيە) شەوی ٣٠/٢٩ی مانگی رابردووداو لە هەواڵێكدا ئەوەی بڵاوكردەوە كە گوايە ماليكی ياداشتی هاوپەيمانی كوردستانی رەتكردۆتەوە كە تيادا داوای چاكسازی كرابوو لە كابينەكەيدا .

ئەم وەڵامەی ماليكی هەر بەپێی تەلەفزيۆنی (ئەلشەرقيە) پاش راوێژكردنی بوو بە چەند وەزيرو راوێژكارێكی خۆيەوە، لەوانە وەزيری نەوتی عێراق حوسێن شەهرستانی كە هەڵوێستێكی دژ بەگرێبەستەكانی نەوتی هەرێمی كوردستاندا هەيە، بەڵام بەپێی زانياری ماليكی ئەو ياداشتەی رەت نەكردۆتەوە، بەڵكو لە نامەكەيدا بەرگری لەخۆی كردووە و ئاماژەی بەوە داوە كە درێغی لە جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠ی نەكردووە و لێژنەی بۆپێكهێناوەو بوودجەشی بۆ تەرخان كردووە.

هەر لەو وەڵامەيدا ماليكی رەخنەی لە وەزيرە كوردەكانی كابينەكەی گرتووە، گوايە لە هەموو كەموكوڕييەكان ئاگاداريان نەكردۆتەوە و تەئكيديشی لەوە كردووە كە كێشەكان بە دانوستان چارەسەر دەكرێن، كە ئەمەش هەر هەمان هێنان و بردنەكەی پێشانە، كە بەرای چاودێران ئەو هێنان و بردنە پەيوەندی بە هەڵوێستی ئێرانەوە هەيە، چونكە هەركەسێكی شيعە كە پۆستی سەرۆك وەزيران وەرگرێ دەبێ پێش وەخت ئێران پێی رازی بێ.

جارێكيان كە لەگەڵ سەرۆك بارزانی چووبووينە بەغدا، كۆبوونەوەيەك لە نووسينگەی سەرۆك كۆمار بەڕێوەچوو، مەبەست لە كۆبوونەوەكە راكێشانی حزبی ئيسلامی عێراق بوو بۆ ناو هاوپەيمانييە چوار قۆڵييەكە. ماليكی يەك لە سكرتێرەكانی لەگەڵ هاتبوو، كە كۆبوونەوەكە دەستی پێكرد من و ئەو سكرتێرە و كەسێكی ناو ئەنجوومەنی باڵا لە ژوورێك دانيشتين و باس هاتە سەر ماددەی (١٤٠)، ئەو سكرتێرە بە ئاشكرا پێی گوتم: ((وەك شيعە لەگەڵ گەڕانەوەی عەرەبە شيعەكانی هاوردە نين بۆ زێدی خۆيان)).

ئەوەشی راگەياند كە ((ئێرانيش دژی گەڕانەوەيانە)).

ئەو كات باوەڕم بەقسەی ئەو سكرتێرە نەكرد، بەڵام كاتێ وەزيری دەرەوەی ئێران لە كۆنگرەيەكی هەرێمايەتيدا كە تايبەت بوو بە عێراق و دژايەتی وڵاتەكەی خۆی سەبارەت بەو ماددەيە راگەياند ئيتر باوەڕم بەقسەی ئەو سكرتێرە هێنا.

# مالیکی...کورد.... حکومەتی چاوەڕوانکراو



فەیسەڵ دەباغ

ناکۆکییەکانی نێوان هەوپەیمانەکانی دوێنێ و تارادەیەك ئەمڕۆ (شیعە و کورد) سەبارەت بە گرێبەستە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان و چارەنووسی کەرکووك و بوودجەی ساڵی (٢٠٠٨) و هەروەها بوودجەی پێشمەرگەو ژمارەیان وای کردووە هەریەك لەوانە بیر لە گۆڕینی نەخشە هاوپەیمانەکانی ئێستای عێراق بکەنەوە گەر هاتوو نەگەیشتنە رێککەوتنێکی تەوافوق.

کە دەڵێن (شیعە و کورد)مەبەستمان لە دوو حزبە شیعەکەیە (دعوەو ئەنجوومەنی باڵا) و دوو حزبە کوردییەکەی(پارتی و یەکێتی) کە تا ئەو ساتەش نەگەیشتوونە دیدو چارەسەری تەوافوقی گونجاو سەبارەت بەو کێشانەی کە لە نێوان حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیە.

راستە حزبە شیعییەکانی دیکە (رەوتی سەدرو فەزیلە)و هەروا (بەرەی تەوافوق)ی سوننی و قەوارەی (ئەلعێراقییە) دیدو هەڵوێستێکی توندیان بەرامبەر ئەو مەسەلانە هەیە، بەڵام بەحوکمی هاپەیمانیەتی نێوان (ئەنجوومەنی باڵاو حزبی دەعوەو پارتی و یەکێتی) دەبوایە ئەو دیدە هاوبەشە لە نێوانیاندا هەبوایە.

نەبوونی ئەو دیدە هاوبەشە وامان لێدەکات هاوپەیمانییە چوار قوڵییەکە بە هاوپەیمانیەتێکی رووکەش ناوزەدی بکەین و بڵێین ئەوندەی ئەنجوومەنی باڵاو حزبی دەعوە سوودیان لەو هاوپەیمانێتییە وەرگرتووە، پارتی و یەکێتی وەك نوێنەری کورد وەریان نەگرتووە و هەندێ جاریش تووشی گیروگرفت بووینە لەگەڵ لایەنە شیعەکانی تردا، کەچی لەبەرامبەردا ئەنجوومەن و دەعوە هیچ هەڵوێستێکی ئەوتۆیان نەبووە لەبەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی کورد.

وەزیری نەوتی عێراقی کەسەر بە ئیئتیلافی شیعەیە هەڵوێستەکەی سەبارەت بە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لە هەڵوێستی بەرەی تەوافوقی سوننی و هەندێ لایەنی شیعە توندترە، وەزیری داراییش کەسەربەهەمان ئیئتلاف و ئەنجوومەنی باڵایە ئەویش سەبارەت بە بەرکەوتنی هەرێم لەبودجەی عێراق و ژمارەی پێشمەرگە توندە و یەکێکە لەوانەی کە داوای کەمکردنەوەی ئەو بەرکەوتە دەکات.

سەیرەکە لەوەدایە، لەکاتێکدا ئەو هەموو کێشانەی لەئارادان و و مالیکیش خۆی لێ گێل کردوون، کەچی کورد لەگەڵ هەندێ لایەنی سیاسی شیعی و سوننی خەریکە حکوومەتێکی بەشداری سیاسی بەسەرۆکایەتی هەمان کەس پێك بهێنێ.

پرسیار ئەوەیە: کورد نەیتوانی کێشەکانی خۆی لەگەڵ دوولایەنە شیعەکەی هاوپەیمانی خۆی چارەسەربکات، ئیترچۆن دەتوانێ ئەو کێشانەی خۆی لەو حکوومەتە بەرفراوانە چارەسەر بکات؟

د. مەحموود عوسمان پێی وایە کە ئەو حکوومەتە نوێیە دژی کورد نابێ، ئەگەر دژیش بوو ئەوە هەڵوێستێکی بەرامبەر وەردەگرین.

من ئەو دەستەواژەیەم پێ هەزم ناکرێ، لەکاتێکدا دەکرێ ئەو حکوومەتە دژی کورد نابێ، کەچی هەر بەخۆی تەئکید لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر دژایەتی کردن ئەوە هەڵوێستێکی دیکەمان دەبێ..! کەواتە ئەگەری ئەوە لە ئارادیە کە دژایەتی خواستەکانی کورد بکات جا ئێمەی کورد بۆ پێش وەخت حساب بۆ ئەو ئەگەرە نەکەین و هەر لە ئێستاوە بەر لە بەشداریمان لەهەر حکوومەتێکی دیکە، کێشەکانمان یەکلا نەکەینەوە.

ئێمەی کورد نزیکەی (٥) ساڵە ئەزموونێکی تاڵمان لەگەڵ عەلاوی و جەعفەری و مالیکیدا هەبووە. ئەو سێیە لە ماوەی حوکمڕانی خۆیاندا بە نەفەسێکی عروبەوی سەیری مەسەلەکانیان کردووە . ئەو کاتەی لە تەنگژەدا دەبن روو لە کورد دەکەن و داوای هەڵوێستی لێ دەکەن و بۆشیان دەکرێ، کەچی کاتێك لەو تەنگژەیە دەردەچن هەر زوو پشت لە کورد دەکەنەوە و داخوازییەکانی بە زێدەڕۆیی لە قەڵەم دەدەن.

تازە بەتازە پێمان دەڵێن جیاوازی لە راڤەکردنی بڕگەکانی دەستووردا هەیە، ئەو دەستوورەی کە لە لایەن نوێنەرانی هەردوو لایەنە سیاسییەکان دارێژرا و زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی عێراقیش دەنگیان بۆدا.

سالح موتلەگ سەرۆکی بەرەی حیواری وەتەنی کە بە دژایەتی کردنی خواستەکانی کورد ناسراوە، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی (ئەلعەرەبییە) و لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆ دژایەتی خواستەکانی کوردە گوتی: ((من دژی خواستەکانی ئەوان نیم ئەگەر مەعقول بن و هەڵوێستیشم روونە، هەقە ئەو پرسیارە لەو کەسانە بکرێ کە لەسەرەوە لەگەڵیاندان و لە ژێرەوەش دژایەتیان دەکەن )).

هەموو ئەوە دەزانین کە عەلاوی و جەعفەری و مالیکی ئەگەر بە پاڵپشتی کورد نەبوایە پۆستی سەرۆك وەزیرانیان وەرنەدەگرت.

عەلاوی بە هۆی کوردەوە گەیشتە ئەو پۆستە کە لێی لادرا، کورد بەرامبەر بەکەسێکی تری ناو (ئەلعێراقیە) پشتگیری لە جەعفەری کرد، بەڵام کە دیتی خەریکە دژایەتی بەرژەوەندییەکانی کوردەکات و لە هەڵوێستە پێشوەکانی پاشگەزبووەتەوە بە هاریکاری ئەنجوومەنی باڵاو باڵێکی حزبی دەعوە توانی جەعفەری لەو پۆستە لابات و ئیتر بەربەرەکانێ کەوتە نێوان دوو کەسەوە، عادل عەبدولمهدی و پاڵێوراوێکی حزبی دەعوە کە تا ئەو کات عەلی ئەلئەدیب-ی کەسی دووەمی ئەو حزبە بوو، بەڵام بەکشانەوەی ئەلئەدیب گۆڕەپانەکە بۆ کەسی سێیەم واتا مالیکی چۆل بووەوە.

هاوپەیمانییەکە لە نێوان عەبدولمهدی و مالیکی مایەوە کە دواتر بە پشتگیری و دەنگدانی رەوتی سەدر مالیکی توانی بە جیاوازی یەك دەنگ لە عەبدولمەهدی بباتەوە و ئیتر بە هۆی پشتگیری کوردەوە لەپەرلەمان متمانەی پێ دراوبوو بە سەرۆك وەزیران.

هەرچەندە مالیکی پێش و پاش وەرگرتنی ئەو پۆستە خۆی بە دۆستی هەردوو حزبە کوردییەکە دادەنا، بەڵام لەژێرەوە نەك هەر دژایەتی دەکردن، بەڵکو لە هەوڵی ئەوەش دابوو کە رادەیەك بۆ دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان دابنێ، تا کار گەیشتە ئەوەی دەست لەگەڵ حکوومەتی تورکیا تێکەڵ بکات و وەزیری نەوتیش داوا لە تورکیا بکات رێ بە هەرێمی کوردستان نەدات نەوتەکە بفرۆشێ و ئەو کۆمپانیا بیانیانەش بێ بەش بکات کە گرێبەستیان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە، باشە پاش ئەو هەموو دژایەتییە کورد چاوەڕوانی چی دەکات؟

ماددەی ١٤٠ بۆ دادگای فیدراڵی گوێزرایەوە، دانوستانەکانی شاندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ مالیکی و حکوومەتەکەی سەبارەت بە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم بە بنەبەست گەیشت

●●●

**کورد نەیتوانی کێشەکانی خۆی لەگەڵ دوولایەنە شیعەکەی هاوپەیمانی خۆی چارەسەربکات، ئیترچۆن دەتوانێ ئەو کێشانەی خۆی لەو حکوومەتە بەرفراوانە چارەسەر بکات؟**

●●●

●●●

**(٥) ساڵە ئەزموونێکی تاڵمان لەگەڵ عەلاوی و جەعفەری و مالیکیدا هەبووە. ئەو سێیە لە ماوەی حوکمڕانی خۆیاندا بە نەفەسێکی عروبەوی سەیری مەسەلەکانیان کردووە**

●●●

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

# هاوپەیمانێتیی کوردو ئەمریکا، نە درزی تێ دەکەوێت و نە هەڵیشدەوەشێتەوە



سامی شۆڕش

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

زۆر جار، بە تایبەتی لەو هەلومەرجە سیاسی و ئەمنیە خراپەی ئەمرۆ عیراقی تێ کەوتووە، دڵەراوکەی ئەوە بەشێك لە میللەتی کورد دەگرێتەوە کە گوایە ئەمریکا لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆی لە گەڵ تورك و عەرەب و دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامیەکان، رەنگە دەستمان لێ هەڵبگرێت و لە ناو گەلەگورگی ناوچەکەدا بە تەنیا بە جێمان بهێڵێت. نیشانەیش بۆ ئەگەری لەو بابەتە، هەڵوێستی ئەمریکایە لە بەرامبەر ناکۆکیەکانی کوردو عیراق چ لە بواری ماددە ١٤٠ی دەستووری چ لە مەسەلەی یاسای نەوت و غازو چ لە بواری بودجەی هەرێم و بودجەی پێشمەرگە. هەمیشە پرسیار لەو بارانەوە ئەوەیە: کوا رۆڵی ئەمریکا؟ بۆ پشتمان ناگرێت لە بەرامبەر فشارەکانی بەغدا؟ بۆ مافەکانمان بۆ دابین ناکات؟ بۆ درز دەخاتە هاوپەیمانێتیەکەی خۆی لەگەڵ کورد؟ کە ئەمریکا پشتی بەرداین، وەزعمان چی بەسەر دێت؟ تۆ بڵێی ئەمجارەش نیازی ئەوەی نەبێت دەستبەردارمان بێت وەك چۆن لە ئاداری ١٩٧٥ کردی؟

ئەوی راستی بێت، ئەم جۆرە پرسیارو شك و گومانانە ئاسایین لە لای کورد هەبێت، بە تایبەتی لە رۆژگاری ئەمرۆدا. وەك دەزانین، سیاسەتی ئەمریکا ئەمرۆ لە عیراقدا تووشی تەنگژەیەکی گەورە هاتووە. ئینجا لە ناو عیراقدا، ئەگەرچی ئەمریکیەکان توندوتیژیەکی زۆر بەرامبەر تیرۆریستان بەکار دەهێنن، بەڵام لە هەمان کاتدا لە ئاست حکومەتی بەغداو پێکهاتەکانی دیکەی عیراق، زۆر نەرم و نیان دەجوڵێنەوە. ئەوە نیە پشتی ئەنجومەنەکانی صحوە دەگرن؟ ئەوە نیە بێ دەنگن لە ئاست حکومەتەکەی نوری ئەلمالیکی؟. ئینجا لەوانەش بەولاوتر، کورد خۆی مارانگەستەی دەستی ئەمریکایە. بۆیە، ئاساییە گومانمان هەبێت. بەڵام ئەوەی نائاساییە، بگرە زۆریش نائاساییە، ئەوەیە کە کورد وای لێك بداتەوە رۆژێك دادێ ئەمریکا لە ژێر فشاری بەرژەوەندیەکانی دەست لە کورد هەڵبگرێت. تا ئێستا کەس نە لە ئەمریکا و نە لە ناو کورد باس لەو جۆرە ئەگەرانە ناکات. ئەوەی بەردەوام باس لەوە دەکات و دوعای بۆ دەکات و تەمەننای بۆ دەخوازێت دوژمنانی کوردو هێزە بەرچاو تەسك و تاریکی پەرستەکان و دەوڵەتە دراوسێکان و هەندێك ناوەندی شۆڤێنیستی لە بەغدا. ئەم جۆرە لایەنانە، کردوویانە بە کەلتوور: هەر کاتێك کورد باس لە مافەکانی خۆی بکات، یان داوای جێ بە جێ کردنیان بکات، یان بە باوەڕو متمانەوە بەرگری لە تاقی کردنەوە دیموکراسیەکەی خۆی بکات، ئەو لایەنانە یەکسەر لێوی خۆیانی بۆ دەکرۆژن و دەکەونە بڵاو کردنەوەی ترس و واهیمەی ئەوەی (باشە. ئەگەر ئەمریکا دەستی لێ هەڵگرتین و هاوپەیمانێتەکەی خۆی لەگەڵمان هەڵوەشاندەوە؟ ئەگەر واشنتۆن کوردی بە بەغدا و ئەنقەرە فرۆشت؟ ئێمە، لەو کاتەدا چی دەکەین و چیمان بەسەر دێت؟). هەندێك لایەن زۆرتر دەڕۆن و دەڵێن: ئەو هاوپەیمانێتیەی لە نێوان کوردو ئەمریکا ماوەی چەند ساڵی رابردوو دروست بووە، هاوپەیمانێتیەکی کاتیەو نەفەس کورتەو مەسەلەی کوردیش بەستراوەتەوە بە چارەنووسی ئەو هاوپەیمانێتیەوە.

بە هەر حاڵ، ئەم لایەنانە، زۆر لە ئێمە باشتر دەزانن ئەمریکا جارێکی دیکە دەست لە کورد هەڵناگرێت. دەست هەڵنەگرتنەکەش بەشێکی لەبەر کوردەو بەشێکی زۆرتری لەبەر خۆیەتی. بەڵام بۆ ئەوەی دەستی کورد لە پشت گرتنی تاقی کردنەوە دیموکراسیەکەی خۆی سارد بکەنەوە و بۆشایی و بێ متمانەیی بخەنە نێوانیانەوە، دێن باس لە ئەگەرێکی لەم بابەتە دەکەن و هەوڵی دڵکرمێ کردنی خەڵکی دەدەن لە بەرامبەر دۆستەکانیان.

راستە، کورد ماران گەستەیەو هەمیشە ترسێکی لە کشانەوەی ئەمریکا هەیە. بەڵام ئەم ترسە ترسێکی کوردیە و هیچ پەیوەندیی بەو لایەن و دەوڵەت و کەسانەوە نیە کە ئەمرۆ باس لە ئەگەری هەڵوەشانەوەو زوێر بوونی کورد و ئەمریکا دەکەن. ئەوانە، کە باس لە بابەتێکی لەم جۆرە، لە قۆناغێکی وا سەخت و ئاڵۆزو زەحمەت، دەکەن، مەبەستیان پاك نیە، بەڵکو دەیانەوێت بەم قسانە پەیوەندیە ئاساییەکەی نێوان کوردستان و ئەمریکا کرمێ بکەن. مەبەستیان شك و گومان دروست کردنە لە بەرامبەر یەك لە بەهێزترین رەگەکانی مەسەلەی کورد لە هەلومەرجی سەردەمی ئەمرۆدا کە ئەویش مەسەلەی هاوپەیمانێتی دەرەکیە. کورد هەمیشە بێ بەش بووە لەم جۆرە هاوپەیمانێتیە. ئەمرۆ کە دەرفەتی بۆ رەخساوە ئەم هاوپەیمانێتیەی هەبێت، دوژمنان تووشی حاڵەتی شۆك هاتوون و دەیانەوێت بە هەر شێوەیەك بێت کورد و ئەمریکا لە یەکتری بترسێنن و پەیوەندیەکانیان گوماناوی بکەن.

ئەگەر بە وردی تەماشای تابلۆی پەیوەندیەکان بکەین دەبینین ئەمریکا واز لە کورد ناهێنێت لەبەر کۆمەڵێك هۆی جیاواز:

یەکەم، کوردستان کەوتۆتە ناوچەیەکی جوگرافی و

ستراتیژیی گەلێك گرنگ لە نێوان ئێران و سوریا. پاراستنی کوردستان کە دەکەوێتە چەق و ناوەندە ڕێگەی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە تۆمبەتبارە، هەر نەبێت لە لایەن ئەمریکاوە، بە دنەدانی تیرۆری نێودەوڵەتی، پاراستنی یەك لە بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی ئەمریکاو ئەورووپاو جیهانی ئازادە. ئەوەی زۆرتریش بایەخ بەم مەسەلەیە دەدات ئەوەیە کە ئەمریکا خۆی کێشەیەکی گەورەی لەگەڵ هەر دوو دەوڵەتەکە هەیە.

دووەم، کورد پێوانەیەکی گرنگە لە ڕاگرتنی لەنگەری عیراق. لەوەش گرنگتر، ئەگەر ڕۆڵی کورد دیارو زەق و بەرچاو نەبێت لە عیراق دا، ئەوا ئەم دەوڵەتە بە تەواوەتی دەکەوێتە دەست شیعەوە. سوننەی عەرەب بە تەنیاو بێ پشتیوانی کورد توانای ئەوەیان نیە لە عیراقی ئەمڕۆدا نموودیان هەبێت. جا کە تابلۆکە وای بەسەر هات، پشتێنەیەکی شیعە لە نێوان ئێران و عیراق و سوریا دروست بێت و کەمەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەم هۆیەوە دەشکێت. بگرە، پشتێنەکە هەلومەرجی ئەفغانستان وپاکستان لە ڕۆژهەڵات، لوبنان و تورکیا لە ڕۆژئاوا دەخاتە مەترسیەوە. بەڵام ئەگەر کورد لە عیراق دا کە زۆرینەی سوننە مەزهەبە، لە ناو فەرمانڕەوایەتی کردنی عیراقدا ڕۆڵی گرنگی هەبێت و ڕۆڵەکە پشت ئەستوور بێت بە هاوپەیمانێتیکی بێ گرێ لەگەڵ ئەمریکا، ئەوا ئەگەری پشتێنە شیعیەکە تا ڕادەیەکی زۆر نامێنێت. بێگومان، سوننەی عەرەب لەم ناوەندەدا گرنگە، بەڵام ئەمریکا لەو دە ساڵەی ڕابردوودا هەمیشە ترسی گەورەی لە سوننەی عەرەب بە هۆی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەوەیە.

سێیەم، ئەمریکا ئاگاداری ئەوەیە کورد لە کوردستانی گەورە، یەك لە نەتەوە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. جا، بە هۆی ئەو زوڵمەی لێی دەکرێت لەو دەوڵەتانەدا، کورد هەمیشە سەرچاوەی نەك هەر نائارامیە. بەڵکو سەرچاوەی دامەزراندنی دیموکراسیشە. بۆیە، پاراستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ کوردستانی عیراق پاراستنی عیراقە ئەو هاوپەیمانێتیە با بە شێوەیەکی ناراستەوخۆیش بێت، لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان.

چوارەم، ئەمریکا بە هۆی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تووشی شەڕو ئاڵۆزی هاتووەو ئامادەیە لەو ڕێگەیە هەرچی باجێك هەیە بیدات. کوردستانی عیراق لە ژێر سەرۆکایەتیی جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی و لە ژێر سێبەری حکومەتی هەرێمی کوردستان تا دێت زۆرتریش دەبێتە بنکەی دامەزرانی تاقی کردنەوەیەکی دەوڵەمەندی دیموکراسی و فرەخوازی و بازاڕی ئازاد لە ناوچەکەدا. ڕەنگە ئەمریکا دەست لە هەندێك ناوچە هەڵبگرێت بەوەی کە نەیتوانیوە مۆدێلێکی دیموکراسی تیایاندا دروست بکات. بەڵام لە بارەی کوردستانەوە ئەمریکا هیچ ڕێگەیەکی دیکەی لە پێش نیە لە غەیری پاراستنی دیموکراسیەکەی لە ڕێگەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ کورد. ئەمڕۆ یەك لە زەمانەتە گەورەکانی هاوپەیمانێتی کوردو ئەمریکا ئەو دیموکراسی و فرەخوازیەیە کە لە کوردستاندا هەیە.

پێنجەم، لە شەڕی ئازاد کردنی عیراقدا، تەنانەت دۆستە نزیکەکان، تورکیاو میسر بۆ نموونە، پشتیان لە هاوپەیمانێتیەکەی خۆیان کرد لەگەڵ ئەمریکا. بەڵام میللەتێکی وەکو کورد بەوپەڕی جوامێریەوە پشتی گرت. ئەمریکا دوو شت هەیە قەت لە بیریان ناکات: یەکەم، دەست هەڵگرتنی لە کورد ساڵی ١٩٧٥. دووەم، وەستانی کورد لەگەڵ ئەمریکا لە دژی صدام حسین ساڵی ٢٠٠٣. بۆیە، لەم بارەیشەوە ئەمریکا ئامادە نیە دەست بەرداری کورد بێت.

شەشەم، ئەمریکا هەوڵێکی زۆرو خوێنێکی زۆرو خەرجێکی زۆر لە پێناو هێمن کردنەوەی باری عیراق دەدات. تاکە ناوچەی هێمن لەبەر دەستی دا کوردستانە کە وەك نموونەی لێ هاتووە بۆ هەموو عیراق. بەڵام واشنتۆن بە دیققەت ئاگاداری ئەو ڕاستیەیە کە دەست هەڵگرتن یان زوێر بوون و یان پشت کردن لەو هێمنی و ئارامیە نەك تەنیا کێشەی عیراق ئاڵۆزتر دەکات، بەڵکو زەمینەش خۆش دەکات بۆ ئەوەی هەرچی گورگی هار هەیە لە ناوچەکە چاوی خوێناوی خۆیان لە کوردستان و تەفروتونا کردنی ئەو میللەتە بکەن. بۆیە، پاراستنی هاوپەیمانێتی ئەمریکا لەگەڵ کورد، لەم دیدەشەوە، بووە بە یەك لە دەمارە گرنگەکانی بەرژەوەندیی سیاسیەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

حەوتەم، ئەمڕۆ لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زۆربەی ناوچە جیاجیاکانی جیهان، ڕەقبەرایەتی لەگەڵ ئەمریکاو بوغزو کینە بەرامبەر هەر شتێك بۆنی ئەمریکای لێ بێت بووە بە کەلتووری باو. بەڵام کوردستان، بە پێچەوانەوە، ڕەنگە تاکە ناوچە بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە لە غەیری ڕێزو حورمەت و وەفاداری بەولاوە هیچی ئەوتۆی دیکە لە دڵی خەڵکەکەی دا نیە بەرامبەر بە ئەمریکاو بەها مرۆییەکانی ئەو وڵاتە. جا، ئەوە ڕاستە لە کاتێکدا کورد زۆر لە میللەتانی دیکەی ناوچەکە زۆرتر زەرەری بە دەست سیاسەتەکانی ئەمریکاوە چەشتووە بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٧٥دا.

بە هەر حاڵ، ئاساییە کورد شك و گومانی لە دڵدا هەبێت بەرامبەر بە ڕۆڵی ئەمریکا. بەڵام نا ئاساییە، کورد هەمان ئەو شك و گومانانە بەرمامبەر بە ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەورووپاو جیهانی ئازاد دووبارە بکاتەوە کە دوژمنان و نەیاران و دەوڵەتانی دەوروپشتی کوردستان و شۆڤێنیستەکانی بەغدا دەیڵێن و دەیڵێنەوەو کورد دەترسێنن بەوەی کە (ڕۆژێك دێت ئەمریکا دەست بەردارتان دەبێت. ئەوسا ئێمە حیسابتان لەگەڵ دەکەین). لەو حاڵەتانەدا پێویستە زمانحاڵی کورد دووبارە کردنەوەی ئەو ڕاستیە بێت کە دەڵێت (نەخێر. تا ئێوەی دڵ ڕەق و نیاز پیس و دەست و داوێن خوێناوی مابن، قەت ئەو ڕۆژە بە چاوی خۆتان نابینن).

●●●

**ڕاستە، کورد مارانگەستەیەو هەمیشە ترسێکی لە کشانەوەی ئەمریکا هەیە. بەڵام ئەم ترسە ترسێکی کوردیە و هیچ پەیوەندیی بەو لایەن و دەوڵەت و کەسانەوە نیە کە ئەمڕۆ باس لە ئەگەری هەڵوەشانەوەو زوێر بوونی کورد و ئەمریکا دەکەن**

●●●

●●●

**کورد هەمیشە بێ بەش بووە لە هاوپەیمانێتی. ئەمڕۆ کە دەرفەتی بۆ ڕەخساوە ئەم هاوپەیمانێتیەی هەبێت، دوژمنان تووشی حاڵەتی شۆك هاتوون و دەیانەوێت بە هەر شێوەیەك بێت کورد و ئەمریکا لە یەکتری بترسێنن و پەیوەندیەکانیان گوماناوی بکەن**

●●●

# لەسەروبەندی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا

# پرسە گرنگەکان

## (١-٤)



سالار عوسمان

لەســـەروبەندی پێکهێنانی کابینەی نوێـــی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان چەند مەســـەلەیەك هەیە کە بەردەوام قسەی لێدەکرێ و بۆتـــە جێی بایەخی نێوەندە سیاســـیی و ئیعلامییەکان و لێرەدا هەوڵ دەدەیـــن ئەگەر بە کورتیش بێ جێگەیان بۆ بکەینەوە و قســـەیەکیان لەبارەوە بکەین..

*** کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان:**

بۆ هەرێمێکی وەك کوردستان کابینەیەکی وەك ئەوەی ئێستا زۆرە، هەرچەندە ئەوسا حکومەت بۆ ئەم بەرفراوانییە پاساوی خۆی هەبوو، بەڵام پاســـاوەکان هەرچی بووبن هەرێمێکی وەکو کوردســـتان هێندە وەزارەتەی پێویســـت نییە، هەر بۆیە ئەو قەناعەتە راستە کە کابینەی دادێ بچووك بکرێتەوە، لێ بچووك کردنەوەیەك بۆ بەهێزکردن، دیارە لـــەم کابینەیەی دادێ نیـــاز وایە وەزارەتی بەهێـــز و وەزیری بەهێز و دواجار کەســـایەتییەکی بەهێزتر بۆ حکومەت دروســـت بکرێ کە بشـــێ لەنێو فۆرم دەرچێ و زێتر لەنێو ناوەڕۆکدا کار بکات، گرنگە حکومەت لەنێو ناوەڕۆکدا خۆ تاریف کات و بە ئاراستەیەکی دروستتر و بە بینینێکی دوورتر هەنگاو هەڵێنێ!

*** بەشداریی حزبەکان لە حکومەتدا:**

لەوە دڵنیاین ئـــەو کابینەیەی دادێش کابینەیەکی ئیئتلافی دەبێ و پرەنســـیپی تەوافوقی سیاســـیش پانتاییەکی بەرچاو لە پشت ئەم ئیئتـــلاف بوونە داگیـــر دەکات، بەڵام هەق وایە ئەمجارەیان پرســـی بەشـــداریی سیاسیی یا باشتر بڵێین بەشداریی حزبەکان لە حکومەتدا هەڵوەستەیەکی جدی لەبارەوە بکرێت، راستە هەموومان لەگەڵ ئەوەین جگە لە پارتی و یەکێتی کە لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا متمانەی میللەتیان وەدەســـتهێناوە حزبەکانی تریـــش بەتایبەت ئەوانەی خاوەن سەنگن بەشداریی لەو کابینە نوێیەدا بکەن، چونکە بەشداریی سیاسی و بەیەکـــەوە کارکردن و لە یەکریز کۆکردنەوەی رەنگە سیاســـییەکان هێزێکی ئەوتۆ بە ژیانی دیموکراســـی دەبەخشـــێ کـــە بۆ ئێمەی کوردستانی فرە پێویســـتە، بەڵام واباشە ئەم بەشدارییکردنە تەنێ لە بازنەی ماف و دەســـکەوتەکان نەخولێتەوە بەڵکو دەبێ لە دابەشبوونی ئەرکەکان و رووبەڕووبوونەکانیشـــدا پشکداربن.! روونتر قسەکانی خۆم دەکەم و دەڵێم: حزبی وا هەیە هەم بەشدارە لە پەرلەمان و هەم بەشدارە لـــە حکومەت کەچی نەك هەر خۆی بە بەشـــێك لـــەم پەرلەمان و حکومەت و ئەزموونە نازانێ بەڵکو هەندێ کەڕەت کارەکتەرەکانی ئەو حزبە بە جۆرێك قسە دەکەن وەك ئەوەی لە جوگرافیایەکی ترەوە بژین، ئەم قســـە کردنانە ئەگەر لە کادیرێکی خوارەوەش بێ مرۆڤ دەکرێ عوزرخواییەکی بۆ بێنێتەوە، نەخێر هەندێ کەڕەت سکرتێری ئەو حزبانە قســـەی وا دەکەن مرۆڤ لە خوێندنەوەی دێڕەکانی نێو قسەکانیاندا دەکەوێتە نێو گومان و دەپرسێ: تۆ بڵێی جەنابی سکرتێری فلان حزب کە بەشدارە بە فلان پۆستی وەزارەت و لە پەرلەمانیشدا کورسی هەیە و داوای زیاتریـــش دەکات ئەم هەرێمە بە هەرێمی خۆی بزانێ و ئەم حکومەتەش کە خۆی بەشدارە لێی بە هی خۆی بزانێ؟!...

کە بەشداریی سیاسیی بەشـــداری ئەرکەکانی بەدوادا نەهات، کە بەیەکەوە کارکردن بەیەکەوە بەرپرســـیەتی بـــەدوادا نەهات گچکەش قســـەی گەورە دەکات و هەندێ کەڕەت خۆزگە بە قسەی گەورەش قســـەی بەتاڵیش دەبێتە مۆد!! قســـەیەك تەنیا وشـــەیە و کرداری دەگەڵدانییە، قسەیەك تەنیا بۆ چاو بەستکردنی خەڵکە و هەقیقەتی دەگەڵدا نییە، قســـەیەك تەنیـــا گەرمکردنی رۆژنامـــە و رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانە و دڵسۆزیی دەگەڵدانییە!!.. بۆیە ئەمجارەیان پێویستە حکومەتی هەرێم هەر ئیمتیازات نەبەخشـــێتەوە بەقەد ئەوەی ئەرك و ئیمتیاز لەگەڵ یەکدا گـــرێ بدات! ئەم لەیەك گرێدانە نەك هەر بۆ حزبەکانی نێو حکومەت تەنانەت بۆ کادیرەکانی نێوخودی حزبەکان و دامەزراوەکانی وڵاتیش فرە پێویســـتە چونکە لە کوردستان مۆدێك لە قســـەکردن پەیدا بووە کە هەر داواکارە و لە داواکردنیشدا تەنیا خۆی و زاتی خۆی و بەرژەوەندییەکانـــی خۆی دەبینێ، ئالێرەدا کادیر جا ئەو کادیرە هەرکێ بێ و لەهەر ئاســـتێکدا بێ و لەهەر حزبێکدابێ لە کارەکتەرێکی کارکەری بەرهەمدارەوە دەگۆڕێ و دەبێتە مشەخۆرێکی بـــێ بەرهەمی بەتاڵ کە بەداخەوە ئێســـتا لە کوردســـتان ئەم تەرزە کادیرانە زۆرن و کەم نین!!!...

ناکرێ حزبێك بەشـــداریی لە حکومەت بـــکات و لەبەردەم گرفت و رووبەڕووبوونەوەکانـــدا پایـــدۆزی لێ بـــکات!.. ناکرێ حزبێك لە هەبوونەکاندا پشـــکداربێ و لە نەبوونەکانیشـــدا خۆی نەکاتە بەشێك لە بەرپرســـیەتی!... ناکرێ جەنابیان لە ســـەعاتەکانی رۆژدا وەزیر بێ و لە ســـەعاتەکانی شەودا لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنی حزبەکەی دژی حکومەت قســـە بکات و خەڵك لـــە دژی ئەم ئەزموونە گەرم بکات!!... ئـــەم پەتایە هەر لەنێو حکومەتدا نییـــە لەنێو بوارەکانی تریشدا هەیە، یەکێ لەو بوارانە بواری میدیایە لە کورستان کە تووشی هەمـــان پەتا بووە و خەریکە زیاتریش تەشـــەنە دەکات!. بەشـــێك لە میدیا لە کوردستان لە کابینەکانی کوردستانەوە ئاو دەخۆنەوە و هێزی یاســـایی لە حکومەتی کورســـتانەوە وەردەگرن و لە سایە و سێبەری ئازادیدا دەنگ هەڵدەبڕن کەچی لە پیشەکەیاندا کە پێویستە بێلایەنی خۆیان بپارێزن بەڕادەیەك (پرەنسیپی بێلایەنی) یان پشتگوێ ختسووە خەریکـــە لەنێو ماڵدا وەك ناحـــەز و بگرە هەندێ جار وەك دوژمنیش هەڵسووکەوت دەکەن!..

لە دوو ماهی ئەم بەشـــە نووســـینەدا دەمەوێ بڵێم: پرەنســـیپی (ئەرك خستنە ئەستۆ) پرەنســـیپێکە دەبێ کابینەی دادێ و تەواوی ژیانی سیاسیی لە کوردستان دارشتنەوەیەکی نوێی بۆ بکەن چونکە فەرامۆشکردنی ئەم پرەنســـیپە دواجار هیچ ئینتیمایەك بۆ تاکەکان ناهێڵێتەوە!..

لەبەشـــی دووەمی ئـــەم نووســـینەدا هـــەوڵ دەدەیـــن لەبارەی پرسی (ئینتیما)وە قسە بکەین..

Salar osman@yahoo.com



**مەحمود محەمەد ئەندامی (م.س) پارتی دیموکراتی کوردستان**

# ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێبکرێت هەندێک گرفت دروست دەبن بەڵام ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێنەکرێت کارەسات روودەدات، ئەمە رای ئەمریکییەکانە

## "یەکگرتوو و کۆمەڵ بەشێکن لە دروستبوونی ئەو نارەزایەتییەی کە گەنجانی ئێمە لەکوردستان هەیانە"

■ ئەمرۆ گرفتە سیاسیەکان تا دێت تێکچرژاوتر دەبێت، کە کوردستان و گەلی کورد دەکرێت بە تەوەرێکی پەیوەندار بەم ئاڵۆزییانە دابنرێت، ئەگەر هێشتا گرفتەکانمان لەگەڵ بەغدا نەك هەر یەکلا نەبۆتەوە، بەڵکو تا دێت ئاڵۆزتریش دەبن و هاوبەندی و بەرەکان بۆ بەرژەوەندییەکان گۆڕانکاریان بەسەردا دێت و هەڵوێستی ئەم گرووپ و ئەو رەوت بە ئاسانی لە لایەکەوە بۆ لایەکی تر دەکشێنەوە، هاوکات لە سەروبەندی ئەم گرفتانە ی کە رووبەرووومان بوونەتەوە، لێرەش لە کوردستاندا، حیزبە کوردستانی و ئیسلامییەکان کە هەمووشیان لە حکومەتی هەرێم بەشدارن، زمانی رەخنەیان لە جاران توندتر کردووەو هەمیشە لە راگەیاندنەکان خۆیان بە جۆرێك نیشان دەدەن کە ئەوان لە خودی حکومەت رازی نین و داوای چاککردنی دەکەن و کەچی لە لایەکی تریشەوە گەرەکیانە لە کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمدا، باشترین و زۆرترین پۆستیان بدرێتێ، بۆیە تەماشا دەکەین نە ئۆپۆزیسیۆنێکی دروستن و نە بەشداربوویەکی دروست، کە ئەمەش کەلێنێکی لە سیاسەتی ئەو حیزبانە دروستکردووە، گوڵان بۆ مەبەستی رووناکی خستنە سەر ئەو تەوەرانەو چەندین باسی تر بە پێویستی زانی بەرێز( مەحمود محەمەد) ئەندامی (م.س) پارتی دیموکراتی کوردستان بدوێنێ، کە ئەم دیمانەیەی لێ کەوتەوە.■

**ئەمەریکا بۆ بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد عێراقی رزگار نەکردووە، بەڵکو ئەجێندایەکی تایبەتی خۆی بۆ عێراق و دەوروبەریش هەیە**

**لەم نزیکانە وەفدێکی کوردستان دەچێت بۆ بەغدا لەسەر ئەم بابەتەی کە هاوپەیمانی کوردستانی دەنگی بەرز کردۆتەوە و رایگەیاندووە کە هەندێک کەموکوڕی هەیە، لەسەر وەڵامەکەی ئەوانیش گفتوگۆ دەکرێت و چارەسەری ئەم شتانە دەکرێت**

**تەنیا مالیکی نییە توانیویەتی باری ئەمنی بەرەوپێش ببات ئەوە هاوکاریەی خودی عێراقییەکان بە کورد و عەرەب و خودی شیعە و سوننە کردوویانە بۆ ئەوەی باری ئەمنی چاک بکەن ئەو هاوکاریە زۆر و بەرنامەڕێژییەی کە ئەمەریکییەکان کردوویانە کە لە بواری ئەمنیدا چاکسازی تێدا بکرێت،بۆ سەرکەوتن ڕێژەیەکی باش بەدەست هێناوە**

**• حکومەتی کوردستان ئێستا بە قۆناخێکی سەخت و دژواردا رەت دەبێت، کە بەرێزت لە نزیکەوە ئاگاداری، پێت وا نییە، ئێمە تا ئێستا دۆستی حەقیقیمان نییە .چ لە وڵاتانی دەوروبەر چ لە وڵاتانی وەک ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا؟ ئەگەر وایە دەکرێ هۆکارەکانی بزانین؟**

◂ راستە هەندێك گرفت لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق هەیە دەتوانین ئەم گرفتانە پۆلین بکەین وەکو ماف لە دەستووری عێراق بۆ هەرێمی کوردستان یاخود هەرێمەکانی دیکە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت مومارەسەی ئەو مافانە بکات و سوودی لێوەربگرێت بەشێکیشیان لەو گرفتانەن کە پێشتر رێککەوتنی لەسەرکراوە، بەڵام بە گوشاری هەندێك لایەن و کەسایەتی کە لە بەغدا دەور دەبینن ولەوانەیە هەندێکجار گوشاری دەرەکیش هەبێت لە رێگەی ئەو کەسانەوە، لایەنە دەرەکیان گوشارەکانی خۆیان لە عێراق بەکار دێنن، بەڵام ئەمە بەم مانایە نییە ئێمە دۆستمان نییە و کەس لەسەرمان بەجواب نایەت بەشێك لەوەی کە دەبێت گرفتەکان چارەسەر بکرێن ئەوەی خۆمان زیاتر رێکوپێك بین هاو هەڵوێست بین لەوانەیە من هاورا نەبم لەوەی کەدەڵێی ئێمە دۆستمان نییە بەڵکو زۆر لەم دۆستانەی کە رۆڵیان هەیە لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا یان کاریگەرییان هەیە هەوڵدەدەن ئەو گرفتانە چارەسەر بکەن مەرجیش نییە بە تەنازول یاخود کەمکردنەوەی مافەکانی گەلی کورد ئەوان بروایان وابێت کێشەکان چارەسەر بکەن.

**• ئەگەر زۆر دوور نەڕۆین لە ساڵی ٢٠٠٣ وە لە پرۆسەی رزگارکردنی عێراقەوە کورد هەموو هاوکارییەکی ئەمەریکای کرد هەر لەبەر دڵی ئەمەریکاش کورد وەکو ئەوەی دەیویست کەرکوك رزگار بکات نەیکردو دەتوانین بڵێین بۆ ئەمەریکایەکانمان بەجێهێشت، کەچی وا ئێستا کورد ئەو زەریبەیەی ئەو کات دەدات و ئەمەریکاش ئەوانەی لەبەرچاو نییە؟**

◂ لە راستیدا دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە ئەمەریکا بۆ بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد عێراقی رزگار نەکردووە، بەڵکو ئەجێندایەکی تایبەتی خۆی بۆ عێراق و دەوروبەریش هەیە.

بەڵام بەشێك لەم بەرژەوەندییانەی کە لەم ئەجێندایە هەیە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئێمەی کورد تێکەڵاو بووە یان وەکو یەك وان یان بە هاوتەریبی یەکن کە لە قازانجی هەردوولا بێت، بۆیە بەرژەوەندییەکانی ئێمە و ئەوان تێکەڵاو بووە و هاوکاری یەکتریش دەکەین، بەڵێ راستە سەرەتای رزگارکردنی عێراق نەك هەر هاوکاریمان کردوون بەڵکو بەشی زۆری باکووری عێراق کە ئەوان پێیدەڵێن باکووری عێراق لە موسڵ و لە کەرکوك پێشمەرگەی کورد و خەڵکی کوردستان رزگاریان کرد،لە سەرەتای هاتنیان تا ئێستاش دۆستایەتییەکەمان بە شێوازێك بووە کە ئەوان سوودیان لەم دۆستایەتییە وەرگرتووە ئێمەش سوودمان لەم دۆستایەتییە وەرگرتووە، بۆ زۆر لەم بابەتانەی لە عێراق پێویستمان پێبووە.

**• هەست ناکەی دۆستایەتییەکە بەپێی پێویست نییە؟**

◂ لەوانەیە ئێمە زیاد لەرادەمان داوا لە ئەمەریکا هەبێت، ئەوانیش لەبەر بەرژەوەندیەکانی خۆیان چ لەناو عێراق لەگەڵ عەرەبی شیعە یا لەگەڵ عەرەبی سوننە، هەروەها لەگەڵ دەوروبەر وەکو عەرەبستانی سعودی و تورکیاو کۆمەڵێك شوێنی دیکە کاریگەرییان بەسەر بۆچوون و سیاسەتەکانی ئەمەریکا هەیە.

**• پێتان وا نییە گەڕانەوەی ئەو لیست و گرووپانەی کە لە حکومەتی مالیکی کشابوونەوە، ئێستا بۆ دژایەتیکردنی داخوازییەکانی کورد (وەك جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و بودجە و یاسای نەوت و ...هتد) دەگەڕێنەوە بۆ ناو حکومەتی مالیکی؟ ئایا ئەو کاتە کورد لەبەرامبەر ئەو هەموو گرووپانەی دێنەوە ناو حکومەت دەتوانێت هەنگاوێکی جیدی بۆ داخوازییەکانی خۆی لە حکومەتی مالیکی بهاوێت ؟.**

◂ دەبێ ئێمە ئەوە بزانین لە بەغدا بەرەیەکی تایبەت و رێکخراو لە دژی بەرژەوەندیەکانی گەلی کورد وجودی نییە، بەڵام لەلایەن هەندێك کەسایەتی لە کاتی روودانی شتێکی ئاوەها ئەوان دەنگی خۆیان بەرز دەکەنەوە و هەوڵ دەدەن مەسەلەکان لە قەبارەکەی گەورەتر بکەن ئەو لایەنانەی کە لە حکومەت کشابوونەوە یاخود لە پرۆسەی سیاسی رای جیاوازیان لەگەڵ یەکێتی و پارتی و حزبی دەعوە و مەجلیسی ئەعلا هەبوو مەرج نییە ئێستا کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە حکومەت مەبەستیان دژایەتی گەلی کورد بێت، بەڵکو بەشێك لەوانە ئێمەش هەوڵمان بۆداون بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە نێو پرۆسەی سیاسی و بگەڕێنەوە نێو حکومەت لایەنی کورد بێبەش نییە لە هەوڵدانەکان بۆ گەڕانەوەی هەندێك لەم لایەنانە بۆ ناو حکومەت و بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسیدا چونکە بەشێك لەم لایەنانە لە کاتی دەنگدانەکان لە دژی کورد دەنگیان نەداوە.

**• بەڵام زۆربەیان لە دژی کوردن وەکو لیستی عێراقیە تەیاری سەدری، هەندێك کەسایەتی و...هتد.**

◂ هەندێك کەس هەن لە نێو ئەم لیستانە تۆ ناوی لیستی ئەلعراقیەت هێنا، سەرۆکی لیستەکە و کۆمەڵێك ئەوانەی لە لیستەکە بەشدارن دۆستی کوردن و لایەنگرانی مافەکانی کورد دەکەن بە روونی بەشێك لە جەبهەی تەوافوق حزبی ئیسلامیی بە یاداشتی لێکتێنەگەیشتن لە نێوان ئێمەی کورد و ئەوان لەسەر چەند خاڵێك رێککەوتبووین کەواتە گەڕانەوەی ئەوان رەنگە زۆر کێشە دروست نەکات، لەو چەند رۆژەی دواییشدا حزبی فەزیلە لە وتووێژێکدا لەگەڵ لایەنی کوردی کردوویەتی زۆر لەم خاڵانەی گرنگن ئەوانیش لەگەڵیدان، بۆیە گەڕانەوەی ئەوان بەمشێوەیە نییە کە لە راگەیاندنی عەرەبی زیاتر زەق دەکرێتەوە کە گوایا هەمووی لە دژی کوردە و ئەوانە هەوڵێکن بۆ دژی بەرژەوەندیەکانی گەلی کورد.

**• باشە ئێستا ساردیەك دروست نەبووە لە نێوان مالیکی و ئەو داواکارییانەی کە کورد داوایان دەکات؟ بەتایبەتی وەکو دەردەکەوێت وەڵامی کوردی داوەتەوە، بەڵام وەڵامی**

**داواکارییەکانی رەتکردۆتەوە وەکو راگەیاندنەکان بەگشتی و عەرەبییەکان بەتایبەتی باسی لێوە دەکەن؟**

◂ دەبێ ئێمە ئەوە بزانین کاتێك باس لە حکومەت لە دەسەڵات دەکرێت لە بەغدا کورد بەشێکە لەم دەسەڵاتە و بەشێکە لەم حکومەتە بەشێکی ئۆپۆزسیۆن نییە بەڵکو بەشێکی پێکهێنەری حکومەتەکەیە پێکهێنەری دەسەڵاتەکەیە، کە ئەگەر بێت ولایەنی کوردی هەندێك داواکاری بۆ چاکسازی هەبێت هەقی خۆیەتی کە ئەوە هەم لە ئەنجوومەنی وەزیران هەم لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق باسی لێ بکات، وە ئەو یاداشتەی لایەنی کوردی بەناوی هاوپەیمانی کوردستانی داوێتی بەشی هەرە زۆری ئەوەیە کە ئەو کەموکووڕییانەی کە هەیە، باسی لێوەکردوون ئەو کەموکوڕییانەی لە هەموو پێداویستیەکانی ژیان لە کۆمەڵگای عێراقی و بە کوردستانیشەوە وەك کارەبا و سوتەمەنی و کۆمەڵێك لەو کێشانەی کە ئێمە هەستیانپێدەکەین، لەلایەکی دیکەوە لەوانەیە بەشێکی سیستەمی ئیدارەکردنی وڵات لایەنی کوردی گلەیی لێ هەبێت و ئەم گلەییانەی بەرچاو خستووە، چونکە ئێمە لەگەڵ حزبی دەعوە و مەجلیسی ئەعلی کە مالیکی نوێنەری ئەم لیستەیە و لەلایەن ئەوانەوە هەڵبژێردراوە رێککەوتنی چوارقۆڵیمان هەیە.

● **باشە مالیکی وەڵامی داوەتەوە؟**

◂ بەڵێ وەڵامی داوینەتەوە، بەڵام بەمشێوەیە نییە کە رەتی شتەکانی کردبێتەوە و هەندێك لە شتەکانی سەلماندووە، لەم نزیکانەشدا وەفدێکی کوردستان دەچێت بۆ بەغدا لەسەر ئەم بابەتەی کە هاوپەیمانی کوردستانی دەنگی بەرز کردۆتەوە و رایگەیاندووە کە هەندێك کەموکوڕی هەیە، لەسەر وەڵامەکەی ئەوانیش گفتوگۆ دەکرێت و چارەسەری ئەم شتانە دەکرێت.

● **دەکرێ ئەو شتانەی کە پەسند کراون یاخود پەسند نەکراوە شتێکی لێ بزانین؟**

◂ لەوانەیە زۆرتری ئەو موزەکەرەی بەناوی هاوپەیمانی کوردستانەوە دراوەتە مالیکی لایەنە گشتییەکانی ئابووری تێدا هەبێت لایەنە گشتییەکانی ئابووری تێدا هەبێت و هەروەها بڵێین ئەو ساردیەی هەیە لە بەڕێوەبردنی چاکسازیەکان باس کرابێت بەسەر مادەی١٤٠ئێمە پێشتر رێککەوتنێکمان هەیە و ئەویش قسەی خۆی هەیە و هەوڵی داوە پەلە بکرێت لە کارەکان و کارەکان ئەنجام بدرێت، بەڵام هەموو دواکەوتنەکە لەیەك شوێن نییە، لەسەر ئەوەی مادەی ١٤٠جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو کۆمەڵێك فاکتەر هەنە وایکرد کە مادەی ١٤٠بۆ ماوەی (٦) مانگ درێژ بکرێتەوە، یاخود جێبەجێ نەکردنەکەی درێژ بکرێتەوە ئەو لاری نییە لەسەر مەسەلەی جێبەجێکردنەکە و بە māddeیەکی دەستووری زانیوە و زۆری خاڵی دیکەشی هەیە ئێمە گوتومانە بەپێی دەستوور دەبێ وابێت ئەو ئینکاری نەکردووە لە بواری دابینکردنی ئەمنیەت موزەکەرەکەی ئێمە تێیدایە کە ئێمە گوتومانە باری ئەمنی بەرەوپێش چووە فیعلەن بە هاوکاری هەموو لایەنەکان هەوڵدراوە، چونکە تەنیا مالیکی نییە توانیویەتی باری ئەمنی بەرەوپێش ببات ئەو هاوکاریەی خودی عێراقیەکان بە کورد و عەرەب و خودی شیعە و سوننە کردوویانە بۆ ئەوەی باری ئەمنی چاك بکەن ئەو هاوکاریەی زۆر و بەرنامەرێژییەی کە ئەمەریکیەکان کردوویانە کە لە بواری ئەمنیدا چاکسازی تێدا بکرێت،بۆ سەرکەوتن، رێژەیەکی باشی بەدەست هێناوە.

● **ئێستا یەك لەم گرفتانە ئەوەیە کە دەڵێت ئەگەر کورد لەگەڵ حکومەتی مالیکی رێککەوتنێك بکات، ناتوانێت لە حکومەتی مالیکی بکشێتەوە، چونکە بنەمایەکی ئابووری و دارایی بەهێز و پتەوی نییە تا بتوانێت ئیدارەی خۆی پێ بکات؟**

◂ ئێمە بە سفر یاخود بە سەد ژمارە دەرنەکەین لە شتەکان یاخود لە حکومەت بەشدار دەبین یاخود بەشدار نابین یان ناکشێنەوە یاخود دەکشێینەوە، کشانەوە لە حکومەت هەروا ئاسان نییە.

● **لە حالەتی گەیشتنە بنبەست؟**

◂ دەبێ ئەمە بڵێین ئەمە دوایین کارتە کە بەکاری دێنین، بەڵام کارتیی ئاخیر هەر ئەوە نییە، بڵێیت ئێمە لە حکومەت دەکشێینەوە، نەخێر هەوڵی ئەوە دەدەین زەمینەیەکی ئاوا دروست بکەین کە ئەگەر گەیشتنە ئەو حاڵەتە بەرەیەك لەلایەن و کەسایەتیەکان دروست بکەین، واتا ئەگەر ویستمان بکشێینەوە



●●●

**ئەگەر ویستمان بکشێینەوە دەبێت حکومەت برووخێت، نەک ئێمە بکشێینەوەو مالیکی لەلایەکی دیکە بتوانێت کۆمەڵێک خەڵک کۆ بکاتەوە و حکومەتەکەی بەردەوام بێت**

●●●

●●●

**لە باشووریش زۆر پێویستیان بە سەحوە نەبوو، چونکە لەوێش هێزی چەکداری سوپا و پۆلیس خەڵک پشتیوانیان لێدەکات و تا رادەیەک توانیویانە ئاسایش دابین بکەن، بەڵام ئەوەی ئەمنیەتی تێدانەبوو ناوەڕاستی ئێراقەکەی ناوچەی سوننە نشینن**


●●●

**ئێستا هەندێک لەوانەی سەحوەن بوونەتە کێشە لەبەر ئەوەی لە هەندێک کێشەدا خۆیان بەدەسەڵات دەزانن خۆیان بە بەدیلی حکومەت دەزانن**

**وەفدەکە بەسەرۆکایەتی سەرۆکی حکومەت کاک نێچیرڤان دەبێت و بە بەشداری هەندێک لە هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی و هەندێک شارەزا لەبوارە جیاجیاکاندا کە پێویست دەبێت لەوێدا لە لیژنەکان بە شداربن بۆ تاوتوێکردنی ئەو بابەتانەی کە لە نێوان ئێمە و ئەوان بە هەڵواسراوی ماون و پێویستە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت**

**ئەگەر تورکیا یارمەتی بەرەی تورکمانی دەدات ئەوە نییە کە بەرەی تورکمانی توانییێتی دیبلۆماسیەتێکی یەکجار زۆر باشی هەبێت و پرۆسەی سیاسی لە ژێر کاریگەری بەرەی تورکمانیدا بێت بەڵکو خودی تورکیایە دەیەوێت بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکات لە ڕێگەی بەرەی تورکمانییەوە و بەرەی تورکمانیش بۆ ئەم مەبەستە بەکار دێنێت, کورد توانیویەتی دۆستی زۆر باشی لە ئەورووپا لە ئەمەریکا بەدەست بێنێ**

حکومەت بڕووخێت، نەك ئێمە بکشێینەوەو ئەو لەلایەکی دیکە بتوانێت کۆمەڵێك خەڵك کۆ بکاتەوە و حکومەتەکەی بەردەوام بێت، نەخێر ئەگەر ویستمان ئیش بکەین ئیش بەمشێوەیە دەکەین کە کۆمەڵێك لایەنی دیکە لەگەڵ ئێمە هاوڕا بن بۆ ئەوەی کە ئەو حکومەتە نەتوانێت کارەکانی جێبەجێ بکات بۆیە ئەوکات دەبێت ئەو حکومەتە بگۆڕدرێت و حکومەتێکی دیکە دروست بکرێت.



● **ئێستا چەکدارکردنی بەناو سەحوە لە ناوەڕاست و باشوور سەرکەوتنێکی کاتییان بەدەست هێناوە، بەڵام لە شارەکانی وەکو موسڵ و کەرکوك کە کورد لەم دوو شارە رۆڵێکی بنچینەیی تێدا دەبینێ لە دابینکردنی ئاسایش و تەناهی بەڵام ئەم عەشایەرانە چەکدار بکرێن گرفتی جدی بۆ هێزی پێشمەرگە و هێزی کوردی دروست بێت ئەوکاتە بەتایبەتی ئێستاش لە کەرکوك خەڵکێکی زۆریان چەکدارکردووە، هەرچەندە سەرکردایەتی کورد هەڵوێستێکی نیگەتیڤی هەیە بەڵام بە کردنی نەیتوانیوە ئەم پرۆسەیە رابگرێت؟**

◂ لە باشووریش زۆر پێویستیان بە سەحوە نەبوو، چونکە لەوێش هێزی چەکداری سوپا و پۆلیس خەڵك پشتیوانیان لێدەکات و تا رادەیەك توانیویانە ئاسایش دابین بکەن، بەڵام ئەوەی ئەمنیەتی تێدانەبوو ناوەڕاستی عێراق و ناوچەی سوننە نشینبوو، سەحوە لەوێدا کاریگەریەکی باشیان هەبووە وەکو هەڵگەڕانەوەیان لە قاعیدە و هاوکاریکردن بۆ بەعسییەکان وایکرد کە ئەمنیەتی بەشێکی زۆری ئەم ناوچانە دابین بکرێت، بەڵام بەنسبەت ئەو شوێنانەی کوردستان کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان تێیدا باڵادەستە،ئەمە روونە ئێمە پێویستمان بەم شتانە نییە و نایەڵین زیندوو ببێتەوە، چونکە ئەمە بەشێکە لەو فکرەی کە لە کۆنیشدا حکومەتەکانی عێراقی بۆ بە جاشکردنی هەندێك لە خەڵکی کوردستان بۆ بەستنەوەیان بە خۆیان دەیانکرد، بەڵام بە نسبەت ئەو شوێنانەی تێکەڵاوە لە پرۆسەی سیاسی ناونراوە ئەو شوێنانەی کەکێشەی لەسەرە، ئێمە رای خۆمان بۆ حکومەتی عێراق باسکردووە و ئەم خاڵەش بەروونی لەگەڵ ئەوان ساغ دەکەینەوە، وە لە شوێنەکانیش بە هەموو ئەو دەزگایانە گۆتراوە کە ڕێگە نەدرێت بەناوی سەحوە دیسان خەڵك چەکدار بکرێت چونکە چەکدارکردنی ئەوان و بەهێزکردنی ئەم حاڵەتە نا قانونییە، کە نەمانویستووە تا ئێستا دروست بێت، چونکە دیسان کە کاریان پێنەما دەبنە ئاستەنگ و چییان لێدەکەن، ئێستا هەندێکیان بوونەتە کێشە لەبەر ئەوەی لە هەندێك کێشەدا خۆیان بەدەسەڵات دەزانن خۆیان بە بەدیلی حکومەت دەزانن، بۆیە بەشێکی زۆری عەرەبەکانی دەوروبەری کەرکووك و موسڵیش لەگەڵ ئێمە هاوڕابوون کە ئەم سەحوانە دروست نەبێت بۆ نموونە وەکو لە دەوروبەری مەخمور و لە هەندێك شوێنی کەرکووکیش ئەم بابەتە راوەستاوە و ئیشی پێناکرێت.

● **باشە ئەو وەفدەی دەچێت بۆ بەغدا وەفدە کوردییەکە لە ئاستێکی باڵایە یاخود لە ئاستێکی ئاساییە؟**

◂ وەفدەکە بەسەرۆکایەتی سەرۆکی حکومەت کاك نێچیرڤان دەبێت و بە بەشداری هەندێك لە هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی و هەندێك شارەزا لەبوارە جیاجیاکاندا کەپێویست دەبێت لەوێدا لە لیژنەکان بە شداربن بۆ تاوتوێکردنی ئەو بابەتانەی کە لە نێوان ئێمە و ئەوان بە هەڵواسراوی ماون و پێویستە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت.

● **کاك مەحمود زۆر جار شەقامی کوردی رەشبینی لادروست بووە لەوەی کورد ناوچەیەکی رزگارکراوی بەدەستەوەیە و کاری خۆی کردووە و بەڵام نەیتوانیوە خەباتی سیاسی و دیبلۆماسی بەپێی پێویست ئەنجام بدات، هەر لەبەر ئەمەش دۆستی راستەقینە و دۆستی جدیمان نییە وەکو ئەوەی سوننە هەیەتی یاخود شیعە هەیەتی یاخود تورکمان هەیەتی، هەتا ئاشوورییەکانیش دۆستیان هەیە، مەبەستم ئەوەیە کورد وەکو ئەوانە نییە هەست دەکەیت دۆستەکانی کورد بەپێی پێویست نییە، ئایا ئەگەر ئێمە وابین دوای (١٧) ساڵ کاتی ئەوە نەهاتووە پێداچوونەوەیەك لە خۆمان بکەین لە رووی خەباتی سیاسی و دیبلۆماسی؟ بەتایبەتی خەباتی دبلۆماسی کە بەپێی پێویست نییە،؟**

◂ لە راستیدا مەسەلەی کاری دیبلۆماسی و سیاسی و بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا لەوانەیە بەپێچەوانەوە

بێت ئەوەندەی کە کاریگەری لایەنی کوردی بەســەر پرۆسەی سیاســی عێراقەوە هەبــووە رەنگ بێــت زۆر خەڵك و لایەن نیگەرانی ئەوەیان لا دروســت بێت، هەتا هەندێکجار تەسەوری ئەوەیــان کردووە ئێمە زیاد لە حەد دەســەڵات بــەکار دێنین لە ناو پرۆســەی سیاســی عێراقیدا وە هەندێکجار زۆر شتی هەڵواســراو بەرایەکی کوردی یەکلایکراوەتەوە، ئێمە دۆستمان هەیە دۆستمان لە ئەحزابی سیاسی عێراقی هەیە.

**● مەبەســتم ئەوەیە لە ئاستی دۆستایەتی لایەنەکانی دیکە نییە وەکو سوننە و شیعە؟**

◂ تۆ دەبێ ئــەوە لێکبدەیتەوە کە ســوننەی عەرەب (٢٢) دەوڵەتی عەرەبی هەیە پاڵپشتیان دەکەن، چونکە بە ئیمتیدادی خۆیان دەزانن ئەمە مەســەلەیەکی جیاوازە ئەمە مەســەلەی دۆســتایەتی نییە، ئەمە ئەم و ئەوە نییە کە ئەو چەند حزبە بە دیبلۆماســیەتێکی باش یا بە سیاسەتێکی باش پشتیواني ئەم وڵاتانانەیان بۆ خۆیان راکێشــابێت بە پێچەوانەوە بەڵکو خودی ئەم دەوڵەتانەن کە دەیانەوێت بەشــێك لە سیاســەتی خۆیان لە ئاستی عێراقدا لە رێگەی ئەم لایەنانەوە لە عێراقدا پیادە بکەن، ئەمە جیاوازە لەگەڵ مەسەلەی دۆستایەتی کردن، و بەنسبەت خەڵکی تریش بە هەمان شــێوە ئەگەر تورکیا یارمەتی بەرەی تورکمانــی دەدات ئەوە نییە کە بــەرەی تورکمانی توانیبێتی دیبلۆماســیەتێکی یەکجار زۆر باشــی هەبێت و پرۆســەی سیاســی لە ژێر کاریگــەری بەرەی تورکمانیــدا بێت بەڵکو خودی تورکیایە دەیەوێت بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکات لــە رێگەی بەرەی تورکمانییــەوە و بەرەی تورکمانیش بۆ ئەم مەبەستە بەکار دێنێت، کورد توانیوێتی دۆستی زۆر باشی لە ئەوروپا و ئەمەریکا بەدەســت بێنێ و لەخودی عێراقیش کورد لە ناو پرۆســەی سیاسی عێراقیدا ئێستاش سەنگێکی یەکجار زۆري هەیە و بەبێ خوێندنەوەی لایەنی کوردی لە پرۆســەی سیاسی عێراقدا بەگشتی ناتوانرێت بڕیاری پێویست و گونجاو بدرێت.

**● چ لە ناوەخۆ چ لە دەرەوەش ئێســتا زیاتر لە هەر کاتێکی تر باس لە بڵاوبوونەوەی گەندەڵی دەکرێت لە کوردســتان، ئایا بەرنامەیەکتان هەیە بۆ ریشەکێشــکردنی گەندەڵی و، کەسانی بە توانا بواری زیاتریان بۆ بڕەخسێ، بۆ ئەرك و کار وەرگرتن، تا بتوانرێ داهێنان (ابداع) ی جوانتر بکرێ لە هی ئێستا؟**

◂ لە راستیدا پێویستە ئێمە پێناسەیەکمان بۆگەندەڵی هەبێت، پێناســەی گەندەڵی زۆر لایەن دەگرێتــەوە، لە کەمتەرخەمی نواندن لەبەکارهێنانی دەســەڵاتی ئیداریــەوە.. لە باش ئەنجام نەدانــی کارەکان و پــرۆژەکان.. لە بەفیڕۆدانــی کات.. بە فیڕۆدانی توانای حکومەتی ئەو وڵاتە و هەندێك خراپ سوود لەم ئیمکاناتانە ئەمانــە هەمووی پێکهێنەری گەندەڵین، ئێمە نکۆڵی ئەوە ناکەین لە کوردستاندا هەندێك خاڵی لاواز هەیە کە ئەم خاڵە لاوازانە پێویستە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت و بەشێکی رەنگە پەیوەندی بەم سیســـتەمە ئیداریەوە هەبێت کە پاشماوەیە یاخود بۆ ئێمە ماوەتەوە لە حکومەتی عێراقی پێشوو.

**● مەبەستم ئەوەیە ئێوە پرۆژەیەکتان هەیە؟**

◂ بــەردەوام دەبێت ئەم بابەتە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت نابێت بۆ چەند ســاڵ رابوەستین چاوەڕێ بکەین و خەڵك پێمان بڵێت گەندەڵی هەیە یاخود کەمــکاری هەیە یاخراپ بەکارهێنانی ئیمکانات هەیە بەڵکو پێویســتە بەردەوام رێگە بدۆزرێتەوە کە چۆن چاکسازی لە بوارە جیاجیاکان بکرێت و بواری گەندەڵکردن و خراپکردنی خەڵك نەدرێت، چونکە بەشێك لەوەی کە گەندەڵی پەیدا دەبێت خودی ئەو دامودەزگایانە بواری تێدا هەیە بۆ ئەو کارە خراپانە و هەندێك جار دەبێتە هۆی گەندەڵکردنی خەڵکێك کە ئەســلەن بڕوای بــە گەندەڵی نییە و هەوڵیشــی بۆ نادا گەندەڵ بێت بەڵام بەهۆی دەورووبەرەکەی دەبێتە بەشــێك لەم بابەتانە بۆیە دەبێت ئێمە بە سیستەمە ئیداریەکەماندا بچینەوە کە چۆن رەقابەی کارەکان بکەین و لە مەسەلەی دادپەروەری لە مەســەلەی دابەشکردنی ئیمکانات و ..هتد دادپەروەری بەکار بهێنرێت.

**● باســی رەقابەت کرد پێتوانییە رەقابــەي مەرکەزی هیچ رۆڵێکی نییە لە چارەسەرکردنی گەندەڵیی؟ تائێستا نەمانبینیوە لەگەڵ دووکەس ئیجرائاتی جــددی کرابێت، خۆ ئەگەر ئێمە گەندەڵی بە ژمارەی دروســتیش نەزانین بەڵام ئاشــکرایە کە هەیە؟**

◂ لەوانەیــە بەشــێك لەم بابەتــە ئەوە بێت کــە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان و تەحقیق کە لەسەر مەسەلەکان دەکرێت نەدرێتە راگەیاندن، ئەمەش بەشــێکە لە مافی خەڵك، چونکە ناکرێت کەســێك لەسەر شتێك دەستگیر بکرێت یاخود تۆمەتێکی هاتە سەر لە راگەیاندن بڵاو بکرێتەوە، چونکە ئەم تەنیا خۆی نییە، کــەس و کاری هەیە کوڕی هەیە و کچــی هەیە، خەڵکانێك گیراون و خەڵکانێك سزادراون ماوەیەك زیندانی کراوە.

**● گەندەڵە گەورەکان نین کە سزا دراون، بە تەئکید لەگەندەڵە بچووکەکانن؟**

◂ بەهــەر حاڵ ئــەوەی هەیە لە بچــووك و لاواز، گەندەڵی هەرگەندەڵییە ئەوکەسەی گەندەڵیەکی بچوك بکات دەستکاری سەروەت و ســامانی حکومەتی هەرێمی کوردستان یاخود ئەم میللەتە بکات دیارە هێنــدە ئەوەندە دەســەڵاتی هەیە، ئێمە دەبێت زەمینە خۆشــبکەین کــە نەهڵین خەڵك پەنــا بەرێت بۆ ئەم مەسەلانە ئەمەش بە دۆزینەوەی کۆمەڵێك رێگاچارە دەبێت.

**● ئێســتا باس لــەوە دەکرێت کە هــەردوو وەزارەتی دارایی ئیــدارەی هەولێــر و (ســلێمانی) رابــردوو و بۆچی یەکی نەگرتۆتــەوە، گوایا لەبەر ئەوەیە هــەردوو وەزارەت قەرزدارن، ئەمەش بووەتە گرفتێکی بنچینــەی بۆ یەکنەگرتنەوەی ئەم دوو وەزارەتە؟**

◂ زۆر جار باســی ئەوەمان کردووە تا ئەوکاتەی وەزارەتەکان یەکدەگرنەوە، بەڵام ئەمجارە لەکۆبوونەوەی دوایدا باس لەوەکرا ئەم تەعدیلــە وەزارییەی کە دێتە پێــش بەبێ یەکگرتنەوەی ئــەم وەزارەتانە نەکرێــت، یەعنی وەزارەتــەکان یەکبگرنەوە و تەعدیلەکەش بکرێت وەکو کەمکردنــەوەی هەندێك وەزارەت و تێکەڵکردنی هەندێك وەزارەتە لەگەڵ یەکتری.

کێشەی یەکنەگرتنەوەکە لەوانەیە هەندێکی تەعلیمات بووبێتن

●●●

**لەکۆبوونەوەی دواییدا باس لەوەکرا ئەم تەعدیلە وەزارییەی کە دێتە پێش بەبێ یەکگرتنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە و دارایی و ناوخۆ نەکرێت**

●●●

●●●

**هەر حزبێک ئازادە لەوەی کە راکانی خۆی دەربڕێت، بەڵام چوارچێوەیەکیش بۆ رای دەربڕین بۆ هاوکاریکردن و هەماهەنگکردن لە هەر وڵاتێک هەیە**

●●●

●●●

**ئێمە ئەوئاراستەیەی یەکگرتوو بەراست نازانین ئەوان خۆیان بە نوێنەری خەڵک بزانن و وابزانن ئێمە نوێنەرایەتی خەڵک ناکەین,خۆ ئەگەر بە ژمارەش بێ ئێمە و یەکێتی ئێکجار زۆرترین لە یەکگرتوو و جەماوەری ئێمەش ئێکجار زۆرترە لە یەکگرتوو**

●●●

> **له خودی ناویەکێتی و پارتیدا نارەزایی هەیە بەڵام شێوازی دەربڕین جیاوازە ئایا بۆ راگەیاندنە؟ بۆ دروستکردنی کەشێکی سلبیە دژ بە حکومەت یاخود بۆ ئەوەیە چاکسازی بکرێت بە تەئکید ئەوانەی ناوخۆی خۆمان چ ئەوانەی یەکێتی و پارتی وە هەتا هەندێک حزبی دیکەش بۆیە دەربڕینی ئەو رایانە و باسکردنیان بۆچاکسازیکردن بوو، بەڵام ئەوەی برادەرانی یەکگرتوو زیاتر لەوانەیە هەوڵبدەن کە کەسبی جەماوەر بکەن لەو رایە موخالیفانەی بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان**

پرۆژەکان بێت ئەم پرۆژانەی کە بەشێکی لێ ئەنجامدراو و بەشێکی لێ ئەنجام نەدراوە و ئەو پارانەی بۆیان تەرخانکراوە لێرە و لەوێ بۆ سەرپەرشتیکردن و بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی بەردەوام و چاوڕوونتر بتوانن موتابەعەی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژانە بکرێت دیار بوو نەگەیشتبوونە ئەو ئاکامەی کە وەزارەتەکان تێکەڵاو ببنەوە بەڵام ئێستا وابزانم ئەو هەرسێ وەزارەتەی کە تێکەڵاو نەبوون یاساکانیان ئامادەکرا گرفتێکی ئەوتۆیان نەماوە بۆ تێکەڵاوبوونەوە ئومێد دەکەین لەگەڵ ئەو تەعدیلە وەزارییەی کە لە ماوەی داهاتوودا دەبێت ئەو وەزارەتانەش یەکبگرنەوە.

**● ماوەیەکە یەکگرتووی ئیسلامی وەکو بەرهەڵستکارێك خۆی نیشان دەدات و رەخنەی زۆری لە حکومەت هەیە، لە رووی گەندەڵی و هەروەها خەریکی ئامادەکردنی پرۆژەیەکە بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمانی کوردستان و...هتد، ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان، چۆن دەڕوانێتە سەرنج و رەخنەکانی یەکگرتووی ئیسلامی؟**

◂ بە هەرحاڵ هەر حزبێك ئازادە لەوەی کە راکانی خۆی دەربڕێت، بەڵام چوارچێوەیەکیش بۆ رای دەربڕین بۆ هاوکاریکردن و هەماهەنگکردن لە هەر وڵاتێك هەیە، ئێمە چ وەکو پارتی و یەکێتی لەگەڵ یەکگرتوو هاوپەیمانین وە پێکەوە لە حکومەت کار دەکەین، لە پەرلەمان کار دەکەین و لە ئەنجوومەنی سیاسی حزبەکانی کوردستان بەشدارین پێکەوە گفتوگۆ دەکەین کۆمەڵێك شتی هاوبەشیشمان هەیە، بەڵام بۆچوونی جیاوازیشمان لە چۆنیەتی ئیدارەکردنی وڵات لەگەڵ یەکتری هەیە، ئێمە ئەو ئاراستەیەی یەکگرتوو بەراست نازانین ئەوان خۆیان بە نوێنەری خەڵك بزانن و وابزانن ئێمە نوێنەرایەتی خەڵك ناکەین، خۆ ئەگەر بە ژمارەش بێ ئێمە و یەکێتی ئێکجار زۆرترین لە یەکگرتوو و جەماوەری ئێمەش ئێکجار زۆرترە لە یەکگرتوو ئەوان لە کوێ راپرسیان کردووە کە جەماوەر دەبێ ( لەوەی ئەوان دەڵێن) لێی رازی نەبن ئێمە ناڵێین نارەزایی نییە لە خودی ناویەکێتی و پارتیدا نارەزایی هەیە بەڵام شێوازی دەربڕین جیاوازە ئایا بۆ راگەیاندنە بۆ دروستکردنی کەشێکی سلبیە دژ بە حکومەت یاخود بۆ ئەوەیە چاکسازی بکرێت بە تەئکید ئەوانەی ناوخۆی خۆمان چ ئەوانەی یەکێتی و پارتی وە هەتا هەندێك حزبی دیکەش بۆیە دەربڕینی ئەو رایانە و باسکردنیان بۆچاکسازیکردن بوو، بەڵام ئەوەی برادەرانی یەکگرتوو زیاتر لەوانەیە هەوڵبدەن کە کەسبی جەماوەر بکەن لەو رایە موخالیفانەی بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەردوو حزبەکە دەیلێن کە لەوانەیە ئەوەیان بۆ ئاخیر ئەگەر یەکگرتوو هەروا بەردەوام بێت لە راگەیاندندا یەکێیتی و پارتی دەستە وەستان ناوەستن، ئەوان قسە بکەن و ئەوانیش هیچ نەڵێن بە تەئکید ئێمەش شتمان زۆرە باسی بکەین بەڵام نەمانویستووە ئەم بابەتە بخەینە سەر راگەیاندن، چونکە زۆر رێگەی دیکە هەیە پێش ئەوەی بخەینە سەر راگەیاندن.

ئەوان ئەندامن لە ئەنجوومەنی وەزیران، دەتوانن باسی ئەوە شتانە بکەن، هەروەها ئەندامن لە پەرلەمانی کوردستان دەتوانن لەوێدا بابەتەکان باس بکەن، هەروەها لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی سیاسی حزبە کوردستانیەکان دەتوانن لەوێدا باسی بکەن، ئاخر رێگەیان ئەوە بوو لە راگەیاندن باسی ئەو بابەتانە بکەن چونکە ئەگەر ئامانجیان ئەوەیە ئەو شتانەی ئەوان بەباشی نازانن چاك بکرێت و ئەمەش رێگاکانێتی، وا نییە مرۆڤ لە کۆتایی شتەکان دەست پێناکات بەڵکو لە سەرەتای شتەکانەوە دەست پێدەکات.

**● بەڵام هەست ناکەی یەکگرتوو بەڵگەی بەدەستەوە بێت کە قسە دەکات زۆر مکوڕە لەسەر قسەکانی و وەك ئەوە وایە بڵێت قسە بکەیت دەیڵێم؟وەك دەبینین هیوا کە سکرتێری یەکگرتووە دەڵێ من ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانم کەچی ئاگاداری خەرجییەکانی پەرلەمان نیم؟**

◂ ئێمە لێیان نەترساوین، گوتومانە قسەی خۆتان بکەن پێشتریش گوتومانە ئێستاش دەیڵێین، ئەوەندەی زانیویانە، گووتویانە درێغیان نەکردووە، مەسەلەی ئەوەی کاك هیوا ئەگەر مەبەستی مەسروفاتی پەرلەمان بێت ئەوە چ پەیوەندی بەکاك هیواوە نییە با ئەندامی لیژنەی داراییش بێت ئەو ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانە بۆ دانانی یاساکە و بۆ بەدواداچوونی ئیش وکارەکان لە وەزارەتەکاندا لە رووی داراییەوە نەك چۆنیەتی خەرجکردنی ئەو پارانەی کە لە پەرلەمان خەرج دەکرێت، سەرۆکی پەرلەمان هەیە جێگری سەرۆکی پەرلەمان هەیە و بەڕێوەبەری گشتی هەیە و ئەگەر مەبەستەکە ئەوە بووبێت ئەوە تەسەوڕ دەکەم بە هەڵە چووبێ باوەڕیش ناکەم کاك هیوا مەبەستی ئەوە بووبێت ئەگەر مەبەستیشي ئەوە بێت کە میزانیەی حکومەت ئاگادارنییە کە چۆت خەرج دەکرێ بە تەئکید جوزئیياتی سەرفکردنی بوودجەی حکومەتی هەرێم کەسێك ناتوانێت هەمووی بزانێت چونکە ئەم هەموو ئەبواب و فەسل و ماددەی کە لە ناو میزانییەکەدا هەیە سەختە، ئەوانەی لە حکوومەتدا ئیشیان کردبێت دەزانن چەند تەعقیداتی تێدایە، بەڵام بە تەئکید ئەو میزانەی چووە پەرلەمان، ئەوان سەقفی ئەو میزانییەیان زانی، ئەبوابی سەرفی وەزارەتەکانیشیان زانیوە بەڵام ئیتر پەرلەمان تەنیا ئیشێکی تەنفیزی نییە، ئیشێکی دانانی یاسای بەدواداچوونی چۆنییەتی بەرێوەچوونی کارەکانی حکوومەتە .

**● هەست ناکەی حزبە کوردستانییەکان لەم دواییە، ئاراستەی رەخنەکانیان راستەوخۆترو زەقترە لە پێشتر، ئەمە بۆچی وای لێهاتووە؟**

◂ سەرەتا پێویستە بڵێیت کە لە هەر وڵاتێك لە بواری رەخنە دەبێ گرتن ریزی پێشەوەبێت، را دەربڕین ئازاد بێت وە حزبێك بۆیە هەیە،چونکە بۆچوونەکانی جا سیاسی فەلسەفی ئابووری، یا کۆمەڵایەتی لەگەڵ یەکێتی و پارتی جیاوازە.

**● ئەوە راستە بەڵام پێشتر ئەو رەخنەیان نەدەگرت؟**

◂ بۆ ئێستا دەیگرن ئەمە پرسیارێکی دیکەیە، چونکە زەمان هەندێك جار هەندێك شت فەرز دەکات و ئێمە دەزانین رەنگە گوشارێك لەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەبێت، لەبەردەم پێکهێنانی حکوومەتێکی یاخود تەعدیلێکی وەزاری داین، کە



بەشێك لەو هەوڵانەی ئێستای ئەو حزبانە ئەوە بێت رەنگە بۆ ئەوە بێت بەشداربنەوە لە حکوومەت یاخود بەشدارنابن و بەشێکیشی لەوانەیە هەروەکو لە موزەکەرەکەدا هاتووە پەیوەندی بە هەندێك پرسی دارایی هەبێت کە خۆیان بە مەغدوور دەزانن لەسەر ئەو میزانییە وبەکەمی دەزانن و تەسەور دەکەن پشکی ئەوان لە میزانیەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە ئێستا بۆیان دیاریکراوە دەبێت زیاتر بێت، ئەوی تریش رەنگە پێیان باشبێت هاوبەش بن لە وەزارەتەکاندا، ئێمە لە دامەزارندنی ئەم حکوومەتەی ئێستاش کاتێك لەگەڵیان چووینە گفتوگۆ پێمانوتن وەرن هاوبەشبن لەگەڵمان لە حکوومەتدا، چونکە ئێمە دەمانەوێ حکومەتی بنکە فراوان لە کوردستان دابمەزرێنین، پارتی و یەکێتی بە حوکمی ئەو زۆرینەی کە هێناویانە دەتوانن حکومەت دروست بکەن و هیچ بێ یاسایش ناکەن، بەڵام زروفی کوردستان و ئەو بۆچوونەی کە پارتی و یەکێتی هەیانة پێیانخۆشە بنکەی حکوومەتەکة بەرفراوانبێت و خەڵکی تریش بەشداربن تێدا، لە هەموو دنیا کە حزبێك یاخود دوو حزب زۆرینە وەدەستدەهێنن مافی خۆیانە حکومەت دروست بکەن بەبێ ئەوەی کەسی دیکەش بەشداري پێبکەن، بۆیە جیاوازی بۆچوونەکان هەر لە جیاوازی چۆنییەتی ئیدارەکردنە، بەشێك لەو شتانەی کە ئەوان باسیان دەکرد لە نارەزاییێتی لەوانەیە خودی ئەو حزبانە بەربەست بن لەم نارەزایەتییەی کە هەیانە، خودی یەکگرتوو کۆمەڵ بەشێکن لەو نارەزاێتیەی کە گەنجانی ئێمە هەیانە لە کوردستان، ئەوان بەربەستن لەبەرامبەر ئەم ئاوات و ئارەزوانەی گەنجان کەدەیانەوێت بە شێوەیەکی کراوەترو پێشکەوتنخوازتر بۆیان بێتە دی، ئێمە ئەگەر بێت و ئەو خواستانەی گەنجان بهێنینە دی ئەوان لە پەرلەمان و لە هەموو شوێنێك لەدژی دەوەستن، بۆیە ئەوانە هەندێکیان بەشێکن لەو رێگرییانةي کە جەماوەر داوای دەکات؟.

● **بەلام ئەوانیش دەڵێن خواستەکانی گەنج و خەڵك نایەتەدی؟**

◂ خواستەکانی گەنجان ئەگەر ئێمە رۆژێك لە رۆژان دانیشین بە یەکەوە پێیان دەڵێین، ئەو خواستانەی کە گەنجەکانی و یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی هەیەتی ئەو خواستانە نییە کە گەنجی کوردستان هەیەتی بەڵکو لەیەك جیاوازە، دەتوانین بڵێین پێچەوانەی یەکتریشن.

● **ئەو حزبانە زۆر جار باس لەوە دەکەن کە لە رووداوە گەرماو گەرماوەکاندا پرس و رایان پێ ناکرێ، تۆ رات لەسەر ئەم داواکارییەی ئەوان چییە؟ ئایا پێویستە لە هەموو شتێك رایان وەربگیرێت ؟ یان نا، وە چۆن؟**

◂ بەراستی ئەم بابەتەی کە ئەوان باسی دەکەن بەشێکی بۆ راگەیاندنە، ئێمە لەوەدا شارەزاین ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەلاتن و زۆرینەن هەوڵدەدەن خەڵك وا تێبگەیەنن کة ئەم حکوومەتەی کار دەکات، باش کار ناکات، ئەمە بەشێکە لەم هەوڵدانەی کە دەیانەوێت جێی پێی خۆیان زیاتر بکەن و جەماوەر بۆ خۆیان زیاتر رابکێشن، مەسەلەی سیاسەتی دەرەوە، ئەوان لە ئەنجوومەنە سیاسیەکەی مانگی دووجار دانیشتنیان هەیە و دەتوانن ئەم بابەتانە تاوتووێ بکەن و موناقەشەی لەسەر بکەن و لەوێ پێداگیریش بکەن، نەوەك شتەکان رووبەرووی راگەیاندن بکەنەوە، ئەگەر کێشەیەك هەیە یاخود شتێك بەراست نازانن با لە حزووری سەرۆك ئەو بابەتانە بوورژێنن و رای خۆیان بڵێن، پێشنیاری خۆیان بکەن، مەسەلە هەر رەخنە گرتن نییە تۆ لە رەخنەگرتن چیت دەوێ، مەسەلەی حکوومەت، حکوومەتەکە دانەمەزراوە بەلام پارتی و یەکێتی بە حوکمی ئەو زۆرینەیەی بەدەستیان هێناوە مافی خۆیانە حکوومەت پێکبهێنن، حکوومەت کاتێك گەیشتینە ئەو کاتەی پێکبێنین ئەوکات لیژنەیەك دەبێت لەگەڵ ئەوانیش گفتوگۆ بکات و ئەو لیژنەیە رایان وەردەگرێت و پێشنیاریشیان پێدەکات، بەڵام هێشتا بڕیاری کۆتایی لەسەر حکوومەتەکە نەدراوە ئەوە دەبێت لە نێوان یەکێتی و پارتی ساغبکرێتەوە ئەو کاتە یەکێتی و پارتی بە هاودەنگی لەگەڵ حزبەکانی دیکەش دابنیشین و قسەی لەسەر بکەن.

مەسەلەی بەغدا ئەو کێشانە دیارە، لە ئەنجامی ئەو شتە کۆناکانةي هاتووە شتی تازە نەخولقاون، مەسەلەی ئاڵا شتێکی تازە نییە، چارەسەرەی بۆ دانرا، مەسەلەی گرێبەستەکانی نەوت مەسەلەیەکی دەستوورییە و لە دەستووردا هاتووە کە

●●●

**ئەگەر یەکگرتوو هەروا بەردەوام بێت لە راگەیاندندا یەکێیتی و پارتی دەستە وەستان ناوەستن ، ئەوان قسە بکەن و ئێمەش هیچ نەڵێین بە تەئکید ئێمەش شتمان زۆرە باسی بکەین بەڵام نەمانویستووە ئەم بابەتە بخەینە سەر راگەیاندن، چونکە زۆر رێگەی دیکە هەیە پێش ئەوەی بیدەینە راگەیاندن**

●●●

●●●

**ئێمە دەمانەوێ حکومەتی بنکە فراوان لە کوردستان دابمەزرێنین، پارتی و یەکێتی بە حوکمی ئەو زۆرینەی کە هێناویانە دەتوانن حکومەت دروست بکەن و هیچ بێ یاسایش ناکەن، بەڵام زروفی کوردستان و ئەو بۆچوونەی کە پارتی و یەکێتی هەیانة پێیانخۆشە بنکەی حکوومەتەکة بەرفراوانبێت و خەڵکی تریش بەشداربن تێدا**

●●●

●●●
**یەکگرتوو و کۆمەڵ بەشێکن لە دروستبوونی ئەو ناڕەزایەتییەی کە گەنجانی ئێمە لە کوردستان هەیانە**
●●●

●●●
**ڕای ئەمەریکا تا ئێستا ئەوەیە بەپێی دەستوور چارەسەری کێشەی کەرکووک بکرێت**
●●●

●●●
**ئەو خواستانەی کە گەنجەکانی یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی هەیانە ئەو خواستانە نییە کە گەنجی کوردستان هەیەتیە**
●●●

مافی هەرێمی کوردستانە گرێبەستی هەبێت، لە یاسای پەرلەمانی کوردستان یاسای بۆ دەرچووە، کەواتە مەسەلە پێویستی بە پرس کردن نییە لەبەر ئەوەی پرسی بە یەکێتی و پارتی نەکراوە کە ئەم کێشانەی لەسەر دروست ببێت، مەسەلەی لە ١٧٪ داهاتی هەرێمی کوردستان لە میزانیەی گشتی ئێراقی، خۆئەمە ئەوە نە یەکێتی و پارتی دروستیان نەکردووە، ئەوە بەشێك لەو خەڵکانەی کە لە وانیە هەندێکجار دۆستی ئەوانیش بن، دۆستی ئێمەش بن لە بەغدا ئەو کێشانەیان دروستکردووە، مەسەلەی ماددەی ١٤٠ خۆ بەرێز کاك قادر عەزیز نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردن و بۆ پشتیوانیکردنی ماددەی ١٤٠دانراوە.



● **بەڵام قادر عەزیزیش هەندێك قسەی دەکرد کە زمانی ڕەخنەیی توند بوون و، مەبەستم ئەوەیە ئێوە داواتان نەکردووە لە دوای ئەم یاداشتە لەگەڵیان دابنیشن، کە ئەوان لە ڕاگەیاندن قسەیەك دەکەن وڵای ئێوەش قسەیەکی تر، پێیەکیان لە ناو حکومەتە و پێیەکیشیان لە دەرەوەیە؟**

◂ تۆ دەزانی کێشەکانی لە کوردستان دروست دەبێت و یان بۆی دروستدەکات بە تەئکید هەمووی ئەوە نییە کە کورد خۆی تێیدا کەمتەرخەم بێت بەشێك لەوانە هەندێك شت دەهێندرێت بۆ ئەوەی لە کوردستان دروست ببێت و هەوڵبدات نا ئاسایش و نا تەبایی دروست بکرێت بۆیە دەبێت ئەوانە لە بەرچاو بگرین کە حزبەکان و هەندێك کەس لە بەغدا دژایەتی مافی گەلی کورد دەکەن ئەوان دەستە وەستان نەوەستاون بەرامبەرمان، ئەوان زەقە زەقی چاویان دێت و پێیانناخۆشە لە کوردستان یاخود لە ئێراق بۆ کورد شتێك بکرێت، دڵنیاین هەوڵی زۆر لەم بارەوە دەدرێت لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە کۆمەڵێك شت دەوروژێنن بەتایبەتی لەم بارودۆخەی ئێستادا، ئەمە بەم مانایە نییە ئێمە لە کوردستان هەموو شتێکمان تەواوە و هیچ کەموکوڕییەکمان نییە، بە تەئکید لەکوردستان کەموکووڕیمان هەیە،لە شێوازی کارکردندا کەموکوڕیمان هەیە، لە شێوازی دابینکردنی پێداویستییەکانی جەماوەر کە پێویستە دابینبکرێت کەموکووڕییمان هەیە بەڵام هەندێك لەم کەموکووڕییانە من ناڵێم هەمووی بەڵکو هەندێکیان لە دەسەڵاتی خودی حکوومەتی هەرێمە بە دەرەوە دابینکردنیان لە توانای ئەو دانیە، بەشێکیشی لەوانە ڕاوێژی زیاتری بوێت، ئەم حزبە کوردستانییانەی لەگەڵ ئێمە کاردەکەن ئەگەر ڕەخنەشیان هەبێت ڕەخنەکان وەکو باسمکرد جێگە هەیە ڕەخنەی تێداباس بکرێت.

● **ئێوە لەم کۆبوونەوەکانان گلەیی ئەوەیان لێناکەن؟**

◂ بە دڵنیایەوە پێیان وتراوە و من خۆم لە چەند کۆبوونەوە بەشدار بووم، گوتراوە بەمشێوازە باش نییە باسکرێت وخەڵك وا تەسەور بکات ئێمە لە کوردستان بەیەکەوە ناتەبایین، بەتایبەتی لەم کاتەی ئێستا کە هێرشێکی دەرەکی و ئێراقیمان لەسەرە بۆ کەمکردنەوەی مافەکانمان، لەوانەیە هەندێك لە ناحەزان موراهەنە لەسەر ئەم کێشە ناوخۆییانە بکەن و هەوڵی قووڵکردنەوەی بدەن.

● **ئەوان وەڵامیان چییە؟**

◂ بڕیارە لەم ڕۆژانە دانیشتنیان لەگەڵ بکرێت لەسەر ئەم یاداشتەی کە داویانەتە سەرۆکایەتی هەرێم کە پەیوەندی بە (پارتی و یەکێتی) یش هەیە، لە جوزئیاتی ئیشەکاندا، دانیشتنیان لەگەڵ بکرێت و لە کۆبوونەوەی ئایندەی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان باس لەو یاداشتە بکرێت و گفتوگۆ لەسەر خاڵەکان بکرێت .

● **گرووپی تورکمانی لەگەڵ عەبدوڵا گول باسیان لە دروستکردنی هەرێمێکی سەربەخۆ کرد بە کەرکووک، پێت وایە ئەمریکا هەڵوێستی چۆنە لەم بارەیەوە، ئەی ئێران و وڵاتانی کەنداو چۆن لەم شارە دەڕوانن؟**

◂ ڕای ئەمەریکا تا ئێستا ئەوەیە بەپێی دەستوور چارەسەری کێشەی کەرکووك بکرێت، و کاتی خۆی ئێمە کە ڕازیبووین لە چوارچێوەیەکی یاسایی دەستووریدا چارەسەر بکرێت، بەشێوازێکی مەدەنیانەمان زانی کە شێوازێکی لەم چەشنە چارەسەریە هەبێت باشترە لەوەی کە بەشێوازێکی چەکداری و توندوتیژی چارەسەر بکرێت، ئەم بابەتە ڕێگای بۆ دانراوە کە چۆن چارەسەر بکرێت، ئێمەی کورد لەگەڵ ئەوەین کە چۆن ڕێگەی بۆ دانراوە لەسەری ڕێککەوتووین کە لە دەستووردا هاتووە ئەو دەستوورەی ٪٨٠ی ئێراقییەکان دەنگیان

بۆ داوە، بەمشێوەیە چارەسەر بکرێت، و ئەمەریکییەکانیش ناتوانن بڵێن ئێمە لەگەڵ شێوازی چارەسەری دەستووری نین، بەریتانییەکانیش ناتوانن وابڵێن بە پێچەوانەوە، بەڵام لەوانەیە هەوڵی ئەوە بدەن کە لایەنی زۆرتری خەڵکەکە یاخود ئەوانەی کە قسەیان لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک هەیە رازی بکەن لەسەر ئەم شێوەیە چارەسەر بکرێت، دەشزانن ئەمە مافێکە و دەبێت جێبەجێبکرێت.

**● ئەی مالیکی چۆن دەڵێت کورد نابێ پەلە بکات لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، چونکە باروودۆخەکە ئاڵۆزەو بارێکی خراپ لە ئێراقدایە؟**

◄ بە تەئکید ئەوانەی کە دژی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ هەوڵدەدەن کە زەمینەیەك دروست بکەن پڕ بێت لە گوشار لە مەسەلەی دەروونی لەسەر مالیکی و خەڵکی دیکەش بۆ ئەوەی کە ترسێك لە ناویاندا بە وجود بێنێت، بە پێچەوانەوە ئەمەریکییەکان لێدوانیان هەبووە کە ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێبکرێت هەندێك گرفت دروست دەبن بەڵام ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێنەکرێت کارەسات روودەدات، ئەمە رای ئەمەریکیەکانە و فیعلەن ئەمە بۆچوونێکی راستە.

**● باشە ئێستا پێنج مانگی ماوە، شەش مانگ بوو، مانگێك رۆیشت، بەم خاویە خاویەش تەسەرو دەکرێت نە راپرسی بکرێت و نە سەر ژمێری بکرێت واتا ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی درێژ خایەن دەبێت ئەگەر بێت و لەم پێنج مانگە کێشەی کەرکوك یەکلانەبێتەوە کورد چی بەدەستەوە دەمینێت و چی دەکات؟**

◄ خۆ ئەگەر بەراستی بویسترا بوایە لە مانگی ١٢ دەکرا، رێگاش هەبوو بۆ ئەوە .

**● ئاخر ئامادەباشی بۆ ئەمە نەکرابوو؟**

◄ ئەگەر ئامادەباشی بۆ نەکرابوایە خۆ ئەم عەرەبە هاوردانەی کە پێویستە بگەڕێنەوە دیارن، دەکرێت ئەمانە لە دەنگدانەکە ئیستیسنا بکرێن و ئەم کوردانەی دەگەڕێنەوە ئەویێ ئەوانیش دیارن، ئەویتر، ئەو شارو شارۆچکانەی کە دابڕاون لە کەرکووك لائیحەکی بۆ دروست کرا بەڵام تا ئێستا تارق هاشمی رەزامەندی لەسەر دەرنەبڕیوە، هەتا لایەنی شیعەش هەندێك گرفتی لەسەر ئەم بابەتە هەیە لەبەر ئەوەی هەندێك شوێنی بەغدا و حلە و کەربەلایان بەستۆتەوە بەم پرسەوە، ئێستا لە ئاخر گرفتەکانی ئەو ماددەیە ئەوانەی لە لیژنەکە کاردەکەن ئیستقالەیان کردووە بۆ ئەوەی ئاستەنگ بن لەبەردەم جێبەجێکردنی، بەڵام سەرۆکی لیژنەکە رایگەیاند کە مالکی ناتوانێت ئیشەکە رابگرێت، هەروەها پێویستی بە بڕیاردانی حکوومەت نییە، کە ئەم ئیشە بکرێت، ئەم ماوەیەی کە ماوە رێگەی بۆ دانراوە، دیمستۆرا کە هاتە کوردستان لە پەرلەمانی ئێراق قسەی کرد دوای ئەمەش ئەوەی کە نووسیوویانە بە ئاگاداری ئەمەریکا و بەریتانیا و حکوومەتی ئێراق و هەر سێ سەرۆکایەتی ئێراق (پەرلەمان- ئەنجوومەنی وەزیران- سەرۆکایەتی ) ئەو بابەتە باسی لێوە کراوە چونکە درێژکردنەوەی تەنیا بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنیەتی نەك بۆ ئەوەی ماوەی ماددەکە درێژ بکرێتەوە، لەوەدا دیاریکراوە لەوانەیە ئەگەر بێت و نەگەیتە ئەو کاتە ئەو هەموو ئەو بەربەستانەش لاببدرێت و هەندێك لەوانە زۆر بە ئاسانی لادەبردرێن، مەسەلەی گێرانەوەی چەمچەماڵ و کفری و تەنیا پرۆسەیەك نییە درێژخایەن بێت، مەسەلەی دیکەی ئەگەر بێت سەرژمێری نەکرێت یاخود.

**● ئەگەر کەرکووك نەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ئەوکات چەمچەماڵ و کفری و کەلاریشمان لە دەستدەچێت؟.**

◄ ئێستا ئەگەر لە کەرکووك راپرسی بکرێت، بەپێی ئەو هەڵبژاردنەی کەلە ساڵی ٢٠٠٥ کرا، کەرکووك بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەوە تەسەوراتێکی هەڵەیە کە ئێمە چەمچەماڵ و کفری کەلار- نەگەڕێنینەوە سەر کەرکووك- نەوەك کەرکوکمان بۆ نەگەڕێتەوە، ئێمە بۆیە ئەو شارانە دەگەڕێنینەوە بۆ ئەوەی دڵنیاییەکەی زیاتر بێت.

**● ئێستا خەڵکێکی زۆری کەرکووك، رەگەزنامەیان کەرکووکە بەڵام لە هەولێر و سلێمانی دەژین، بەتایبەتی لە هەولێر بەرێژەیەکی زۆر هەیە پۆستی ئیداریشیان هەیە، بۆ ناکرێت ئەمانە بەهەر شێوەیەك بێت بگەڕێنەوە کەرکووك و لەوێ پۆستەکانیان بەرێوەبەرن؟**

◄ بەهەر حاڵ زۆر جار باسی ئەم بابەتە کراوە.

**● بەڵام هەست ناکەی سەرکردایەتی کوردی کارێکی جدی بۆئەو کێشەیە نەکردووە؟**

◄ نەخێر کاریکردووە، کادیرانی خۆی ناچار کردووە کە لە کەرکووکن و خەڵکی کەرکووکن و لە کەرکووك کاردەکەن دەبێ بگەڕێنەوە و پسولەی خۆراك بگەڕێننەوە، بۆ ئەوەی لەوێ بژین.

**● ئایا راستە ئەمەریکا تا رادەیەك وەکو جاران پشتگیری کورد ناکات، لەبەر ئەوەی ئەو هەستدەکات لە کوردستان دیاردەی گەندەڵی فراوان هەیە.**

◄ تا ئێستا ئەمەریکا کوردستانی زۆر پێی باشترە لە حکوومەتی ئێراقی چونکە ئەوەندەی کە لە حکوومەتی ئێراق باس لەم مەسەلانە دەکەن لێرە لە چاو ئەواندا هەرپێوەی دیار نییە، ئێمە ناڵێین لێرە شامی شەریفە، بەڵام بەمشێوەیەش نییە، کە ئەمەریکا هەڵوێستی لەسەر وەربگرێت و دۆستایەتی خۆی لەگەڵ ئێمەدا سست بکات.

**● مام جەلال ئێستا لە کەرکووکە، گوایە گلەیەکی زۆری لە پارێزگاری کەرووك هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو بەڵێنانەی بە مام جەلالی دابوو، بۆ خەڵکی کەرکووك نەیتوانیوە جێبەجێیان بکات، بۆیە ئێستا خەریکی ئاڵوگۆری دەسەڵاتە لە کەرکووك، ئێوە تا چ رادەیەك ئاگاداری ئەم گۆرانکارییەن ؟**

◄ لە راستیدا سەردانەکەی بەرێز مام جەلال بۆ کەکووك بەشێکە لەو هەوڵانەی کە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەدرێت، مام جەلال لەوێ خەڵك دەبینێ، هەروەها ئەو کەموکوریانەی ئەوێ لە نزیکەوە دەیەوێت چارەسەریان بکات بە تەنسیق لەگەڵ جەنابی سەرۆك، هەوڵدەدەن لەماوەی ئەم چەند مانگەی بۆ ماددەی ١٤٠ دانراوە کێشەکان چارەسەر بکەن، یەکێك لە کێشەکان ئەوە بووە کە لەوانەیە هەموو پۆستە ئیدارەکان بەشێکی زۆریان لەبەر دەستی کورد دابێت و خەڵکانی دیکە لێی بێبەش ببن، رەنگە چارەسەرییەکی بۆ بکرێ.



**ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێبکرێت هەندێك گرفت دروست دەبن بەڵام ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێنەکرێت کارەسات روودەدات، ئەمە رای ئەمەریکیەکانە**



ئیلنۆر چەڤیک

# ئەوانەی دەیانەوێت برایەتی کورد و تورک تێکبدەن

سێ ساڵ بەر لە ئێستا لە ڕۆژنامەی (نیو ئەناتۆڵیان) نووسیبووم کە ناسیۆنالیستە تورکە توندڕەوەکان هەڵدەستن بە دروستکردنی گروپگەلێك بۆ ئازاردان و هەڕەشەکردن لە کوردەکانی تورکیا.

لەو کاتەدا زۆرێك لە نووسەرە موحافیزکارەکان ڕایان گەیاند ئیلنۆر چەڤیك هەوڵی جۆشدانی هەستی خەڵك دەدات بەڵام هەمو ئەوانە بێمانا بوون.

من وتم پیلانێك لە ئارادایە بۆ چەکدارکردنی ناسیۆنالیستە کوردە توندڕەوەکان لە دژی ئەو کوردانەی لە ناوچەکانی دەروبەری ئەناتۆلیادا دەژین.

بە داخەوە زەمەن سەلماندی کە من ڕاست بوم.

هەفتەی ڕابردوو پۆلیسی تورکیا هەڵیان کوتایە سەر گروپێکی تێکدەری گەورە کە کارمەندی سەربازی پێشوو، پارێزەر و تەنانەت ڕۆژنامەنووسیشیان تێدابوو گروپێکیان پێکهێنابوو بە ناوی ئەرجەنێکۆن.

ئامانجی ئەم گرووپە خولقاندنی ڕوداوگەلێکی دیاریکراو بوو بۆ ئەوەی زەمینە بۆ کودەتایەکی سەربازی خۆشبکەن لە تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٩دا.

ئەندامانی ئەم گروپە ویستیان سەرکردەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی، کە ئەندامی پەرلەمانی تورکیاشە، ئەحمەت تورك، تیرۆر بکەن، هەروەها سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر ئۆسمان بایدامیر. بە هەمان شێوە بە نیاز بوون ئورهان پامۆکیش تیرۆر بکەن کە خاوەنی خەڵاتی نوبڵە لەبەر ئەوەی لە بیرو بۆچونەکانیدا پشتگیری کوردەکان دەکات.

یەکێك لە ئەندامانی ئەو گرووپە خانمە ڕۆژنامەنوسێکی تورك بوو کە بە بەردەوامی لە وتارەکانیدا لە ڕۆژنامەی ئەکشام منی کردبووە ئامانج وەك دۆستێکی کوردەکان. هەروەها ئەو لە بەرنامەکەی محەمەد عەلی بیراندا لە سەر تەلەفزیۆن ڕایگەیاند ئیلنۆر دۆستی کوردستان و کوردەکانە. ئەمە بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی ڕۆژنامەنووسی ئەرمەنی هرانت دینك لە ئەستەنبول ساڵی پار شەهید کرا.

بەو پێیە کەسانێکی وەك ئێمە بونەتە ئامانجی ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان.

ئەم خەڵکانە دەیانەوێت برایەتی کورد و تورك تێکبدەن و دوژمنایەتی لە ئاست کوردەکانی تورکیادا بخولقێنن. پێویستە ئێمە ئەم پیلانە پووچەڵ بکەینەوە و نەهێڵین ئامانجەکانیان بە دەست بهێنن.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئێمە کە باوەڕمان بە دۆستایەتی کورد و تورك و ساڵانێکە لەو پێناوەدا شەڕمان کردووە پێویستە هەوڵەکانمان چڕبکەینەوە. ئێمە هەوڵەکانی ئەم توندڕەوانە نامانوەستێنن.

پێویستە براکانی ئێمە لە کوردستاندا ئەو ڕاستیە ببینن لە کاتێکدا حکومەتی تورکی و سەرۆك وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بە هەمان شێوە سەرۆك عەبدوڵا گول باوەڕیان بە دۆستایەتی و برایەتی کورد و تورك هەیە ئەوا ڕووبەڕووی بەرهەڵستیەکی سەخت دەبنەوە لە لایەن ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان. پێویستە برا کوردەکانمان یارمەتی ئیدارەی تورکی بدەن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم تەحەددیاتانە.

تایبەت بە گوڵان دەینوسێت

# عەدالەت مەکەنە قوربانی سیاسەت



ئاسۆ کەریم

بەپێی سایتی پەیامنێر، عارف شاهێن-ی سەرۆکی دادگای باڵای جینایی عێراقی و دادوەر محەمەد عرێبی سەرۆکی دەستەی دادگەی ناوبراوی تایبەت بە راپەرینی شەعبانی ١٩٩١ و کۆمەڵێ دادوەری دی چوونەتە ئەمریکاو بڕیار وایە پێش ١٠ی ئەم مانگە کە وادەی دادگاییکردنی تاوانپێکراوانی راپەرینی گۆرینە، بگەڕێنەوە عێراق. بەقسەی سایتی ناوبراو "مەبەست و ئامانجی ئەم سەردانە رانەگەیەندراوە" لێ رەنگە بۆ "هەموارکردن و گۆڕینی چەند بەندێك بێت لە یاسای دادگای باڵای جینایی عێراقی" و وێدەچێت "ماف و رێگە بە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی عێراق بدرێت کە بڕیارەکانی دادگەی باڵا سوکتر یان هەموار بکات".

سایتی ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە ئەمریکا حەز ناکات سوڵتان هاشم-ی کۆنە وەزیری دیفاعی عێراق لە سێدارە بدرێ، چونکە بەر لەوەی ناوبراو خۆی رادەستی ئەمریکییەکان بکات، ئەو بەڵێنەی لێ وەرگرتوون کە سزا نەدرێت.

• دیارە، سوڵتان هاشم و عەلی حەسەن مەجید و حسێن رەشید تکریتی لە ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٧دا، دادگەی باڵای جینایی عێراقی لەسەر ئەو تاوانانەی لە ئەنفالدا کردبوویان، حوکمی لەسێدارەدانی بۆ بڕینەوە. شایانی گوتنە دادگەی ناوبراو، بەشێك لەو کارو کردانەی ئەو تاوانبارانە لە ئەنفالدا کردبوویان بە جینۆساید ناساندو هەندێکی تریشی بە تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانەکانی شەڕ وەسفکرد.

• دادگای باڵای جینایی عیراقی بە بڕیاری ژمارە ١٠ی ئەنجوومەنی کاتیی نوێنەرانی عێراقی کە ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراو بوو، لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ دا دامەزرا. ماددەکانی ١١ و ١٢ و ١٣ ی ئەو دادگایە عێراقییە، باس لە سێ تاوانی نێودەوڵەتی: جینۆسایدو تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانەکانی شەڕ دەکەن، کە هەم (تەقادوم و هەم عەفوو) نایانگرێتەوە. بە گوێرەی ماددە (٢٤)ی قانوونی دادگاش، ئەو قانوونانەی کە بەسەر تۆمەتپێکراوان جێبەجێ کراون و سزاکانیان پێ براوەتەوە بریتین: لە (قانون العقوبات العراقي رقم ١١١ لسنة ١٩٦٩) و قانوونەکانی تری وەکو، (قانون العقوبات البغدادي لسنة ١٩١٩ بۆ ماوەی ١٧/٧/-١٩٦٨ ١٤/١٢/١٩٦٩ و قانون العقوبات العراقي رقم ١١١ لسنة ١٩٦٩ بۆ ماوەی ١٥/١٢/-١٩٦٩ ١/٥/٢٠٠٣ و قانون العقوبات العسكري رقم ١٣ لسنة ١٩٤٣ و قانون أصول المحاكمات العسكرية رقم ٤٤ لسنة ١٩٤١)، هەروا دادگای ناوبراو بۆ لێکدانەوەو راڤەکردنی تاوانەکانەکانی جینۆساید، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی شەڕ، چاوی لە ئەحکام و بڕیارەکانی دادگاگەلی سزاکاریی نێودەوڵەتی کردووەو پشتی پێ بەستوون. دەستووری عێراقیش کە لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ عێراقییەکان دەنگیان بۆ دا، لە ماددە ١٣١دا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم دادگایە وەکو دەستەیەکی سەربەخۆی دادوەری لەسەر چالاکییەکانی خۆی بەردەوام دەبێ و لە تاوانەکانی سەردەمی رابردوو و کەسایەتییە سەرەکییەکانی دەڕوانێ و بەپێی ئەم دەستوورەش نە سەرۆکایەتی کۆمار، نە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، نە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆیان نییە، چ عەفووی تایبەت چ عەفووی گشتی بۆ ئەو تاوانبارانە دەربکەن کە تاوانگەلی نێودەوڵەتییان کردووە. ئەم هەڵوێستەی یاسادانەری عێراقیش جووتە لەگەڵ بڕیارو هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، دادگاگەلی ئەقلیمی و هەندێ دادگای نیشتمانیش لە هەندێ وڵاتی وەك بەلجیکاو دانیمارك و نەمساو فنلنداو.. کە لەگەڵ عەفووکردن نین.

• ئەو حوکمانەی دادگا بۆ تاوانبارانی بڕیوەتەوە، دەستەی (تمییز)ی دادگا پێداچوونەوەی بۆ کردوون و شێوەی بنبڕ و کۆتایی خۆیان وەرگرتووە.

• دیارە، تا ئێستا هێزەکانی ئەمریکا ئەو تاوانبارانەیان گل داوەتەوەو رادەستی حکوومەتی عێراقییان ناکاتەوە. تاکە بیانووی ئاشکرای ئەمریکا ئەوەیە کە دەبێ بەرپرسانی عێراق (لێرەدا مەبەست سەرۆکایەتیی کۆمارو سەرۆکوەزیرانە) دەربارەی جێبەجێکردنی ئەو حوکمانە، لەناو خۆیاندا رێکبکەون (جارێکیان رایان کرۆکەر-ی سەفیری ئەمریکا لە بەغدا شتێکی لەمبابەتەی گوت). بەقسەی محەمەدی حاجی مەحموودیش کە بەم دواییە سەرۆکوەزیرانی عێراقی دیوە، جێبەجێ نەکردنی حوکمەکانی خستۆتە ئەستۆی سەرۆکایەتیی کۆمارەوە کە گوایا سەرۆکایەتیی کۆمار لەگەڵ جێبەجێکردنی لەسێدارەدانی عەلی حەسەن مەجیدو حسێن رەشیدن، بەڵام

Aso2karim@yahoo.com
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

# عەدالەت مەکەنە قوربانی سیاسەت



ئاسۆ کەریم

بەپێی سایتی پەیامنێر، عارف شاهێن-ی سەرۆکی دادگای باڵای جینایی عێراقی و دادوەر محەمەد عرێبی سەرۆکی دەستەی دادگەی ناوبراوی تایبەت بە راپەرینی شەعبانی ١٩٩١ و کۆمەڵێ دادوەری دی چوونەتە ئەمریکاو بڕیار وایە پێش ١٠ی ئەم مانگە کە وادەی دادگاییکردنی تاوانپێکراوانی راپەرینی گۆرینە، بگەڕێنەوە عێراق. بەقسەی سایتی ناوبراو "مەبەست و ئامانجی ئەم سەردانە رانەگەیەندراوە" لێ رەنگە بۆ "هەموارکردن و گۆڕینی چەند بەندێك بێت لە یاسای دادگای باڵای جینایی عێراقی" و وێدەچێت "ماف و رێگە بە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی عێراق بدرێت کە بڕیارەکانی دادگەی باڵا سوکتر یان هەموار بکات".

سایتی ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە ئەمریکا حەز ناکات سوڵتان هاشم-ی کۆنە وەزیری دیفاعی عێراق لە سێدارە بدرێ، چونکە بەر لەوەی ناوبراو خۆی رادەستی ئەمریکییەکان بکات، ئەو بەڵێنەی لێ وەرگرتوون کە سزا نەدرێت.

- دیارە، سوڵتان هاشم و عەلی حەسەن مەجید و حسێن رەشید تکریتی لە ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٧دا، دادگەی باڵای جینایی عێراقی لەسەر ئەو تاوانانەی لە ئەنفالدا کردبوویان، حوکمی لەسێدارەدانی بۆ بڕینەوە. شایانی گوتنە دادگەی ناوبراو، بەشێك لەو کارو کردانەی ئەو تاوانبارانە لە ئەنفالدا کردبوویان بە جینۆساید ناساندو هەندێکی تریشی بە تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانەکانی شەڕ وەسفکرد.
- دادگای باڵای جینایی عیراقی بە بڕیاری ژمارە ١٠ی ئەنجوومەنی کاتیی نوێنەرانی عێراقی کە ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراو بوو، لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ دا دامەزرا. ماددەکانی ١١ و ١٢ و ١٣ ی ئەو دادگایە عێراقییە، باس لە سێ تاوانی نێودەوڵەتی: جینۆسایدو تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانەکانی شەڕ دەکەن، کە هەم (تەقادوم و هەم عەفوو) نایانگرێتەوە. بە گوێرەی ماددە (٢٤)ی قانوونی دادگاش، ئەو قانوونانەی کە بەسەر تۆمەتپێکراوان جێبەجێ کراون و سزاکانیان پێ براوەتەوە بریتین: لە (قانون العقوبات العراقي رقم ١١١ لسنة ١٩٦٩) و قانوونەکانی تری وەکو، (قانون العقوبات البغدادي لسنة ١٩١٩ بۆ ماوەی ١٩٦٨/٧/١٧- ١٩٦٩/١٢/١٤ و قانون العقوبات العراقي رقم ١١١ لسنة ١٩٦٩ بۆ ماوەی ١٩٦٩/١٢/١٥- ٢٠٠٣/٥/١ و قانون العقوبات العسكري رقم ١٣ لسنة ١٩٤٣ و قانون أصول المحاكمات العسكرية رقم ٤٤ لسنة ١٩٤١)، هەروا دادگای ناوبراو بۆ لێکدانەوەو راڤەکردنی تاوانەکانەکانی جینۆساید، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی شەڕ، چاوی لە ئەحکام و بڕیارەکانی دادگاگەلی سزاکاریی نێودەوڵەتی کردووەو پشتی پێ بەستوون. دەستووری عێراقیش کە لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ عێراقییەکان دەنگیان بۆ دا، لە ماددە ١٣١دا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم دادگایە وەکو دەستەیەکی سەربەخۆی دادوەری لەسەر چالاکییەکانی خۆی بەردەوام دەبێ و لە تاوانەکانی سەردەمی رابردوو و کەسایەتییە سەرەکییەکانی دەڕوانێ و بەپێی ئەم دەستوورەش نە سەرۆکایەتی کۆمار، نە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، نە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆیان نییە، چ عەفووی تایبەت چ عەفووی گشتی بۆ ئەو تاوانبارانە دەربکەن کە تاوانگەلی نێودەوڵەتییان کردووە. ئەم هەڵوێستەی یاسادانەری عێراقیش جووتە لەگەڵ بڕیارو هەڵوێستی نەتەوەیەکگرتووەکان، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، دادگاگەلی ئەقلیمی و هەندێ دادگای نیشتمانیش لە هەندێ وڵاتی وەك بەلجیکاو دانیمارك و نەمساو فنلنداو.. کە لەگەڵ عەفووکردن نین.
- ئەو حوکمانەی دادگا بۆ تاوانبارانی بڕیوەتەوە، دەستەی (تمییز)ی دادگا پێداچوونەوەی بۆ کردوون و شێوەی بنبڕو کۆتایی خۆیان وەرگرتووە.
- دیارە، تا ئێستا هێزەکانی ئەمریکا ئەو تاوانبارانەیان گل داوەتەوەو رادەستی حکوومەتی عێراقییان ناکاتەوە. تاکە بیانووی ئاشکرای ئەمریکا ئەوەیە کە دەبێ بەرپرسانی عێراق (لێرەدا مەبەست سەرۆکایەتیی کۆمارو سەرۆکوەزیرانە) دەربارەی جێبەجێکردنی ئەو حوکمانە، لەناو خۆیاندا رێکبکەون (جارێکیان رایان کرۆکەر-ی سەفیری ئەمریکا لە بەغدا شتێکی لەمبابەتەی گوت). بەقسەی محەمەدی حاجی مەحموودیش کە بەم دواییە سەرۆکوەزیرانی عێراقی دیوە، جێبەجێ نەکردنی حوکمەکانی خستۆتە ئەستۆی سەرۆکایەتیی کۆمارەوە کە گوایا سەرۆکایەتیی کۆمار لەگەڵ جێبەجێکردنی لەسێدارەدانی عەلی حەسەن مەجیدو حسێن رەشیدن، بەڵام

Aso2karim@yahoo.com
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو حوکمەدا نین بەسەر سوڵتان هاشم داو تەنانەت بەقسەی کاکە حەمە "مالیکی گوتویەتی ئەگەر ئەو حوکمە جێبەجێ نەکرێ، دەست لەکار دەکێشێتەوە".

• دیارە ئەو تاوانانە، بەپێی دیباجەی نیزامی رۆمای دادگەی جینایی نێودەوڵەتی، هەڕەشە لە ئاشتی و تەناهی و بەختیاری لە جیهاندا دەکەن و نابێ بەبێ سزادان تێپەڕن و دەبێت ئەنجامدەرانیان بەشێوەیەکی کارا دادگایی بکرێن چ لە رێگەی ئەو رێوشوێنانەوە کە لەسەر ئاستی نیشتمانی دەگیرێنەبەر و چ لەرێگەی هاریکاری کردنی یەکتریی دەوڵەتانەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

• بێ لەوەش، فەرماندە باڵاکانی سوپا ناتوانن بەبیانووی ئەوەی کە فەرمانی لە سەرووی خۆیان جێبەجێکردووە، خۆیان لە بەرپرسیارەتی جینایی بدزنەوە، چونکە لە سەردەمی دادگاییکردنەکانی نۆرمبێرگ-ەوە، ئەو پرەنسیپە چەسپاوە کە (جێبەجێکردنی فەرمانی سەروو و لەخۆ گەورەتر) نابێتە هۆی ئەوە کە (مەرئوس) لە بەرپرسیارەتی جینایی ئیعفا بکرێ یان سزای لەسەر کەم بکرێتەوە، مەگەر دادگە پێی وابێت دادپەروەری ئەوە دەخوازێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی قانوونی نێودەوڵەتی جینایی و ماددە ٣٣ی دادگەی جینایی نێودەوڵەتی لە بارێکدا، بەرپرسیارەتی جینایی لەسەر ئەنجامدەری تاوانی نێودەوڵەتی هەڵدەگیرێت ئەگەر:

١- ئەو کەسە ئیلیتزامێکی قانوونی لەسەر بێت کە دەبێت بەگوێی حکوومەت یان کەسی دیاریکراو بکات،

٢- ئەگەر ئەو کەسە عیلمی بەوە نەبێت کە ئەو کارەی دەیکات کارێکی نا رەوایە،

٣- ئەگەر نا رەوایەتی کارەکە خویا و ئاشکرا نەبێت. دیارە لە حاڵەتی جینۆسایدو تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتیدا، نارەوایەتی ئاشکرایە.

هەڵبەت ئەم سێ مەرجەش دەبێت بەسەریەکەوە، لە کەسێکدا هەبن تا بەرپرسیارەتی لەسەر لا بچێت. لەم بارەدا، سوڵتان هاشم ناتوانێت دەست بەم بیانوانەوە بگرێت، چونکە ئەو خۆی سەرکردایەتی ئەنفالی (١)ی کردووەو فەرماندەیەکی باڵا بووەو لەو کارانەشی پەشیمان نییەو تەنانەت ناوی منداڵێکی خۆیشی ناوە، ئەنفال. با ئەوانەی داوای راگرتنی سزای لەسێدارەدان یان سوککردن یان هەموارکردنی سزاکەی دەکەن، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە، لە ئەنفالی یەکدا مەودای ئەو زەرەرو زیانەی کە بە ناوچەکە کەوتووە چەند بووە، نەمازە ئەو زیانەی بە گوندنشینە بێ دیفاعەکان کەوت و چەندیان لێ ئەنفال کراو لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا دۆزرانەوە کە پیرو منداڵ، ژن و پیاویان تێدا بووە؟ ئایا دادگە، سروشتی ئەو کارانەی لەو ئەنفالی یەکەدا کە بەسەرکردایەتی ئەو پیاوە بوو، چۆن وەسفکرد، بەتاوانی جینۆسایدو تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانەکانی شەڕی دانەنا؟ ئەو هێزانەی ئەو پیاوە سەرکردایەتی دەکردن لەو پرۆسەی ئەنفالەدا چ وەسیلەیەکیان بەکارهێنا؟ هەموو جۆرە چەکێکیان بەکارنەهێنا بە کیمیاویشەوەو خەڵکە گیراوەکەیان لە زیلان نەکردو بۆ کامپەکانی کۆکردنەوەیان نەبردن (وەکو نازییەکان دژی جوولەکە کردیان) و دواتر ژن و پیاویان لێك نەکردەوە؟ دەکرێت سوڵتان هاشم بڵێت من فەرمانم بەوانەی بندەستی خۆم نەداوە ئەو کارانە بکەن؟ هەروا پێویستە بەباشی ئاگاشمان لە زروفی (المخففة و المشددة)ش هەبێت بەپێی قانوونگەلی عێراقی و نێودەوڵەتی.

• دەکرێت، قانوونی ژمارە ١٠ی دادگەی باڵای جینایی عێراقی هەموار بکرێت؟ بەڵێ دەکرێت، بەڵام نابێت بەپێچەوانەی دەستوورو قانوونی جینایی نێودەوڵەتی دەسکاری بکرێت، نەمازە عێراق وەکو دەوڵەت هەندێك لەو رێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی پەسندکردووەو تەرەفە تیایاندا.

• دەمێنێتەوە، ئەمریکا تا چەند رێز لە دادگەی باڵای جینایی عێراقی و حوکمەکانی دەگرێت، ئەوە شتێکی ترە. تەنیا بۆ بیرهێنانەوە (المحكمة الجنائية العراقية المختصة بالجرائم ضد الانسانية)کە لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣ ئەنجوومەنی حوکم بڕیاری لێدا، بە فەرمانی ژمارە (٤٨)ی CPA و بە ئیمزای پۆل بریمەر، لە هەمان رۆژدا دەرچوو. بۆیەو پێویستە لە هەموو بارێکدا ئەمریکا پابەندی پرەنسیپە گشتییەکانی قانوونی جینایی نێودەوڵەتی بێت و رێگە لە بەرێوەچوونی عەدالەت نەگرێت لە عێراقدا کە یەکێکە لە میکانیزمەکانی عەدالەتی ئینتیقالی لەپاڵ چەندین میکانیزمی تردا لەماوەی راگواستنەوەو بۆ پێچانەوەی قۆناخێکی تاریك لە ژیانی عێراقییەکاندا. پێویستە ئەمریکا وەکو سەرکردەی دنیای ئازاد، عەدالەت نەکاتە قوربانی سیاسەت.

• لەکۆتاییدا ئەوە بەبیر هەمووان دێنمەوە، لە ١٩٤٦/٩/٣٠-١٩٤٦/١٠/١ دادگەی نۆرمبێرگ، حوکمی بۆ تاوانبارە نازییەکان بڕیەوە. مەحکوم کراوان داوای لێبوردنی تایبەتیان لە (ئەنجوومەنی چاودێری بەسەر ئەلمانیا) کرد، بەڵام ئەنجوومەنی ناوبراو باوەگۆی نەدانەوەو حوکمی لەسێدارەدانی بەسەر (١٢) گەورە تاوانباردا جێبەجێکرد. ئەو کۆنفرەنسەی لە ٢٦-٢٨ی ئەم مانگەشدا لە هەولێر بۆ (بەجیهانی ناساندنی جینۆساید) سازکرا، یەکێ لە بڕیارو راسپاردەکانی جێبەجێکردنی ئەو حوکمانە بوو کە دادگای باڵای جینایی عێراقی بۆ گەورە تاوانبارانی ئەنفالی بڕیوەتەوە. بەهیواین لە عێراقی نوێدا رێز لە دادگاو بڕیارەکانی بگیرێت!

●●●
**دەستووری عێراق جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە نە سەرۆکایەتی کۆمار، نە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، نە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆیان نییە، چ عەفووی تایبەت چ عەفووی گشتی بۆ ئەو تاوانبارانە دەربکەن کە تاوانگەلی نێودەوڵەتییان کردووە**
●●●

●●●
**سوڵتان هاشم سەرکردایەتی ئەنفالی (١)ی کردووەو فەرماندەیەکی باڵا بووەو لەو کارانەشی پەشیمان نییەو تەنانەت ناوی منداڵێکی خۆیشی ناوە، ئەنفال**
●●●



ئیلنۆر چەڤیک

# ئەوانەی دەیانەوێت برایەتی کورد و تورک تێکبدەن

سێ ساڵ بەر لە ئێستا لە ڕۆژنامەی (نیو ئەناتۆڵیان) نووسیبووم کە ناسیۆنالیستە تورکە توندڕەوەکان هەڵدەستن بە دروستکردنی گروپگەلێك بۆ ئازاردان و هەڕەشەکردن لە کوردەکانی تورکیا.

لەو کاتەدا زۆرێك لە نووسەرە موحافیزکارەکان ڕایان گەیاند ئیلنۆر چەڤیك هەوڵی جۆشدانی هەستی خەڵك دەدات بەڵام هەمو ئەوانە بێمانا بوون.

من وتم پیلانێك لە ئارادایە بۆ چەکدارکردنی ناسیۆنالیستە کوردە توندڕەوەکان لە دژی ئەو کوردانەی لە ناوچەکانی دەروبەری ئەناتۆلیادا دەژین.

بە داخەوە زەمەن سەلماندی کە من ڕاست بوم.

هەفتەی ڕابردوو پۆلیسی تورکیا هەڵیان کوتایە سەر گروپێکی تێکدەری گەورە کە کارمەندی سەربازی پێشوو، پارێزەر و تەنانەت ڕۆژنامەنووسیشیان تێدابوو گروپێکیان پێکهێنابوو بە ناوی ئەرجەنێکۆن.

ئامانجی ئەم گرووپە خوڵقاندنی ڕوداوگەلێکی دیاریکراو بوو بۆ ئەوەی زەمینە بۆ کودەتایەکی سەربازی خۆشبکەن لە تورکیا لەساڵی ٢٠٠٩دا.

ئەندامانی ئەم گروپە ویستیان سەرکردەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی، کە ئەندامی پەرلەمانی تورکیاشە، ئەحمەت تورك، تیرۆر بکەن، هەروەها سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر ئۆسمان بایدامیر. بە هەمان شێوە بە نیاز بوون ئورهان پامۆکیش تیرۆر بکەن کە خاوەنی خەڵاتی نوبڵە لەبەر ئەوەی لە بیرو بۆچونەکانیدا پشتگیری کوردەکان دەکات.

یەکێك لە ئەندامانی ئەو گرووپە خانمە ڕۆژنامەنوسێکی تورك بوو کە بە بەردەوامی لە وتارەکانیدا لە ڕۆژنامەی ئەکشام منی کردبووە ئامانج وەك دۆستێکی کوردەکان. هەروەها ئەو لە بەرنامەکەی محەمەد عەلی بیراندا لە سەر تەلەفزیۆن ڕایگەیاند ئیلنۆر دۆستی کوردستان و کوردەکانە. ئەمە بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی ڕۆژنامەنووسی ئەرمەنی هرانت دینك لە ئەستەنبول ساڵی پار شەهید کرا.

بەو پێیە کەسانێکی وەك ئێمە بونەتە ئامانجی ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان.

ئەم خەڵکانە دەیانەوێت برایەتی کورد و تورك تێکبدەن و دوژمنایەتی لە ئاست کوردەکانی تورکیادا بخوڵقێنن. پێویستە ئێمە ئەم پیلانە پووچەڵ بکەینەوە و نەهێڵین ئامانجەکانیان بە دەست بهێنن.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئێمە کە باوەڕمان بە دۆستایەتی کورد و تورك و ساڵانێکە لەو پێناوەدا شەرمان کردووە پێویستە هەوڵەکانمان چڕبکەینەوە. ئێمە هەوڵەکانی ئەم توندڕەوانە نامانوەستێنن.

پێویستە براکانی ئێمە لە کوردستاندا ئەو ڕاستیە ببینن لە کاتێکدا حکومەتی تورکی و سەرۆك وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بە هەمان شێوە سەرۆك عەبدوڵا گول باوەڕیان بە دۆستایەتی و برایەتی کورد و تورك هەیە ئەوا ڕووبەڕووی بەرهەڵستیەکی سەخت دەبنەوە لە لایەن ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان. پێویستە برا کوردەکانمان یارمەتی ئیدارەی تورکی بدەن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم تەحەددیاتانە.

تایبەت بە گوڵان دەینوسێت

# مالیکی...کورد.... حکومەتی چاوەڕوانکراو



فەیسەڵ دەباغ

ناكۆكییەكانـــی نێوان هەوپەیمانەكانی دوێنێ و تارادەیەك ئەمڕۆ (شـــیعە و كورد) ســـەبارەت بە گرێبەســـتە نەوتیەكانی هەرێمی كوردستان و چارەنووســـی كەركووك و بوودجەی ساڵی (٢٠٠٨) و هەروەها بوودجەی پێشمەرگەو ژمارەیان وای كردووە هەریەك لەوانە بیر لە گۆڕینی نەخشە هاوپەیمانەكانی ئێستای عێراق بكەنەوە گەر هاتوو نەگەیشتنە رێككەوتنێكی تەوافوق.

كە دەڵێین (شـــیعە و كورد)مەبەســـتمان لە دوو حزبە شـــیعەكەیە (دعـــوەو ئەنجوومەنی بـــاڵا) و دوو حزبـــە كوردییەكەی(پارتی و یەكێتی) كە تا ئەو ساتەش نەگەیشتوونە دیدو چارەسەری تەوافوقی گونجاو ســـەبارەت بەو كێشانەی كە لە نێوان حكوومەتی فیدراڵ و حكوومەتی هەرێمی كوردستان هەیە.

راستە حزبە شـــیعییەكانی دیكە (رەوتی سەدرو فەزیلە)و هەروا (بـــەرەی تەوافـــوق)ی ســـوننی و قـــەوارەی (ئەلعێراقییە) دیدو هەڵوێستێكی توندیان بەرامبەر ئەو مەسەلانە هەیە، بەڵام بەحوكمی هاپەیمانیەتی نێـــوان (ئەنجوومەنی باڵاو حزبـــی دەعوەو پارتی و یەكێتی) دەبوایە ئەو دیدە هاوبەشە لە نێوانیاندا هەبوایە.

نەبوونی ئەو دیدە هاوبەشـــە وامان لێـــدەكات هاوپەیمانییە چوار قوڵییەكە بـــە هاوپەیمانیەتێكی رووكەش نـــاوزەدی بكەین و بڵێین ئەوندەی ئەنجوومەنی باڵاو حزبی دەعوە سوودیان لەو هاوپەیمانێتییە وەرگرتـــووە، پارتی و یەكێتی وەك نوێنەری كورد وەریان نەگرتووە و هەندێ جاریش تووشی گیروگرفت بووینە لەگەڵ لایەنە شیعەكانی تردا، كەچی لەبەرامبەردا ئەنجوومەن و دەعوە هیچ هەڵوێســـتێكی ئەوتۆیان نەبووە لەبەرگریكردن لە بەرژەوەندییەكانی كورد.

وەزیری نەوتی عێراقی كەسەر بە ئیئتیلافی شیعەیە هەڵوێستەكەی ســـەبارەت بە گرێبەســـتە نەوتییەكانـــی هەرێمی كوردســـتان لە هەڵوێستی بەرەی تەوافوقی سوننی و هەندێ لایەنی شیعە توندترە، وەزیری داراییش كەســـەربەهەمان ئیئتـــلاف و ئەنجوومەنی باڵایە ئەویش ســـەبارەت بە بەركەوتنی هەرێم لەبودجەی عێراق و ژمارەی پێشـــمەرگە توندە و یەكێكە لەوانەی كە داوای كەمكردنەوەی ئەو بەركەوتە دەكات.

ســـەیرەكە لەوەدایە، لەكاتێكدا ئەو هەموو كێشـــانەی لەئارادان و و مالیكیش خۆی لـــێ گێل كردوون، كەچی كورد لەگەڵ هەندێ لایەنی سیاسی شـــیعی و سوننی خەریكە حكوومەتێكی بەشداری سیاسی بەسەرۆكایەتی هەمان كەس پێك بهێنێ.

پرسیار ئەوەیە: كورد نەیتوانی كێشەكانی خۆی لەگەڵ دوولایەنە شیعەكەی هاوپەیمانی خۆی چارەسەربكات، ئیترچۆن دەتوانێ ئەو كێشانەی خۆی لەو حكوومەتە بەرفراوانە چارەسەر بكات؟

د. مەحموود عوسمان پێی وایە كە ئەو حكوومەتە نوێیە دژی كورد نابێ، ئەگەر دژیش بوو ئەوە هەڵوێستێكی بەرامبەر وەردەگرین.

من ئەو دەســـتەواژەیەم پێ هەزم ناكـــرێ، لەكاتێكدا دەكرێ ئەو حكوومەتـــە دژی كـــورد نابێ، كەچی هەر بەخـــۆی تەئكید لەوە دەكاتـــەوە كە ئەگـــەر دژایەتی كردن ئەوە هەڵوێســـتێكی دیكەمان دەبێ..! كەواتە ئەگەری ئەوە لە ئارادیە كە دژایەتی خواســـتەكانی كورد بكات جا ئێمەی كورد بۆ پێش وەخت حســـاب بۆ ئەو ئەگەرە نەكەین و هەر لە ئێســـتاوە بەر لە بەشداریمان لەهەر حكوومەتێكی دیكە، كێشەكانمان یەكلا نەكەینەوە.

ئێمەی كورد نزیكەی (٥) ســـاڵە ئەزموونێكـــی تاڵمان لەگەڵ عـــەلاوی و جەعفـــەری و مالیكیدا هەبووە. ئەو ســـێیە لە ماوەی حوكمڕانی خۆیاندا بە نەفەســـێكی عروبەوی سەیری مەسەلەكانیان كـــردووە . ئەو كاتەی لە تەنگژەدا دەبن روو لە كورد دەكەن و داوای هەڵوێستی لێ دەكەن و بۆشیان دەكرێ، كەچی كاتێك لەو تەنگژەیە دەردەچن هەر زوو پشـــت لـــە كورد دەكەنـــەوە و داخوازییەكانی بە زێدەڕۆیی لە قەڵەم دەدەن.

تازە بەتـــازە پێمان دەڵێن جیـــاوازی لە راڤەكردنـــی بڕگەكانی دەســـتووردا هەیە، ئەو دەســـتوورەی كە لە لایەن نوێنەرانی هەردوو لایەنـــە سیاســـییەكان داڕێژرا و زۆربەی هەرە زۆری دانیشـــتوانی عێراقیش دەنگیان بۆدا.

سالح موتڵەگ سەرۆكی بەرەی حیواری وەتەنی كە بە دژایەتی كردنی خواستەكانی كورد ناسراوە، لە چاوپێكەوتنێكی تەلەفزیۆنی (ئەلعەرەبییە) و لە وەڵامی ئەو پرسیارەی كە بۆ دژایەتی خواستەكانی كوردە گوتی: ((من دژی خواســـتەكانی ئەوان نیم ئەگەر مەعقول بن و هەڵوێستیشـــم روونە، هەقە ئەو پرسیارە لەو كەسانە بكرێ كە لەسەرەوە لەگەڵیاندان و لە ژێرەوەش دژایەتیان دەكەن )).

هەموو ئەوە دەزانین كە عەلاوی و جەعفەری و مالیكی ئەگەر بە پاڵپشتی كورد نەبوایە پۆستی سەرۆك وەزیرانیان وەرنەدەگرت.

عەلاوی بە هۆی كوردەوە گەیشتە ئەو پۆستە كە لێی لادرا، كورد بەرامبەر بەكەسێكی تری ناو (ئەلعێراقیە) پشتگیری لە جەعفەری كرد، بەڵام كە دیتی خەریكە دژایەتی بەرژەوەندییەكانی كوردەكات و لە هەڵوێستە پێشوەكانی پاشگەزبووەتەوە بە هاریكاری ئەنجوومەنی بـــاڵاو باڵێكی حزبی دەعوە توانی جەعفەری لەو پۆســـتە لابات و ئیتـــر بەربەرەكانێ كەوتە نێوان دوو كەســـەوە، عادل عەبدولمهدی و پاڵێوراوێكی حزبی دەعوە كە تا ئەو كات عەلی ئەلئەدیب-ی كەسی دووەمی ئەو حزبە بوو، بەڵام بەكشانەوەی ئەلئەدیب گۆڕەپانەكە بۆ كەسی سێیەم واتا مالیكی چۆڵ بووەوە.

هاوپەیمانییەكە لە نێوان عەبدولمهدی و مالیكی مایەوە كە دواتر بە پشتگیری و دەنگدانی رەوتی سەدر مالیكی توانی بە جیاوازی یـــەك دەنگ لە عەبدولمەهدی بباتەوە و ئیتر بە هۆی پشـــتگیری كوردەوە لەپەرلەمان متمانەی پێ دراوبوو بە سەرۆك وەزیران.

هەرچەندە مالیكی پێش و پاش وەرگرتنی ئەو پۆســـتە خۆی بە دۆســـتی هەردوو حزبە كوردییەكە دادەنا، بـــەڵام لەژێرەوە نەك هەر دژایەتی دەكـــردن، بەڵكو لە هەوڵی ئەوەش دابـــوو كە رادەیەك بۆ دەســـەڵاتەكانی هەرێمی كوردســـتان دابنێ، تا كار گەیشتە ئەوەی دەســـت لەگەڵ حكوومەتی توركیا تێكەڵ بكات و وەزیری نەوتیش داوا لـــە توركیا بكات رێ بە هەرێمی كوردســـتان نەدات نەوتەكە بفرۆشـــێ و ئەو كۆمپانیا بیانیانەش بێ بەش بكات كە گرێبەستیان لەگەڵ حكوومەتی هەرێمی كوردستاندا هەیە، باشە پاش ئەو هەموو دژایەتییە كورد چاوەڕوانی چی دەكات؟

ماددەی ١٤٠ بۆ دادگای فیدراڵی گوێزرایەوە، دانوســـتانەكانی شـــاندی هەرێمی كوردســـتان لەگەڵ مالیكـــی و حكوومەتەكەی ســـەبارەت بە گرێبەســـتە نەوتییەكانی هەرێم بە بنەبەست گەیشت

●●●
كورد نەیتوانی كێشەكانی خۆی لەگەڵ دوولایەنە شیعەكەی هاوپەیمانی خۆی چارەسەربكات، ئیترچۆن دەتوانێ ئەو كێشانەی خۆی لەو حكوومەتە بەرفراوانە چارەسەر بكات؟
●●●

●●●
(٥) ساڵە ئەزموونێكی تاڵمان لەگەڵ عەلاوی و جەعفەری و مالیكیدا هەبووە. ئەو سێیە لە ماوەی حوكمڕانی خۆیاندا بە نەفەسێكی عروبەوی سەیری مەسەلەكانیان كردووە
●●●

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

**مالیكی كار گەیشتە ئەوەی دەست لەگەڵ حكوومەتی توركیا تێكەڵ بكات و وەزیری نەوتیش داوا لە توركیا بكات رێ بە هەرێمی كوردستان نەدات نەوتەكە بفرۆشێ و ئەو كۆمپانیا بیانیانەش بێ بەش بكات كە گرێبەستیان لەگەڵ حكوومەتی هەرێمی كوردستاندا هەیە، باشە پاش ئەو هەموو دژایەتییە كورد چاوەڕوانی چی دەكات؟**

**شیعە لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیدا خۆیان بە دوورەپەرێز راگرت و پاش ئەو بۆ ماوەی ٨٠ساڵ باجی ئەو هەڵوێستەی خۆیان دایەوە. سوننەكان ئێستا گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی كە نابێ ئەو هەڵەیە بكەن كە شیعە بەر لە ٨٠ساڵ كردی و ئەو ماوەیەش بۆیان بەدیاركەوت كە ئەو دووركەوتنەوەیان لە حوكم بەزیانی ئەوان تەواو بوو، بۆیە ئێستا پەرۆشی ئەوەن بە هەموو قورساییەكەوە بەشداری لە دەسەڵاتدا بكەن**

و هیــچ ئەنجامێكی لێ دیارنیە، بەركەوتــی هەرێم لە بوودجەی ســاڵی ٢٠٠٨ خەریكە لە ١٧٪ وە بكرێ بە ١٣٪ بە بیانوی ئەوەی ژمارەی دانیشــتوانی ئەو هەرێمە هــەر ئەوەندەیە، ئەمە بێجگە لە ناكۆكی لەسەر ژمارەی پێشــمەرگە، ئەو پێشمەرگەیەی بەشداری لە پاراســتنی ئەمنیەتی بەغدا و مووســڵ و هەندێ شوێنی سەر بە حكومەتی فیدراڵ كردو لەو بەشداریەشــدا شەهید و بریندارى هەبوو ....!

سەیرەكە لەوەدایە ئەو هەموو شتانە لەبەر چاوی ئەمەریكا دەكرێن، لە كاتێكدا ئەمەریكاو كورد خۆیان بە هاوپەیمانی یەكتر دادەنێن و لە پرۆسەی ئازادكرنی عێراقدا پێكەوە لە بەرەی باكوور خوێنیان تێكەڵ بەیەكتر بووە ...!

پرســیار ئەوەیە: ئایا ئەمەریكا بەبێ كــورد دەتوانێ لەو بەرەیە سەركەوتن وە دەست بێنێت ؟

بەڵێ دەیتوانی، بەڵام بەو ئاســانییە نــا ، بەرەی باكوور لەگەڵ بەرەی باشــووردا جیاوازی هەیە راســتە ئەمەریكییەكان توانیان لە بەرەی باشــووردا بە ئاســانی سەركەوتن وەدەســت بێنن، بەڵام ئەو ئاســانییە لەبەرەی باكووردا و بەبێ كورد نەدەكرا.لەبەرەی باشووردا ئەمەریكا پێگەیەكی پاشــینەی هەبوو، بەڵام لەبەرەی باكووردا ئەو پێگە پاشینەیەی نەبوو، بەهۆی رێنەدانی توركیا.

كەواتە كورد رۆڵێكی بەرچاوی بینی لە پرۆســەی ئازادكردنی عێراقدا كاریگەری خۆشــی هەبوو بۆ ئەوەی ئەمەریكا بە ئاسانی دەست بەسەر ناوەڕاستی عێراقدا بگرێ كە سوننەنشینەو بەوە ناسراوە كە لاگیری ســەدام بوو، بە واتایەكــی دیكە ئەگەر كورد دژایەتی سەدام راناوەستابا ئەوە مەودای جولەی سەدام و رژێمەكەی فراوانتر دەبوو( ناوچەی سوننەنشینەكان + هەرێمی كوردستان)، بەمەش دوا ئەنجام بەو شێوەیەی ئێستا نەدەبوو.

ئایە ئەمەریكا ئەو رۆڵەی كوردی لەبیر چۆتەوە یان نا؟

بــە باوەڕی من ئەمەریكا ئەو رۆڵــەی كوردی لەبیر نەچۆتەوە، بەڵام كارتی كورد ئەوەندە گەورە نیە تا ئەمەریكا حسابی بۆ بكات، ئەمەریكا هەمیشــە وەكو دەوڵەتێكی زلهێز بیر لە بەرژەوەندییەكانی خۆی دەكاتەوە، بۆ نموونــە: بۆ ئەمەریكا كارتی توركیا لە كارتی كورد بە هێزترە، چونكە توركیا دەوڵەتە و دەتوانێ لەرووی سیاســی و ئابوورییەوە سوود بە ئەمریكاوە بگەیەنێ، بەڵام كورد ناتوانێ ئەو سووده بگەیەنێ( بەلایەنی كەم لەم رۆژگارەی ئێستادا) .

هەروەها ســەبارەت بەرەوشــی ناوخۆی عێــراق، ئەمەریكا لەم رۆژگارەدا دەیەوێ لایەنە سیاسییەكانی دەرچوو لە پرۆسەی عێراقدا بۆ ناو پرۆســەی سیاسی بگەڕێنێتەوە و لەو رووەوەش توانیویەتی تا رادەیەك ســەركەوتن بە دەســت بێنێت و هەڵوێستیشیان بەرامبەر بە ئەمەریكا بگۆڕێ.

بۆ نموونە: ئەوانەی كە پێشــان بۆ هەر وتووێژێك و بەشدارییەك لە حكومەتــی عێراق مەرجی رۆیشــتنی ئەمەریكایان لە عێراق دادەنا، ئێستا زمانی گۆڕیوەو تەنها داوای دانانی خشتەیەك دەكەن بۆ كشــانەوە، هەتا هەندێك لە سیاسەتكارە عێراقییەكان لەوە دوورتر دەڕۆن و بەئاشــكرا داوای مانەوەی هێزەكانــی ئەمەریكا دەكەن، چونكە پێیان وایە كە ئەمــە زمانەتێكە بۆ ئەوەی تای تەرازووەكە بۆیان بە قورســی بمێنێتەوەو، هەروەها لە ترسی ئەوەی نەوەكو ئەو ماف و ئیمتیازانــەی كە لە ژێر چێتری ئەمەریكاوە (دەســتیان) هێناوە بیدۆڕێنن.

بەبێ دەسەڵاتی ئەمەریكا یاسای ریشەكێشكردنی بەعس هەموار نەدەكراو یاســای پرسینەوە دادوەری جێی ئەو یاسایەی نەدەگرتەوە، كەرێ بە زۆربەی بەعسییەكان دەدات بگەڕێنەوە سەركاری پێشووی خۆیان .

بەبێ ئەمەریكییەكانیش زۆربەی سیاسەتكارانی عێراق ئەو بەها هەرێمایەتیان نەدەبوو وە نەشــدەبوونە كارتێك لە بازاڕی سیاسی ئەم و ئەو دەوڵەت.

شــیعە لەســەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیدا خۆیان بە دوورەپەرێــز راگرت و پاش ئــەو بۆ ماوەی ٨٠ســاڵ باجی ئەو هەڵوێستەی خۆیان دایەوە.

ســوننەكان ئێستا گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی كە نابێ ئەو هەڵەیە بكەن كە شــیعە بەر لە ٨٠ســاڵ كردی و ئــەو ماوەیەش بۆیان بەدیاركــەوت كە ئەو دووركەوتنەوەیان لە حوكم بەزیانی ئەوان تەواو بوو، بۆیە ئێستا پەرۆشی ئەوەن بە هەموو قورساییەكەوە بەشداری لە دەسەڵاتدا بكەن.

ئەمانە هەر هەموویان لەبەرژەوەندی كورد نیە، چونكە گەڕانەوەی ئەوانە مەودای مانۆڕی كورد كەم دەكاتەوە.

تەلەفزیۆنی (ئەلشــەرقیە) شەوی ٣٠/٢٩ی مانگی رابردووداو لــە هەواڵێكدا ئەوەی بڵاوكــردەوە كە گوایە مالیكی یاداشــتی هاوپەیمانی كوردســتانی رەتكردۆتەوە كە تیادا داوای چاكسازی كرابوو لە كابینەكەیدا .

ئەم وەڵامــەی مالیكی هەر بەپێی تەلەفزیۆنی (ئەلشــەرقیە) پاش راوێژكردنی بوو بە چەند وەزیرو راوێژكارێكی خۆیەوە، لەوانە وەزیری نەوتی عێراق حوســێن شەهرســتانی كە هەڵوێستێكی دژ بەگرێبەســتەكانی نەوتی هەرێمی كوردستاندا هەیە، بەڵام بەپێی زانیــاری مالیكی ئەو یاداشــتەی رەت نەكردۆتــەوە، بەڵكو لە نامەكەیدا بەرگری لەخۆی كردووە و ئاماژەی بەوە داوە كە دریغی لە جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠ی نەكردووە و لێژنەی بۆپێكهێناوەو بوودجەشی بۆ تەرخان كردووە.

هەر لــەو وەڵامەیدا مالیكــی رەخنەی لە وەزیــرە كوردەكانی كابینەكەی گرتــووە، گوایە لە هەموو كەموكوڕییەكان ئاگاداریان نەكردۆتەوە و تەئكیدیشــی لەوە كردووە كە كێشــەكان بە دانوستن چارەسەر دەكرێن، كە ئەمەش هەر هەمان هێنان و بردنەكەی پێشانە، كــە بەرای چاودێران ئەو هێنان و بردنە پەیوەندی بە هەڵوێســتی ئێرانەوە هەیە، چونكە هەركەســێكی شــیعە كە پۆستی سەرۆك وەزیران وەرگرێ دەبێ پێش وەخت ئێران پێی رازی بێ.

جارێكیان كــە لەگەڵ ســەرۆك بارزانــی چووبووینە بەغدا، كۆبوونەوەیەك لە نووسینگەی سەرۆك كۆمار بەڕێوەچوو، مەبەست لە كۆبوونەوەكە راكێشــانی حزبی ئیســلامی عێــراق بوو بۆ ناو هاوپەیمانییــە چــوار قۆڵییەكە. مالیكی یەك لە ســكرتێرەكانی لەگەڵ هاتبوو، كە كۆبوونەوەكە دەســتی پێكرد من و ئەو سكرتێرە و كەسێكی ناو ئەنجوومەنی باڵا لە ژوورێك دانیشتین و باس هاتە ســەر ماددەی (١٤٠)، ئەو سكرتێرە بە ئاشكرا پێی گوتم: ((وەك شــیعە لەگەڵ گەڕانەوەی عەرەبە شیعەكانی هاوردە نین بۆ زێدی خۆیان)).

ئەوەشی راگەیاند كە ((ئێرانیش دژی گەڕانەوەیانە)).

ئەو كات باوەڕم بەقسەی ئەو سكرتێرە نەكرد، بەڵام كاتێ وەزیری دەرەوەی ئێــران لە كۆنگرەیەكی هەرێمایەتیــدا كە تایبەت بوو بە عێراق و دژایەتی وڵاتەكەی خۆی سەبارەت بەو ماددەیە راگەیاند ئیتر باوەڕم بەقسەی ئەو سكرتێرە هێنا.



**مەحمود محەمەد ئەندامی (م.س) پارتی دیموکراتی کوردستان**

# ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێبکرێت هەندێک گرفت دروست دەبن بەڵام ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێنەکرێت کارەسات روودەدات، ئەمە رای ئەمریکییەکانە

## "یەکگرتوو و کۆمەڵ بەشێکن لە دروستبوونی ئەو نارەزایەتییەی کە گەنجانی ئێمە لەکوردستان هەیانە"

■ ئەمرۆ گرفتە سیاسیەکان تا دێت تێکچڕژاوتر دەبێت، کە کوردستان و گەلی کورد دەکرێت بە تەوەرێکی پەیوەندار بەم ئاڵۆزییانە دابنرێت، ئەگەر هێشتا گرفتەکانمان لەگەڵ بەغدا نەك هەر یەکلا نەبۆتەوە، بەڵکو تا دێت ئاڵۆزتریش دەبن و هاوبەندی و بەرەکان بۆ بەرژەوەندییەکان گۆڕانکاریان بەسەردا دێت و هەڵوێستی ئەم گرووپ و ئەو رەوت بە ئاسانی لە لایەکەوە بۆ لایەکی تر دەکشێنەوە، هاوکات لە سەروبەندی ئەم گرفتانە ی کە رووبەڕوومان بوونەتەوە، لێرەش لە کوردستاندا، حیزبە کوردستانی و ئیسلامییەکان کە هەمووشیان لە حکومەتی هەرێم بەشدارن، زمانی رەخنەیان لە جاران توندتر کردووەو هەمیشە لە راگەیاندنەکان خۆیان بە جۆرێك نیشان دەدەن کە ئەوان لە خودی حکومەت رازی نین و داوای چاککردنی دەکەن و کەچی لە لایەکی تریشەوە گەرەکیانە لە کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمدا، باشترین و زۆرترین پۆستیان بدرێتێ، بۆیە تەماشا دەکەین نە ئۆپۆزیسیۆنێکی دروستن و نە بەشداربوویەکی دروست، کە ئەمەش کەلێنێکی لە سیاسەتی ئەو حیزبانە دروستکردووە، گوڵان بۆ مەبەستی رووناکی خستنە سەر ئەو تەوەرانەو چەندین باسی تر بە پێویستی زانی بەرێز( مەحمود محەمەد) ئەندامی (م.س) پارتی دیموکراتی کوردستان بدوێنێ، کە ئەم دیمانەیەی لێ کەوتەوە.■

**• حکومەتی کوردســـتان ئێســـتا بە قۆناخێکی ســـەخت و دژواردا ڕەت دەبێت، کە بەڕێزت لە نزیکەوە ئاگاداری، پێت وا نییە، ئێمە تا ئێســـتا دۆستی حەقیقیمان نییە .چ لە وڵاتانی دەوروبەر چ لە وڵاتانی وەك ئەمریکاو یەکێتی ئەورووپا؟ ئەگەر وایە دەکرێ هۆکارەکانی بزانین؟**

◂ ڕاستە هەندێك گرفت لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق هەیە دەتوانین ئەم گرفتانە پۆلین بکەین وەکو ماف لە دەســـتووری عێراق بۆ هەرێمی کوردستان یاخـــود هەرێمەکانـــی دیکە، حکومەتی هەرێمی کوردســـتان دەیەوێت مومارەسەی ئەو مافانە بکات و سوودی لێوەربگرێت بەشێکیشیان لەو گرفتانەن کە پێشتر ڕێککەوتنی لەسەرکراوە، بەڵام بە گوشـــاری هەندێك لایەن و کەســـایەتی کە لە بەغدا دەور دەبینن ولەوانەیە هەندێکجار گوشاری دەرەکیش هەبێت لە ڕێگەی ئەو کەســـانەوە، لایەنە دەرەکیان گوشارەکانی خۆیان لە عێراق بەکار دێنن، بەڵام ئەمە بەم مانایە نییە ئێمە دۆســـتمان نییە و کەس لەسەرمان بەجواب نایەت بەشێك لەوەی کە دەبێت گرفتەکان چارەســـەر بکرێن ئەوەی خۆمان زیاتر ڕێکوپێك بین هاو هەڵوێســـت بین لەوانەیە من هـــاوڕا نەبم لەوەی کەدەڵێی ئێمە دۆستمان نییە بەڵکو زۆر لەم دۆستانەی کە ڕۆڵیان هەیە لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا یان کاریگەرییان هەیە هەوڵدەدەن ئەو گرفتانە چارەســـەر بکەن مەرجیش نییە بە تەنازول یاخود کەمکردنـــەوەی مافەکانی گەلی کورد ئـــەوان بڕوایان وابێت کێشەکان چارەسەر بکەن.

**• ئەگـــەر زۆر دوور نەڕۆیـــن لـــە ســـاڵی ٢٠٠٣ ەوە لە پرۆســـەی ڕزگارکردنی عێراقەوە کـــورد هەموو هاوکارییەکی ئەمەریکای کرد هەر لەبەر دڵی ئەمەریکاش کورد وەکو ئەوەی دەیویســـت کەرکوك ڕزگار بکات نەیکـــردو دەتوانین بڵێین بۆ ئەمەریکایەکانمـــان بەجێهێشـــت، کەچی وا ئێســـتا کورد ئەو زەریبەیەی ئـــەو کات دەدات و ئەمەریکاش ئەوانەی لەبەرچاو نییە؟**

◂ لە ڕاســـتیدا دەبێت ئێمـــە ئەوە بزانین کـــە ئەمەریکا بۆ بەدیهێنانی مافەکانـــی گەلی کورد عێراقی ڕزگار نەکردووە، بەڵکو ئەجێندایەکی تایبەتی خـــۆی بۆ عێراق و دەوروبەریش هەیە.

بەڵام بەشـــێك لەم بەرژەوەندییانـــەی کە لەم ئەجێندایە هەیە لەگـــەڵ بەرژەوەندییەکانی ئێمەی کورد تێکەڵاو بووە یان وەکو یەك وان یان بە هاوتەریبی یەکن کە لە قازانجی هەردوولا بێت، بۆیـــە بەرژەوەندییەکانی ئێمە و ئەوان تێکەڵاو بووە و هاوکاری یەکتریش دەکەین، بەڵێ ڕاســـتە سەرەتای ڕزگارکردنی عێراق نەك هـــەر هاوکاریمان کردوون بەڵکو بەشـــی زۆری باکووری عێـــراق کە ئـــەوان پێیدەڵێن باکووری عێراق لە موســـڵ و لە کەرکوك پێشـــمەرگەی کورد و خەڵکی کوردســـتان ڕزگاریان کرد،لە ســـەرەتای هاتنیان تا ئێســـتاش دۆستایەتییەکەمان بە شـــێوازێك بووە کە ئەوان سوودیان لەم دۆستایەتییە وەرگرتووەوە ئێمەش ســـوودمان لەم دۆســـتایەتییە وەرگرتووەو، بۆ زۆر لەم بابەتانەی لە عێراق پێویستمان پێبووە.

**• هەست ناکەی دۆستایەتییەکە بەپێی پێویست نییە؟**

◂ لەوانەیـــە ئێمە زیاد لەرادەمـــان داوا لە ئەمەریکا هەبێت، ئەوانیـــش لەبەر بەرژەوەندیەکانی خۆیان چ لەناو عێراق لەگەڵ عەرەبی شـــیعە یا لەگەڵ عەرەبی ســـوننە، هەروەها لەگەڵ دەوروبەر وەکو عەرەبستانی سعودی و تورکیاو کۆمەڵێك شوێنی دیکە کاریگەرییان بەســـەر بۆچوون و سیاسەتەکانی ئەمەریکا هەیە.

**• پێتـــان وا نییە گەڕانەوەی ئەو لیســـت و گرووپانەی کە لە حکومەتی مالیکی کشـــابوونەوە، ئێستا بۆ دژایەتیکردنی داخوازییەکانی کورد (وەك جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و بودجە و یاســـای نـــەوت و ...هتد) دەگەڕێنەوە بـــۆ ناو حکومەتی مالیکـــی؟ ئایا ئـــەو کاتە کـــورد لەبەرامبەر ئـــەو هەموو گرووپانەی دێنەوە ناو حکومەت دەتوانێت هەنگاوێکی جیدی بۆ داخوازییەکانی خۆی لە حکومەتی مالیکی بهاوێت ؟.**

◂ دەبـــێ ئێمە ئـــەوە بزانین لە بەغدا بەرەیەکـــی تایبەت و ڕێکخـــراو لە دژی بەرژەوەندیەکانی گەلی کورد وجودی نییە، بەڵام لەلایەن هەندێك کەســـایەتی لە کاتی ڕوودانی شـــتێکی ئاوەهـــا ئەوان دەنگی خۆیـــان بەرز دەکەنـــەوە و هەوڵ دەدەن مەســـەلەکان لە قەبارەکەی گەورەتر بکەن ئەو لایەنانەی کە لە حکومەت کشابوونەوە یاخود لە پرۆسەی سیاسی ڕای جیاوازیان لەگـــەڵ یەکێتی و پارتی و حزبی دەعوە و مەجلیســـی ئەعلا هەبوو مەرج نییە ئێســـتا کـــە دەیانەوێت بگەڕێنەوە حکومەت مەبەســـتیان دژایەتی گەلی کورد بێت، بەڵکو بەشـــێك لەوانە ئێمـــەش هەوڵمان بۆداون بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە نێو پرۆســـەی سیاســـی و بگەڕێنەوە نێو حکومەت لایەنی کورد بێبەش نییە لە هەوڵدانـــەکان بۆ گەڕانەوەی هەندێك لـــەم لایەنانە بۆ ناو حکومەت و بەشـــداریکردنیان لە پرۆســـەی سیاسیدا چونکە بەشێك لەم لایەنانە لە کاتی دەنگدانەکان لە دژی کورد دەنگیان نەداوە.

**• بـــەڵام زۆربەیـــان لە دژی کوردن وەکو لیســـتی عێراقیە تەیاری سەدری، هەندێك کەسایەتی و...هتد.**

◂ هەندێك کەس هەن لە نێو ئەم لیســـتانە تۆ ناوی لیســـتی ئەلعراقیەت هێنا، ســـەرۆکی لیستەکە و کۆمەڵێك ئەوانەی لە لیســـتەکە بەشدارن دۆســـتی کوردن و لایەنگرانی مافەکانی کـــورد دەکەن بە ڕوونی بەشـــێك لە جەبهـــەی تەوافوق حزبی ئیســـلامیی بە یاداشتی لێکتێنەگەیشتن لە نێوان ئێمەی کورد و ئەوان لەسەر چەند خاڵێك ڕێککەوتبووین کەواتە گەڕانەوەی ئەوان ڕەنگە زۆر کێشـــە دروســـت نەکات، لـــەو چەند ڕۆژەی دواییشـــدا حزبی فەزیلە لە وتووێژێکدا لەگەڵ لایەنی کوردی کردوویەتی زۆر لەم خاڵانەی گرنگن ئەوانیش لەگەڵیدان، بۆیە گەڕانەوەی ئەوان بەمشـــێوەیە نییە کە لە ڕاگەیاندنی عەرەبی زیاتر زەق دەکرێتەوە کە گوایا هەمووی لە دژی کوردە و ئەوانە هەوڵێکن بۆ دژی بەرژەوەندیەکانی گەلی کورد.

**• باشـــە ئێستا ساردیەك دروســـت نەبووە لە نێوان مالیکی و ئـــەو داواکارییانـــەی کە کورد داوایـــان دەکات؟ بەتایبەتی وەکو دەردەکەوێـــت وەڵامی کوردی داوەتـــەوە، بەڵام وەڵامی**

**ئەمەریکا بۆ بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد عێراقی ڕزگار نەکردووە, بەڵکو ئەجێندایەکی تایبەتی خۆی بۆ عێراق و دەوروبەریش هەیە**

**لەم نزیکانە وەفدێکی کوردستان دەچێت بۆ بەغدا لەسەر ئەم بابەتەی کە هاوپەیمانی کوردستانی دەنگی بەرز کردۆتەوە و ڕایگەیاندووە کە هەندێک کەموکوڕی هەیە, لەسەر وەڵامەکەی ئەوانیش گفتوگۆ دەکرێت و چارەسەری ئەم شتانە دەکرێت**

**تەنیا مالیکی نییە توانیویەتی باری ئەمنی بەرەوپێش ببات ئەو هاوکاریەی خودی عێراقیەکان بە کورد و عەرەب و خودی شیعە و سوننە کردوویانە بۆ ئەوەی باری ئەمنی چاک بکەن ئەو هاوکاریە زۆر و بەرنامەڕێژییەی کە ئەمەریکیەکان کردوویانە کە لە بواری ئەمنیدا چاکسازی تێدا بکرێت،بۆ سەرکەوتن ڕێژەیەکی باشی بەدەست هێناوە**



**داواکارییەکانی رەتکردۆتەوە وەکو راگەیاندنەکان بەگشتی و عەرەبییەکان بەتایبەتی باسی لێوە دەکەن؟**

◂ دەبێ ئێمە ئەوە بزانین کاتێك باس لە حکومەت لە دەسەڵات دەکرێت لە بەغدا کورد بەشێکە لەم دەسەڵاتە و بەشێکە لەم حکومەتە بەشێکی ئۆپۆزسیۆن نییە بەڵکو بەشێکی پێکهێنەری حکومەتەکەیە پێکهێنەری دەسەڵاتەکەیە، کە ئەگەر بێت ولایەنی کوردی هەندێك داواکاری بۆ چاکسازی هەبێت هەقی خۆیەتی کە ئەوە هەم لە ئەنجوومەنی وەزیران هەم لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق باسی لێ بکات، وە ئەو یاداشتەی لایەنی کوردی بەناوی هاوپەیمانی کوردستانی داوێتی بەشی هەرە زۆری ئەوەیە کە ئەو کەموکوورِییانەی کە هەیە، باسی لێوەکردوون ئەو کەموکورِییانەی لە هەموو پێداویستیەکانی ژیان لە کۆمەڵگای عێراقی و بە کوردستانیشەوە وەك کارەبا و سوتەمەنی و کۆمەڵێك لەو کێشانەی کە ئێمە هەستیانپێدەکەین، لەلایەکی دیکەوە لەوانەیە بەشێکی سیستەمی ئیدارەکردنی وڵات لایەنی کوردی گلەیی لێ هەبێت و ئەم گلەییانەی بەرچاو خستووە، چونکە ئێمە لەگەڵ حزبی دەعوە و مەجلیسی ئەعلی کە مالیکی نوێنەری ئەم لیستەیە و لەلایەن ئەوانەوە هەڵبژێردراوە رێککەوتنی چوارقۆڵیمان هەیە.

● **باشە مالیکی وەڵامی داوەتەوە؟**

◂ بەڵێ وەڵامی داوینەتەوە، بەڵام بەمشێوەیە نییە کە رەتی شتەکانی کردبێتەوە و هەندێك لە شتەکانی سەلماندووە، لەم نزیکانەشدا وەفدێکی کوردستان دەچێت بۆ بەغدا لەسەر ئەم بابەتەی کە هاوپەیمانی کوردستانی دەنگی بەرز کردۆتەوە و رایگەیاندووە کە هەندێك کەموکورِی هەیە، لەسەر وەڵامەکەی ئەوانیش گفتوگۆ دەکرێت و چارەسەری ئەم شتانە دەکرێت.

● **دەکرێ ئەو شتانەی کە پەسند کراون یاخود پەسند نەکراوە شتێکی لێ بزانین؟**

◂ لەوانەیە زۆرتری ئەو موزەکەرەی بەناوی هاوپەیمانی کوردستانەوە دراوەتە مالیکی لایەنە گشتییەکانی ئابووری تێدا هەبێت لایەنە گشتییەکانی ئابووری تێدا هەبێت و هەروەها بڵێین ئەو ساردیەی هەیە لە بەرِێوەبردنی چاکسازیەکان باس کرابێت بەسەر مادەی ١٤٠ئێمە پێشتر رێککەوتنێکمان هەیە و ئەویش قسەی خۆی هەیە و هەوڵی داوە پەلە بکرێت لە کارەکان و کارەکان ئەنجام بدرێت، بەڵام هەموو دواکەوتنەکە لەیەك شوێن نییە، لەسەر ئەوەی مادەی ١٤٠جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو کۆمەڵێك فاکتەر هەنە وایکرد کە مادەی ١٤٠بۆ ماوەی (٦) مانگ درێژ بکرێتەوە، یاخود جێبەجێ نەکردنەکەی درێژ بکرێتەوە ئەو لاری نییە لەسەر مەسەلەی جێبەجێکردنەکە و بە ماددەیەکی دەستووری زانیوە و زۆری خاڵی دیکەشی هەیە ئێمە گوتومانە بەپێی دەستوور دەبێ وابێت ئەو ئینکاری نەکردووە لە بواری دابینکردنی ئەمنیەت موزەکەرەکەی ئێمە تێیدایە کە ئێمە گوتومانە باری ئەمنی بەرەوپێش چووە فیعلەن بە هاوکاری هەموو لایەنەکان هەوڵدراوە، چونکە تەنیا مالیکی نییە توانیویەتی باری ئەمنی بەرەوپێش ببات ئەو هاوکاریەی خودی عێراقیەکان بە کورد و عەرەب و خودی شیعە و سوننە کردوویانە بۆ ئەوەی باری ئەمنی چاك بکەن ئەو هاوکاریەی زۆر و بەرنامەرِێژییەی کە ئەمەریکیەکان کردوویانە کە لە بواری ئەمنیدا چاکسازی تێدا بکرێت،بۆ سەرکەوتن، رێژەیەکی باشی بەدەست هێناوە.

●●●

**ئەگەر ویستمان بکشێینەوە دەبێت حکومەت برِووخێت، نەک ئێمە بکشێینەوەو مالیکی لەلایەکی دیکە بتوانێت کۆمەڵێک خەڵک کۆ بکاتەوە و حکومەتەکەی بەردەوام بێت**

●●●

● **ئێستا یەك لەم گرفتانە ئەوەیە کە دەڵێت ئەگەر کورد لەگەڵ حکومەتی مالیکی رێککەوتنێك بکات، ناتوانێت لە حکومەتی مالیکی بکشێتەوە، چونکە بنەمایەکی ئابووری و دارایی بەهێز و پتەوی نییە تا بتوانێت ئیدارەی خۆی پێ بکات؟**

◂ ئێمە بە سفر یاخود بە سەد ژمارە دەرنەکەین لە شتەکان یاخود لە حکومەت بەشدار دەبین یاخود بەشدار نابین یان ناکشێنەوە یاخود دەکشێینەوە، کشانەوە لە حکومەت هەروا ئاسان نییە.

● **لە حالەتی گەیشتنە بنبەست؟**

◂ دەبێ ئەمە بڵێین ئەمە دوایین کارتە کە بەکاری دێنین، بەڵام کارتیی ئاخیر هەر ئەوە نییە، بڵێیت ئێمە لە حکومەت دەکشێنەوە، نەخێر هەوڵی ئەوە دەدەین زەمینەیەکی ئاوا دروست بکەین کە ئەگەر گەیشتنە ئەو حاڵەتە بەرەیەك لەلایەن و کەسایەتیەکان دروست بکەین، واتا ئەگەر ویستمان بکشێینەوە

●●●

**لە باشووریش زۆر پێویستیان بە سەحوە نەبوو، چونکە لەوێش هێزی چەکداری سوپا و پۆلیس خەڵک پشتیوانیان لێدەکات و تا رادەیەک توانیویانە ئاسایش دابین بکەن، بەڵام ئەوەی ئەمنیەتی تێدانەبوو ناوەرِاستی ئێراقەکەی ناوچەی سوننە نشینن**

●●●

●●●
**ئێستا هەندێک لەوانەی سەحوەن بوونەتە کێشە لەبەر ئەوەی لە هەندێک کێشەدا خۆیان بەدەسەڵات دەزانن خۆیان بە بەدیلی حکومەت دەزانن**
●●●

●●●
**وەفدەکە بەسەرۆکایەتی سەرۆکی حکومەت کاک نێچیرڤان دەبێت و بە بەشداری هەندێک لە هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی و هەندێک شارەزا لەبوارە جیاجیاکاندا کە پێویست دەبێت لەوێدا لە لیژنەکان بە شداربن بۆ تاوتوێکردنی ئەو بابەتانەی کە لە نێوان ئێمە و ئەوان بە هەڵواسراوی ماون و پێویستە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت**
●●●

●●●
**ئەگەر تورکیا یارمەتی بەرەی تورکمانی دەدات ئەوە نییە کە بەرەی تورکمانی توانیبێتی دیبلۆماسیەتێکی یەکجار زۆر باشی هەبێت و پرۆسەی سیاسی لە ژێر کاریگەری بەرەی تورکمانیدا بێت بەڵکو خودی تورکیایە دەیەوێت بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکات لە ڕێگەی بەرەی تورکمانییەوە و بەرەی تورکمانیش بۆ ئەم مەبەستە بەکار دێنێت, کورد توانیوێتی دۆستی زۆر باشی لە ئەوروپا لە ئەمەریکا بەدەست بێنێ**
●●●

حکومەت بڕووخێت، نەك ئێمە بکشێینەوەو ئەو لەلایەکی دیکە بتوانێت کۆمەڵێك خەڵك کۆ بکاتەوە و حکومەتەکەی بەردەوام بێت، نەخێر ئەگەر ویستمان ئیش بکەین ئیش بەمشێوەیە دەکەین کە کۆمەڵێك لایەنی دیکە لەگەڵ ئێمە هاوڕا بن بۆ ئەوەی کە ئەو حکومەتە نەتوانێت کارەکانی جێبەجێ بکات بۆیە ئەوکات دەبێت ئەو حکومەتە بگۆڕدرێت و حکومەتێکی دیکە دروست بکرێت.

● **ئێستا چەکدارکردنی بەناو سەحوە لە ناوەڕاست و باشوور سەرکەوتنێکی کاتییان بەدەست هێناوە، بەڵام لە شارەکانی وەکو موسڵ و کەرکوك کە کورد لەم دوو شارە رۆڵێکی بنچینەیی تێدا دەبینێ لە دابینکردنی ئاسایش و تەناهی بەڵام ئەم عەشایەرانە چەکدار بکرێن گرفتی جددی بۆ هێزی پێشمەرگە و هێزی کوردی دروست بێت ئەوکاتە بەتایبەتی ئێستاش لە کەرکوك خەڵکێکی زۆریان چەکدارکردووە، هەرچەندە سەرکردایەتی کورد هەڵوێستێکی نیگەتیڤی هەیە بەڵام بە کردەنی نەیتوانیوە ئەم پرۆسەیە رابگرێت؟**

◂ لە باشووریش زۆر پێویستیان بە سەحوە نەبوو، چونکە لەوێش هێزی چەکداری سوپا و پۆلیس خەڵك پشتیوانیان لێدەکات و تا رادەیەك توانیویانە ئاسایش دابین بکەن، بەڵام ئەوەی ئەمنیەتی تێدانەبوو ناوەڕاستی عێراق و ناوچەی سوننە نشینبوو، سەحوە لەوێدا کاریگەریەکی باشیان هەبووە وەکو هەڵگەڕانەوەیان لە قاعیدە و هاوکاریکردن بۆ بەعسییەکان وایکرد کە ئەمنیەتی بەشێکی زۆری ئەم ناوچانە دابین بکرێت، بەڵام بەنسبەت ئەو شوێنانەی کوردستان کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان تێیدا باڵادەستە،ئەمە روونە ئێمە پێویستمان بەم شتانە نییە و نایەڵین زیندوو ببێتەوە، چونکە ئەمە بەشێکە لەو فکرەی کە لە کۆنیشدا حکومەتەکانی عێراقی بۆ بە جاشکردنی هەندێك لە خەڵکی کوردستان بۆ بەستنەوەیان بە خۆیان دەیانکرد، بەڵام بە نسبەت ئەو شوێنانەی تێکەڵاوە لە پرۆسەی سیاسی ناونراوە ئەو شوێنانەی کەکێشەی لەسەرە، ئێمە رای خۆمان بۆ حکومەتی عێراق باسکردووە و ئەم خاڵەش بەروونی لەگەڵ ئەوان ساغ دەکەینەوە، وە لە شوێنەکانیش بە هەموو ئەو دەزگایانە گوتراوە کە ڕێگە نەدرێت بەناوی سەحوە دیسان خەڵك چەکدار بکرێت چونکە چەکدارکردنی ئەوان و بەهێزکردنی ئەم حاڵەتە نا قانونییە، کە نەمانویستووە تا ئێستا دروست بێت، چونکە دیسان کە کاریان پێنەما دەبنە ئاستەنگ و چییان لێدەکەن، ئێستا هەندێکیان بوونەتە کێشە لەبەر ئەوەی لە هەندێك کێشەدا خۆیان بەدەسەڵات دەزانن خۆیان بە بەدیلی حکومەت دەزانن، بۆیە بەشێکی زۆری عەرەبەکانی دەروروبەری کەرکووك و موسڵیش لەگەڵ ئێمە هاوڕابوون کە ئەم سەحوانە دروست نەبێت بۆ نموونە وەکو لە دەورووبەری مەخمور و لە هەندێك شوێنی کەرکووکیش ئەم بابەتە راوەستاوە و ئیشی پێناکرێت.

● **باشە ئەو وەفدەی دەچێت بۆ بەغدا وەفدە کوردیەکە لە ئاستێکی باڵایە یاخود لە ئاستێکی ئاساییە؟**

◂ وەفدەکە بەسەرۆکایەتی سەرۆکی حکومەت کاك نێچیرڤان دەبێت و بە بەشداری هەندێك لە هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی و هەندێك شارەزا لەبوارە جیاجیاکاندا کەپێویست دەبێت لەوێدا لە لیژنەکان بە شداربن بۆ تاوتوێکردنی ئەو بابەتانەی کە لە نێوان ئێمە و ئەوان بە هەڵواسراوی ماون و پێویستە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت.

● **کاك مەحمود زۆر جار شەقامی کوردی رەشبینی لادروست بووە لەوەی کورد ناوچەیەکی رزگارکراوی بەدەستەوەیە و کاری خۆی کردووە و بەڵام نەیتوانیوە خەباتی سیاسی و دیبلۆماسی بەپێی پێویست ئەنجام بدات، هەر لەبەر ئەمەش دۆستی راستەقینە و دۆستی جددیمان نییە وەکو ئەوەی سوننە هەیەتی یاخود شیعە هەیەتی یاخود تورکمان هەیەتی، هەتا ئاشوریەکانیش دۆستیان هەیە، مەبەستم ئەوەیە کورد وەکو ئەوانە نییە هەست دەکەیت دۆستەکانی کورد بەپێی پێویست نییە، ئایا ئەگەر ئێمە وابین دوای (١٧) ساڵ کاتی ئەوە نەهاتووە پێداچوونەوەیەك لە خۆمان بکەین لە رووی خەباتی سیاسی و دیبلۆماسی؟ بەتایبەتی خەباتی دبلۆماسی کە بەپێی پێویست نییە،؟**

◂ لە راستیدا مەسەلەی کاری دیبلۆماسی و سیاسی و بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا لەوانەیە بەپێچەوانەوە بێت ئەوەندەی کە کاریگەری لایەنی کوردی بەسەر پرۆسەی



سیاسی عێراقەوە هەبووە رەنگ بێت زۆر خەڵك و لایەن نیگەرانی ئەوەیان لا دروست بێت، هەتا هەندێکجار تەسەوری ئەوەیان کردووە ئێمە زیاد لە حەد دەسەڵات بەکار دێنین لە ناو پرۆسەی سیاسی عێراقیدا وە هەندێکجار زۆر شتی هەڵواسراو بەڕایەکی کوردی یەکلایکراوەتەوە، ئێمە دۆستمان هەیە دۆستمان لە ئەحزابی سیاسی عێراقی هەیە.

**• مەبەستم ئەوەیە لە ئاستی دۆستایەتی لایەنەکانی دیکە نییە وەکو سوننە و شیعە؟**

◂ تۆ دەبێ ئەوە لێکبدەیتەوە کە سوننەی عەرەب (٢٢) دەوڵەتی عەرەبی هەیە پاڵپشتیان دەکەن، چونکە بە ئیمتیدادی خۆیان دەزانن ئەمە مەسەلەیەکی جیاوازە ئەمە مەسەلەی دۆستایەتی نییە، ئەمە ئەم و ئەوە نییە کە ئەو چەند حزبە بە دیبلۆماسیەتێکی باش یا بە سیاسەتێکی باش پشتیواني ئەم وڵاتانانەیان بۆ خۆیان راکێشابێت بە پێچەوانەوە بەڵکو خودی ئەم دەوڵەتانەن کە دەیانەوێت بەشێك لە سیاسەتی خۆیان لە ئاستی عێراقدا لە رێگەی ئەم لایەنانەوە لە عێراقدا پیادە بکەن، ئەمە جیاوازە لەگەڵ مەسەلەی دۆستایەتی کردن، و بەنسبەت خەڵکی تریش بە هەمان شێوە ئەگەر تورکیا یارمەتی بەرەی تورکمانی دەدات ئەوە نییە کە بەرەی تورکمانی توانیبێتی دیبلۆماسیەتێکی یەکجار زۆر باشی هەبێت و پرۆسەی سیاسی لە ژێر کاریگەری بەرەی تورکمانیدا بێت بەڵکو خودی تورکیایە دەیەوێت بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکات لە رێگەی بەرەی تورکمانییەوە و بەرەی تورکمانیش بۆ ئەم مەبەستە بەکار دێنێت، کورد توانیوێتی دۆستی زۆر باشی لە ئەوروپا و ئەمەریکا بەدەست بێنێ و لەخودی عێراقیش کورد لە ناو پرۆسەی سیاسی عێراقیدا ئێستاش سەنگێکی یەکجار زۆري هەیە و بەبێ خوێندنەوەی لایەنی کوردی لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا بەگشتی ناتوانرێت بڕیاری پێویست و گونجاو بدرێت.

**• چ لە ناوەخۆ چ لە دەرەوەش ئێستا زیاتر لە هەر کاتێکی تر باس لە بڵاوبوونەوەی گەندەڵی دەکرێت لە کوردستان، ئایا بەرنامەیەکتان هەیە بۆ ریشەکێشکردنی گەندەڵی و، کەسانی بە توانا بواری زیاتریان بۆ بڕەخسێ، بۆ ئەرك و کار وەرگرتن، تا بتوانرێ داهێنان (ابداع) ی جوانتر بکرێ لە هی ئێستا؟**

◂ لە راستیدا پێویستە ئێمە پێناسەیەکمان بۆگەندەڵی هەبێت، پێناسەی گەندەڵی زۆر لایەن دەگرێتەوە، لە کەمتەرخەمی نواندن لەبەکارهێنانی دەسەڵاتی ئیدارییەوە.. لە باش ئەنجام نەدانی کارەکان و پرۆژەکان.. لە بەفیڕۆدانی کات.. بە فیڕۆدانی توانای حکومەتی ئەو وڵاتە و هەندێك خراپ سوود لەم ئیمکاناتانە ئەمانە هەمووی پێکهێنەری گەندەڵین، ئێمە نکۆڵی ئەوە ناکەین لە کوردستاندا هەندێك خاڵی لاواز هەیە کە ئەم خاڵە لاوازانە پێویستە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت و بەشێکی رەنگە پەیوەندی بەم سیستەمە ئیدارییەوە هەبێت کە پاشماوەیە یاخود بۆ ئێمە ماوەتەوە لە حکومەتی عێراقی پێشوو.

**• مەبەستم ئەوەیە ئێوە پرۆژەیەکتان هەیە؟**

◂ بەردەوام دەبێت ئەم بابەتە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت نابێت بۆ چەند ساڵ رابوەستین چاوەڕێ بکەین و خەڵك پێمان بڵێت گەندەڵی هەیە یاخود کەمکاری هەیە یاخراپ بەکارهێنانی ئیمکانات هەیە بەڵکو پێویستە بەردەوام رێگە بدۆزرێتەوە کە چۆن چاکسازی لە بوارە جیاجیاکان بکرێت و بواری گەندەڵکردن و خراپکردنی خەڵك نەدرێت، چونکە بەشێك لەوەی کە گەندەڵی پەیدا دەبێت خودی ئەو دامودەزگایانە بواری تێدا هەیە بۆ ئەو کارە خراپانە و هەندێك جار دەبێتە هۆی گەندەڵکردنی خەڵکێك کە ئەسڵەن بڕوای بە گەندەڵی نییە و هەوڵیشی بۆ نادا گەندەڵ بێت بەڵام بەهۆی دەورووبەرەکەی دەبێتە بەشێك لەم بابەتانە بۆیە دەبێت ئێمە بە سیستەمە ئیداریەکەماندا بچینەوە کە چۆن رەقابەی کارەکان بکەین و لە مەسەلەی دادپەروەری لە مەسەلەی دابەشکردنی ئیمکانات و ..هتد دادپەروەری بەکار بهێنرێت.

**• باسی رەقابەت کرد پێتوانییە رەقابەي مەرکەزی هیچ رۆڵێکی نییە لە چارەسەرکردنی گەندەڵیی؟ تائێستا نەمانبینیوە لەگەڵ دووکەس ئیجرائاتی جددی کرابێت، خۆ ئەگەر ئێمە گەندەڵی بە ژمارەی دروستیش نەزانین بەڵام ئاشکرایە کە هەیە؟**

◂ لەوانەیە بەشێك لەم بابەتە ئەوە بێت کە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان و تەحقیق کة لەسەر مەسەلەکان دەکرێت نەدرێتە راگەیاندن، ئەمەش بەشێکە لە مافی خەڵك، چونکە ناکرێت کەسێك لەسەر شتێك دەستگیر بکرێت یاخود تۆمەتێکی هاتە سەر لە راگەیاندن بڵاو بکرێتەوە، چونکە ئەم تەنیا خۆی نییە، کەس و کاری هەیە کوڕی هەیە و کچی هەیە، خەڵکانێك گیراون و خەڵکانێك سزادراون ماوەیەك زیندانی کراوە.

**• گەندەڵە گەورەکان نین کە سزا دراون، بة تەئکید لەگەندەڵە بچووکەکانن؟**

◂ بەهەر حاڵ ئەوەی هەیە لە بچووك و لاواز، گەندەڵی هەرگەندەڵییە ئەوکەسەی گەندەڵیەکی بچوك بکات دەستکاری سەروەت و سامانی حکومەتی هەرێمی کوردستان یاخود ئەم میللەتە بکات دیارە هێنده ئەوەندە دەسەڵاتی هەیە، ئێمە دەبێت زەمینە خۆشبکەین کە نەهێڵین خەڵك پەنا بەرێت بۆ ئەم مەسەلانە ئەمەش بە دۆزینەوەی کۆمەڵێك رێگاچارە دەبێت.

**• ئێستا باس لەوە دەکرێت کە هەردوو وەزارەتی دارایی ئیدارەی هەولێر و (سلێمانی) رابردوو و بۆچی یەکی نەگرتۆتەوە، گوایا لەبەر ئەوەیە هەردوو وەزارەت قەرزدارن، ئەمەش بووەتە گرفتێکی بنچینەی بۆ یەکنەگرتنەوەی ئەم دوو وەزارەتە؟**

◂ زۆر جار باسی ئەوەمان کردووە تا ئەوکاتەی وەزارەتەکان یەکدەگرنەوە، بەڵام ئەمجارە لەکۆبوونەوەی دوایدا باس لەوەکرا ئەم تەعدیلە وەزارییەی کە دێتە پێش بەبێ یەکگرتنەوەی ئەم وەزارەتانە نەکرێت، یەعنی وەزارەتەکان یەکبگرنەوە و تەعدیلەکەش بکرێت وەکو کەمکردنەوەی هەندێك وەزارەت و تێکەڵکردنی هەندێك وەزارەتە لەگەڵ یەکتری.

کێشەی یەکنەگرتنەوەکە لەوانەیە هەندێکی تەعلیمات بوویێتن رەنگە هەندێك جیاوازی لێرە و لەوێ هەبێت هەندێکیشی

●●●
**لەکۆبوونەوەی دواییدا باس لەوەکرا ئەم تەعدیلە وەزارییەی کە دێتە پێش بەبێ یەکگرتنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە و دارایی و ناوخۆ نەکرێت**
●●●

●●●
**هەر حزبێک ئازادە لەوەی کە راکانی خۆی دەربڕێت، بەڵام چوارچێوەیەکیش بۆ رای دەربڕین بۆ هاوکاریکردن و هەماهەنگکردن لە هەر وڵاتێک هەیە**
●●●

●●●
**ئێمە ئەوئاراستەیەی یەکگرتوو بەراست نازانین ئەوان خۆیان بە نوێنەری خەڵک بزانن و وابزانن ئێمە نوێنەرایەتی خەڵک ناکەین,خۆ ئەگەر بە ژمارەش بێ ئێمە و یەکێتی ئێکجار زۆرترین لە یەکگرتوو و جەماوەری ئێمەش ئێکجار زۆرترە لە یەکگرتوو**
●●●

پـــرۆژەكان بێت ئەم پرۆژانەی كە بەشـــێكی لێ ئەنجامدراو و بەشـــێكی لێ ئەنجام نەدراوە و ئەو پارانەی بۆیان تەرخانكراوە لێرە و لەوێ بۆ سەرپەرشـــتیكردن و بۆ ئەوەی بەشـــێوەیەكی بەردەوام و چاوڕوونتر بتوانـــن موتابەعەی جێبەجێكردنی ئەم پرۆژانـــە بكرێت دیار بوو نەگەیشـــتبوونە ئـــەو ئاكامەی كە وەزارەتەكان تێكەڵاو ببنەوە بەڵام ئێســـتا وابزانم ئەو هەرســـێ وەزارەتەی كە تێكەڵاو نەبوون یاســـاكانیان ئامادەكرا گرفتێكی ئەوتۆیـــان نەماوە بـــۆ تێكەڵاوبوونەوە ئومێـــد دەكەین لەگەڵ ئـــەو تەعدیلە وەزارییەی كە لە مـــاوەی داهاتوودا دەبێت ئەو وەزارەتانەش یەكبگرنەوە.

● **ماوەیەكە یەكگرتووی ئیســـلامی وەكو بەرهەڵســـتكارێك خۆی نیشـــان دەدات و رەخنەی زۆری لە حكومەت هەیە، لە رووی گەندەڵـــی و هەروەها خەریكی ئامادەكردنی پرۆژەیەكە بۆ هەڵبژاردنی پێشـــوەختەی پەرلەمانی كوردستان و...هتد، ئایا پارتی دیموكراتی كوردســـتان، چۆن دەڕوانێتە ســـەرنج و رەخنەكانی یەكگرتووی ئیسلامی؟**

◂ بـــە هەرحـــاڵ هـــەر حزبێك ئـــازادە لەوەی كـــە راكانی خـــۆی دەربڕێت، بەڵام چوارچێوەیەكیـــش بۆ رای دەربڕین بۆ هاوكاریكـــردن و هەماهەنگكردن لە هـــەر وڵاتێك هەیە، ئێمە چ وەكـــو پارتی و یەكێتی لەگـــەڵ یەكگرتوو هاوپەیمانین وە پێكـــەوە لە حكومەت كار دەكەیـــن، لە پەرلەمان كار دەكەین و لە ئەنجوومەنی سیاسی حزبەكانی كوردستان بەشدارین پێكەوە گفتوگۆ دەكەین كۆمەڵێك شـــتی هاوبەشیشـــمان هەیە، بەڵام بۆچوونی جیاوازیشمان لە چۆنیەتی ئیدارەكردنی وڵات لەگەڵ یەكتری هەیە، ئێمە ئەو ئاراستەیەی یەكگرتوو بەراست نازانین ئەوان خۆیان بە نوێنەری خەڵك بزانن و وابزانن ئێمە نوێنەرایەتی خەڵك ناكەین، خۆ ئەگەر بە ژمارەش بێ ئێمە و یەكێتی ئێكجار زۆرترین لـــە یەكگرتوو و جەماوەری ئێمەش ئێكجار زۆرترە لە یەكگرتوو ئەوان لە كوێ راپرسیان كردووە كە جەماوەر دەبێ ( لەوەی ئەوان دەڵێن) لێی رازی نەبن ئێمە ناڵێین ناڕەزایی نییە لە خودی ناویەكێتی و پارتیدا ناڕەزایی هەیە بەڵام شـــێوازی دەربڕین جیاوازە ئایا بۆ ڕاگەیاندنە بۆ دروستكردنی كەشێكی ســـلبیە دژ بە حكومەت یاخود بۆ ئەوەیە چاكســـازی بكرێت بـــە تەئكید ئەوانەی ناوخۆی خۆمـــان چ ئەوانەی یەكێتی و پارتی وە هەتا هەندێك حزبی دیكەش بۆیە دەربڕینی ئەو رایانە و باســـكردنیان بۆچاكســـازیكردن بوو، بەڵام ئەوەی برادەرانی یەكگرتوو زیاتر لەوانەیە هەوڵبدەن كە كەســـبی جەماوەر بكەن لەو رایە موخالیفانەی بەرامبەر حكومەتی هەرێمی كوردستان و هـــەردوو حزبەكە دەیڵێن كە لەوانەیە ئەوەیان بۆ ئاخیر ئەگەر یەكگرتوو هەروا بەردەوام بێت لە راگەیاندندا یەكێتیی و پارتی دەستە وەستان ناوەستن، ئەوان قسە بكەن و ئەوانیش هیچ نەڵێن بە تەئكید ئێمەش شتمان زۆرە باسی بكەین بەڵام نەمانویستووە ئەم بابەتە بخەینە ســـەر راگەیاندن، چونكە زۆر رێگەی دیكە هەیە پێش ئەوەی بخەینە سەر راگەیاندن.

ئـــەوان ئەندامن لـــە ئەنجوومەنی وەزیران، دەتوانن باســـی ئەوە شـــتانە بكەن، هەروەها ئەندامن لە پەرلەمانی كوردستان دەتوانن لەوێـــدا بابەتەكان باس بكەن، هەروەها لە ئەنجوومەنی ســـەركردایەتی سیاسی حزبە كوردســـتانیەكان دەتوانن لەوێدا باســـی بكەن، ئاخر رێگەیان ئەوە بوو لە راگەیاندن باسی ئەو بابەتانـــە بكەن چونكە ئەگەر ئامانجیان ئەوەیە ئەو شـــتانەی ئەوان بەباشـــی نازانن چاك بكرێت و ئەمەش رێگاكانێتی، وا نییە مرۆڤ لە كۆتایی شـــتەكان دەســـت پێناكات بەڵكو لە سەرەتای شتەكانەوە دەست پێدەكات.

● **بەڵام هەست ناكەی یەكگرتوو بەڵگەی بەدەستەوە بێت كە قسە دەكات زۆر مكوڕە لەسەر قسەكانی و وەك ئەوە وایە بڵێت قسە بكەیت دەیڵێم؟وەك دەبینین هیوا كە سكرتێری یەكگرتووە دەڵێ من ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانم كەچی ئاگاداری خەرجییەكانی پەرلەمان نیم؟**

◂ ئێمە لێیان نەترســـاوین، گوتومانە قســـەی خۆتان بكەن پێشـــتریش گوتومانە ئێســـتاش دەیڵێین، ئەوەندەی زانیویانە، گووتویانە درێغیان نەكردووە، مەســـەلەی ئـــەوەی كاك هیوا ئەگەر مەبەستی مەسروفاتی پەرلەمان بێت ئەوە چ پەیوەندی بـــەكاك هیواوە نییە بـــا ئەندامی لیژنـــەی داراییش بێت ئەو ئەندامـــی لیژنەی دارایی پەرلەمانە بۆ دانانی یاســـاكە و بۆ بەدواداچوونی ئیش وكارەكان لە وەزارەتەكاندا لە رووی داراییەوە نەك چۆنیەتی خەرجكردنی ئەو پارانەی كە لە پەرلەمان خەرج دەكرێت، سەرۆكی پەرلەمان هەیە جێگری سەرۆكی پەرلەمان هەیە و بەرێوەبەری گشـــتی هەیە و ئەگەر مەبەســـتەكە ئەوە بوو بێت ئەوە تەسەوڕ دەكەم بە هەڵە چووبێ باوەڕیش ناكەم كاك هیوا مەبەســـتی ئەوە بووبێت ئەگەر مەبەستیشی ئەوە بێت كە میزانیەی حكومەت ئاگادارنییـــە كە چۆت خەرج دەكرێ بە تەئكید جوزئیاتی ســـەرفكردنی بوودجەی حكومەتی هەرێم كەسێك ناتوانێت هەمووی بزانێت چونكە ئەم هەموو ئەبواب و فەسل و ماددەی كە لە ناو میزانییەكەدا هەیە سەختە، ئەوانەی لە حكوومەتدا ئیشیان كردبێت دەزانن چەند تەعقیداتی تێدایە، بەڵام بە تەئكید ئەو میزانەی چووە پەرلەمان، ئەوان ســـەقفی ئەو میزانییەیان زانی، ئەبوابی سەرفی وەزارەتەكانیشیان زانیوە بەڵام ئیتر پەرلەمان تەنیا ئیشـــێكی تەنفیزی نییە، ئیشێكی دانانی یاســـای بەدواداچوونـــی چۆنییەتـــی بەرێوەچوونی كارەكانی حكوومەتە .

● **هەست ناكەی حزبە كوردستانییەكان لەم دواییە، ئاراستەی رەخنەكانیان راســـتەوخۆترو زەقترە لە پێشتر، ئەمە بۆچی وای لێهاتووە؟**

◂ ســـەرەتا پێویســـتە بڵێیت كە لە هەر وڵاتێـــك لە بواری رەخنە دەبێ گرتن ریزی پێشـــەوەبێت، را دەربڕین ئازاد بێت وە حزبێك بۆیە هەیە،چونكە بۆچوونەكانی جا سیاسی فەلسەفی ئابووری، یا كۆمەڵایەتی لەگەڵ یەكێتی و پارتی جیاوازە.


● **ئەوە راستە بەڵام پێشتر ئەو رەخنەیان نەدەگرت؟**

◂ بۆ ئێستا دەیگرن ئەمە پرسیارێكی دیكەیە، چونكە زەمان هەندێك جار هەندێك شـــت فەرز دەكات و ئێمە دەزانین رەنگە گوشارێك لەسەر حكوومەتی هەرێمی كوردستان هەبێت، لەبەردەم پێكهێنانی حكوومەتێكی یاخود تەعدیلێكی وەزاری داین، كە

●●●

**لە خودی ناویەكێتی و پارتیدا ناڕەزایی هەیە بەڵام شێوازی دەربڕین جیاوازە ئایا بۆ راگەیاندنە؟ بۆ دروستكردنی كەشێكی سلبیە دژ بە حكومەت یاخود بۆ ئەوەیە چاكسازی بكرێت بە تەئكید ئەوانەی ناوخۆی خۆمان چ ئەوانەی یەكێتی و پارتی وە هەتا هەندێك حزبی دیكەش بۆیە دەربڕینی ئەو رایانە و باسكردنیان بۆچاكسازیكردن بوو، بەڵام ئەوەی برادەرانی یەكگرتوو زیاتر لەوانەیە هەوڵبدەن كە كەسبی جەماوەر بكەن لەو رایە موخالیفانەی بەرامبەر حكومەتی هەرێمی كوردستان**

●●●



بەشێك لەو هەولانەی ئێستای ئەو حزبانە ئـــەوە بێت رەنگە بۆ ئەوە بێت بەشـــداربنەوە لە حکوومەت یاخود بەشدارنابن و بەشێکیشی لەوانەیە هەروەکو لـــە موزەکەرەکـــەدا هاتـــووە پەیوەندی بە هەندێك پرســـی دارایی هەبێـــت کە خۆیان بە مەغدوور دەزانن لەســـەر ئەو میزانییـــە وبەکەمی دەزانن و تەســـەور دەکەن پشکی ئەوان لـــە میزانیـــەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە ئێستا بۆیـــان دیاریکراوە دەبێت زیاتر بێت، ئـــەوی تریـــش رەنگە پێیـــان باشـــبێت هاوبەش بن لـــە وەزارەتەکانـــدا، ئێمە لە دامەزارندنی ئەم حکوومەتەی ئێســـتاش کاتێـــك لەگەڵیان چووینە گفتوگـــۆ پێمانوتن وەرن هاوبەشـــبن لەگەڵمـــان لـــە حکوومەتـــدا، چونکـــە ئێمە دەمانـــەوێ حکومەتی بنکـــە فراوان لە کوردســـتان دابمەزرێنین، پارتی و یەکێتی بە حوکمی ئەو زۆرینەی کە هێناویانە دەتوانن حکومەت دروست بکەن و هیچ بێ یاســـایش ناکەن، بەڵام زروفی کوردســـتان و ئەو بۆچوونەی کە پارتی و یەکێتی هەیانة پێیانخۆشە بنکەی حکوومەتەکة بەرفراوانبێت و خەڵکی تریش بەشـــداربن تێدا، لە هەموو دنیا کە حزبێك یاخود دوو حزب زۆرینە وەدەســـتدەهێنن مافی خۆیانە حکومەت دروســـت بکەن بەبێ ئەوەی کەســـی دیکەش بەشـــداري پێبکەن، بۆیە جیـــاوازی بۆچوونەکان هەر لە جیاوازی چۆنییەتی ئیدارەکردنە، بەشـــێك لەو شتانەی کە ئەوان باســـیان دەکرد لە نارِەزاییێتی لەوانەیە خودی ئەو حزبانە بەربەســـت بن لەم نارِەزایەتییەی کە هەیانە، خودی یەکگرتوو کۆمەڵ بەشێکن لەو نارِەزاێتیەی کە گەنجانی ئێمە هەیانە لە کوردستان، ئەوان بەربەستن لەبەرامبەر ئەم ئاوات و ئارەزوانەی گەنجان کەدەیانەوێت بە شـــێوەیەکی کراوەترو پێشکەوتنخوازتر بۆیان بێتە دی، ئێمە ئەگەر بێت و ئەو خواســـتانەی گەنجان بهێنینە دی ئەوان لە پەرلەمان و لە هەموو شـــوێنێك لەدژی دەوەســـتن، بۆیە ئەوانە هەندێکیان بەشێکن لەو رێگرییانةي کە جەماوەر داوای دەکات؟.

**• بـــەڵام ئەوانیـــش دەڵێن خواســـتەکانی گەنـــج و خەڵك نایەتەدی؟**

◂ خواستەکانی گەنجان ئەگەر ئێمە رۆژێك لە رۆژان دانیشین بە یەکـــەوە پێیان دەڵێین، ئەو خواســـتانەی کە گەنجەکانی و یەکگرتـــوو و کۆمەڵـــی ئیســـلامی هەیەتـــی ئـــەو خواســـتانە نییە کە گەنجی کوردســـتان هەیەتـــی بەڵکو لەیەك جیاوازە، دەتوانین بڵێین پێچەوانەی یەکتریشن.

**• ئەو حزبانە زۆر جار باس لـــەوە دەکەن کە لـــە رووداوە گەرمـــاو گەرماوەکاندا پرس و رایـــان پێ ناکرێ، تۆ رات لەسەر ئەم داواکارییەی ئەوان چییە؟ ئایا پێویستە لە هەموو شتێك رایان وەربگیرێت ؟ یان نا، وە چۆن؟**

◂ بەراســـتی ئەم بابەتەی کـــە ئـــەوان باســـی دەکەن بەشێکی بۆ راگەیاندنە، ئێمە لەوەدا شـــارەزاین ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتن و زۆرینەن هەولَدەدةن خەڵك وا تێبگەیەنن کة ئـــەم حکوومەتـــەی کار دەکات، بـــاش کار نـــاکات، ئەمە بەشێکە لەم هەولَدانەی کـــە دەیانەوێت جێـــی پێی خۆیان زیاتر بکەن و جەماوەر بۆ خۆیان زیاتر رابکێشـــن، مەسەلەی سیاسەتی دەرەوە، ئەوان لە ئەنجوومەنە سیاســـیەکەی مانگی دووجار دانیشتنیان هەیە و دەتوانن ئەم بابەتانە تاوتووێ بکەن و موناقەشـــەی لەســـەر بکـــەن و لەوێ پێداگیریش بکەن، نەوەك شـــتەکان رووبەرووی راگەیاندن بکەنەوە، ئەگەر کێشەیەك هەیە یاخود شتێك بەراست نازانن با لە حزووری ســـەرۆك ئـــەو بابەتانە بوورژێنن و رای خۆیان بڵێن، پێشنیاری خۆیان بکەن، مەسەلە هەر رەخنە گرتن نییـــە تۆ لە رەخنەگرتن چیت دەوێ، مەســـەلەی حکوومەت، حکوومەتەکە دانەمەزراوە بـــەڵام پارتی و یەکێتی بە حوکمی ئەو زۆرینەیەی بەدەســـتیان هێنـــاوە مافی خۆیانە حکوومەت پێکبهێنن، حکوومەت کاتێك گەیشـــتینە ئەو کاتەی پێکبێنین ئـــەوکات لیژنەیەك دەبێت لەگـــەڵ ئەوانیش گفتوگۆ بکات و ئەو لیژنەیە رایان وەردەگرێت و پێشنیاریشـــیان پێدەکات، بەڵام هێشتا بریاری کۆتایی لەسەر حکوومەتەکە نەدراوە ئەوە دەبێت لـــە نێوان یەکێتی و پارتی ســـاغبکرێتەوە ئەو کاتە یەکێتی و پارتـــی بە هاودەنگی لەگەڵ حزبەکانی دیکەش دابنیشـــین و قسەی لەسەر بکەن.

مەسەلەی بەغدا ئەو کێشـــانە دیارە، لە ئەنجامی ئەو شتە کۆناکانتي هاتووە شتی تازە نەخولَقاون، مەسەلەی ئاڵا شتێکی تازە نییە، چارەســـەرەی بۆ دانرا، مەســـەلەی گرێبەستەکانی نەوت مەســـەلەیەکی دەستوورییە و لە دەســـتووردا هاتووە کە

**●●●**
**ئەگەر یەکگرتوو هەروا بەردەوام بێت لە راگەیاندندا یەکێیتی و پارتی دەستە وەستان ناوەستن ، ئەوان قسە بکەن و ئێمەش هیچ نەڵێین بە تەئکید ئێمەش شتمان زۆرە باسی بکەین بەلاّم نەمانویستووە ئەم بابەتە بخەینە سەر راگەیاندن، چونکە زۆر رێگەی دیکە هەیە پێش ئەوەی بیدەینە راگەیاندن**
**●●●**

**●●●**
**ئێمە دەمانەوێ حکومەتی بنکە فراوان لە کوردستان دابمەزرێنین، پارتی و یەکێتی بە حوکمی ئەو زۆرینەی کە هێناویانە دەتوانن حکومەت دروست بکەن و هیچ بێ یاسایش ناکەن، بەلاّم زروفی کوردستان و ئەو بۆچوونەی کە پارتی و یەکێتی هەیانة پێیانخۆشە بنکەی حکوومەتەکة بەرفراوانبێت و خەڵکی تریش بەشداربن تێدا**
**●●●**

**یەکگرتوو و کۆمەڵ بەشێکن لە دروستبوونی ئەو نارەزایەتیەی کە گەنجانی ئێمە لە کوردستان هەیانە**

**رای ئەمەریکا تا ئێستا ئەوەیە بەپێی دەستوور چارەسەری کێشەی کەرکووک بکرێت**

**ئەو خواستانەی کە گەنجەکانی یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی هەیانە ئەو خواستانە نییە کە گەنجی کوردستان هەیەتیە**

مافی هەرێمی کوردستانە گرێبەستی هەبێت، لە یاسای پەرلەمانی کوردستان یاسای بۆ دەرچووە، کەواتە مەسەلە پێویستی بە پرس کردن نییە لەبەر ئەوەی پرسی بە یەکێتی و پارتی نەکراوە کە ئەم کێشانەی لەسەر دروست ببێت، مەسەلەی لە ١٧٪ داهاتی هەرێمی کوردستان لە میزانیەی گشتی ئێراقی، خۆئەمە ئەوە نە یەکێتی و پارتی دروستیان نەکردووە، ئەوە بەشێك لەو خەڵکانەی کە لە وانیە هەندێکجار دۆستی ئەوانیش بن، دۆستی ئێمەش بن لە بەغدا ئەو کێشانەیان دروستکردووە، مەسەلەی ماددەی ١٤٠ خۆ بەرێز کاك قادر عەزیز نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردن و بۆ پشتیوانیکردنی ماددەی ١٤٠دانراوە.



**● بەڵام قادر عەزیزیش هەندێك قسەی دەکرد کە زمانی رەخنەیی توند بوون و، مەبەستم ئەوەیە ئێوە داواتان نەکردووە لە دوای ئەم یاداشتە لەگەڵیان دابنیشن، کە ئەوان لە راگەیاندن قسەیەك دەکەن ولای ئێوەش قسەیەکی تر، پێیەکیان لە ناو حکومەتە و پێیەکیشیان لە دەرەوەیە؟**

◂ تۆ دەزانی کێشەکانی لە کوردستان دروست دەبێت و یان بۆی دروستدەکات بە تەئکید هەمووی ئەوە نییە کە کورد خۆی تێیدا کەمتەرخەم بێت بەشێك لەوانە هەندێك شت دەهێندرێت بۆ ئەوەی لە کوردستان دروست ببێت و هەوڵبدات نا ئاسایش و نا تەبایی دروست بکرێت بۆیە دەبێت ئەوانە لە بەرچاو بگرین کە حزبەکان و هەندێك کەس لە بەغدا دژایەتی مافی گەلی کورد دەکەن ئەوان دەستە وەستان نەوەستاون بەرامبەرمان، ئەوان زەقە زەقی چاویان دێت و پێیانناخۆشە لە کوردستان یاخود لە ئێراق بۆ کورد شتێکمان بکرێت، دڵنیاین هەوڵی زۆر لەم بارەوە دەدرێت لە رووی راگەیاندنەوە کۆمەڵێك شت دەوروژێنن بەتایبەتی لەم بارودۆخەی ئێستادا، ئەمە بەم مانایە نییە ئێمە لە کوردستان هەموو شتێکمان تەواوە و هیچ کەموکورییەکمان نییە، بە تەئکید لەکوردستان کەموکوریمان هەیە،لە شێوازی کارکردندا کەموکوریمان هەیە، لە شێوازی دابینکردنی پێداویستییەکانی جەماوەر کە پێویستە دابینبکرێت کەموکوورییمان هەیە بەڵام هەندێك لەم کەموکوورییانە من ناڵێم هەمووی بەڵکو هەندێکیان لە دەسەڵاتی خودی حکوومەتی هەرێمە بە دەرەوە دابینکردنیان لە توانای ئەو دانیە، بەشێکیشی لەوانە راوێژی زیاتری بوێت، ئەم حزبە کوردستانیانەی لەگەڵ ئێمە کاردەکەن ئەگەر رەخنەشیان هەبێت رەخنەکان وەکو باسمکرد جێگە هەیە رەخنەی تێداباس بکرێت.

**● ئێوە لەم کۆبوونەوەکانان گلەیی ئەوەیان لێناکەن؟**

◂ بە دڵنیایەوە پێیان وتراوە و من خۆم لە چەند کۆبوونەوە بەشدار بووم، گوتراوە بەمشێوازە باش نییە باسکرێت وخەڵك وا تەسەور بکات ئێمە لە کوردستان بەیەکەوە ناتەبایین، بەتایبەتی لەم کاتەی ئێستا کە هێرشێکی دەرەکی و ئێراقیمان لەسەرە بۆ کەمکردنەوەی مافەکانمان، لەوانەیە هەندێك لە ناحەزان موراهەنە لەسەر ئەم کێشە ناوخۆییانە بکەن و هەوڵی قووڵکردنەوەی بدەن.

**● ئەوان وەڵامیان چییە؟**

◂ بڕیارە لەم رۆژانە دانیشتنیان لەگەڵ بکرێت لەسەر ئەم یاداشتەی کە داویانەتە سەرۆکایەتی هەرێم کە پەیوەندی بە (پارتی و یەکێتی) یش هەیە، لە جوزئیاتی ئیشەکاندا، دانیشتنیان لەگەڵ بکرێت و لە کۆبوونەوەی ئایندەی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان باس لەو یاداشتە بکرێت و گفتوگۆ لەسەر خاڵەکان بکرێت .

**● گرووپی تورکمانی لەگەڵ عەبدوڵلا گول باسیان لە دروستکردنی هەرێمێکی سەربەخۆ کرد بە کەرکووك، پێت وایە ئەمریکا هەڵوێستی چۆنە لەم بارەیەوە، ئەی ئێران و وڵاتانی کەنداو چۆن لەم شارە دەڕوانن؟**

◂ رای ئەمەریکا تا ئێستا ئەوەیە بەپێی دەستوور چارەسەری کێشەی کەرکووك بکرێت، و کاتی خۆی ئێمە کە رازیبووین لە چوارچێوەیەکی یاسایی دەستووریدا چارەسەر بکرێت، بەشێوازێکی مەدەنیانەمان زانی کە شێوازێکی لەم چەشنە چارەسەریە هەبێت باشترە لەوەی کە بەشێوازێکی چەکداری و توندوتیژی چارەسەر بکرێت، ئەم بابەتە رێگای بۆ دانراوە کە چۆن چارەسەر بکرێت، ئێمەی کورد لەگەڵ ئەوەین کە چۆن رێگەی بۆ دانراوە لەسەری رێککەوتووین کە لە دەستووردا هاتووە ئەو دەستوورەی ٨٠٪ی ئێراقییەکان دەنگیان

بۆ داوە، بەمشـــێوەیە چارەســـەر بکرێت، و ئەمەریکییەکانیش ناتوانن بڵێن ئێمە لەگەڵ شێوازی چارەسەری دەستووری نین، بەریتانییەکانیش ناتوانـــن وابڵێن بە پێچەوانەوە، بەڵام لەوانەیە هەوڵی ئەوە بدەن کە لایەنی زۆرتری خەڵکەکە یاخود ئەوانەی کە قسەیان لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك هەیە رازی بکەن لەسەر ئەم شێوەیە چارەسەر بکرێت، دەشزانن ئەمە مافێکە و دەبێت جێبەجێبکرێت.

**• ئـــەی مالیکی چـــۆن دەڵێت کورد نابـــێ پەلە بکات لە جێبەجێکردنی مـــاددەی ١٤٠، چونکـــە بارودۆخەکە ئاڵۆزەو بارێکی خراپ لە ئێراقدایە؟**

◂ بـــە تەئکید ئەوانەی کە دژی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ هەوڵدەدەن کە زەمینیەیەك دروســـت بکەن پڕ بێت لە گوشـــار لە مەســـائیلی دەروونی لەسەر مالیکی و خەڵکی دیکەش بۆ ئەوەی کە ترســـێك لە ناویاندا بە وجـــود بێنێت، بە پێچەوانەوە ئەمەریکیـــەکان لێدوانیـــان هەبووە کە ئەگـــەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێبکرێـــت هەندێك گرفت دروســـت دەبن بـــەڵام ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێنەکرێت کارەســـات روودەدات، ئەمە رای ئەمەریکیەکانە و فیعلەن ئەمە بۆچوونێکی راستە.

**• باشە ئێستا پێنج مانگی ماوە، شەش مانگ بوو، مانگێك رۆیشت، بەم خاویە خاویەش تەسەرو دەکرێت نە راپرسی بکرێت و نە ســـەر ژمێری بکرێت واتا ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی درێژ خایەن دەبێت ئەگەر بێت و لەم پێنج مانگە کێشـــەی کەرکووك یەکلانەبێتەوە کورد چی بەدەستەوە دەمینێت و چی دەکات؟**

◂ خۆ ئەگەر بەراســـتی بویسترا بوایە لە مانگی ١٢ دەکرا، رێگاش هەبوو بۆ ئەوە .

**• ئاخر ئامادەباشی بۆ ئەمە نەکرابوو؟**

◂ ئەگـــەر ئامادەباشـــی بـــۆ نەکرابوایە خۆ ئـــەم عەرەبە هاوردانەی کە پێویســـتە بگەڕێنەوە دیارن، دەکرێت ئەمانە لە دەنگدانەکە ئیستیسنا بکرێن و ئەم کوردانەی دەگەڕێنەوە ئەویێ ئەوانیش دیارن، ئەویتر، ئەو شـــارو شارۆچکانەی کە دابڕاون لە کەرکووك لائیحەکی بۆ دروســـت کرا بەڵام تا ئێســـتا تارق هاشمی رەزامەندی لەســـەر دەرنەبڕیوە، هەتا لایەنی شیعەش هەندێك گرفتی لەســـەر ئەم بابەتە هەیە لەبەر ئەوەی هەندێك شـــوێنی بەغدا و حلە و کەربەلایان بەســـتۆتەوە بەم پرســـەوە، ئێســـتا لە ئاخر گرفتەکانی ئەو ماددەیە ئەوانەی لە لیژنەکە کاردەکەن ئیستقالەیان کردووە بۆ ئەوەی ئاستەنگ بن لەبەردەم جێبەجێکردنی، بەڵام ســـەرۆکی لیژنەکە رایگەیاند کە مالکی ناتوانێت ئیشـــەکە رابگرێت، هەروەها پێویســـتی بە بڕیاردانی حکوومەت نییە، کە ئەم ئیشـــە بکرێت، ئەم ماوەیەی کە ماوە رێگەی بۆ دانراوە، دیمستۆرا کە هاتە کوردستان لە پەرلەمانی ئێراق قســـەی کرد دوای ئەمەش ئەوەی کە نووســـیوویانە بە ئـــاگاداری ئەمەریکا و بەریتانیـــا و حکوومەتی ئێراق و هەر ســـێ ســـەرۆکایەتی ئێراق (پەرلەمان- ئەنجوومەنی وەزیران- سەرۆکایەتی) ئەو بابەتە باسی لێوە کراوە چونکە درێژکردنەوەی تەنیـــا بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنیەتـــی نەك بۆ ئەوەی ماوەی ماددەکە درێژ بکرێتەوە، لەوەدا دیاریکراوە لەوانەیە ئەگەر بێت و نەگەیتە ئەو کاتە ئەو هەموو ئەو بەربەســـتانەش لاببدرێت و هەندێك لەوانە زۆر بە ئاسانی لادەبردرێن، مەسەلەی گێرانەوەی چەمچەماڵ و کفری و تەنیا پرۆسەیەك نییە درێژخایەن بێت، مەسەلەی دیکەی ئەگەر بێت سەرژمێری نەکرێت یاخود.

**• ئەگەر کەرکووك نەگەڕێتەوە ســـەر هەرێمی کوردســـتان ئەوکات چەمچەماڵ و کفری و کەلاریشمان لە دەستدەچێت؟.**

◂ ئێســـتا ئەگەر لە کەرکووك راپرســـی بکرێت، بەپێی ئەو هەڵبژاردنەی کەلە ســـاڵی ٢٠٠٥ کرا، کەرکووك بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەوە تەسەوراتێکی هەڵەیە کە ئێمە چەمچەماڵ و کفری کەلار- نەگەڕێنینەوە سەر کەرکووك- نەوەك کەرکوکمان بۆ نەگەڕێتەوە، ئێمە بۆیە ئەو شـــارانە دەگەڕێنینەوە بۆ ئەوەی دڵنیاییەکەی زیاتر بێت.



**• ئێستا خەڵکێکی زۆری کەرکووك، رەگەزنامەیان کەرکووکە بـــەڵام لـــە هەولێر و ســـلێمانی دەژین، بەتایبەتـــی لە هەولێر بەرێژەیەکی زۆر هەیە پۆســـتی ئیداریشـــیان هەیە، بۆ ناکرێت ئەمانـــە بەهەر شـــێوەیەك بێت بگەڕێنەوە کەرکـــووك و لەوێ پۆستەکانیان بەرێوەبەرن؟**

◂ بەهەر حاڵ زۆر جار باسی ئەم بابەتە کراوە.

**• بەڵام هەست ناکەی ســـەرکردایەتی کوردی کارێکی جددی بۆئەو کێشەیە نەکردووە؟**

◂ نەخێـــر کاریکـــردووە، کادیرانی خۆی ناچار کـــردووە کە لە کەرکووکـــن و خەڵکی کەرکووکن و لە کەرکـــووك کاردەکەن دەبێ بگەڕێنەوە و پسولەی خۆراك بگەڕێننەوە، بۆ ئەوەی لەوێ بژین.

**• ئایا راســـتە ئەمەریکا تـــا رادەیەك وەکو جاران پشـــتگیری کورد ناکات، لەبەر ئەوەی ئەو هەســـتدەکات لە کوردستان دیاردەی گەندەڵی فراوان هەیە.**

◂ تا ئێســـتا ئەمەریـــکا کوردســـتانی زۆر پێی باشـــترە لە حکوومەتـــی ئێراقی چونکە ئەوەنـــدەی کە لە حکوومەتی ئێراق باس لەم مەســـەلانە دەکەن لێرە لە چاو ئەوانـــدا هەرپێوەی دیار نییە، ئێمە ناڵێین لێرە شـــامی شەریفە، بەڵام بەمشێوەیەش نییە، کە ئەمەریکا هەڵوێستی لەســـەر وەربگرێت و دۆستایەتی خۆی لەگەڵ ئێمەدا سست بکات.

**• مام جەلال ئێســـتا لە کەرکووکە،گوایە گلەیەکی زۆری لە پارێـــزگاری کەرووك هەیە، لەبەر ئـــەوەی ئەو بەڵێنانەی بە مام جەلالی دابوو، بۆ خەڵکی کەرکووك نەیتوانیوە جێبەجێیان بکات، بۆیە ئێستا خەریکی ئاڵوگۆری دەسەڵاتە لە کەرکووك، ئێوە تا چ رادەیەك ئاگاداری ئەم گۆرانکارییەن ؟**

◂ لە راستیدا سەردانەکەی بەرێز مام جەلال بۆ کەکووك بەشێکە لـــەو هەوڵانەی کە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەدرێت، مام جەلال لەوێ خەڵك دەبینـــێ، هەروەها ئەو کەموکوریانەی ئەوێ لە نزیکەوە دەیەوێت چارەسەریان بکات بە تەنسیق لەگەڵ جەنابی ســـەرۆك، هەوڵدەدەن لەماوەی ئەم چەنـــد مانگەی بۆ ماددەی ١٤٠ دانراوە کێشـــەکان چارەســـەر بکەن، یەکێك لە کێشەکان ئەوە بووە کە لەوانەیە هەموو پۆســـتە ئیدارەکان بەشێکی زۆریان لەبەر دەســـتی کورد دابێت و خەڵکانی دیکە لێـــی بێبەش ببن، رەنگە چارەسەرییەکی بۆ بکرێ.

●●●

**ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێبکرێت هەندێک گرفت دروست دەبن بەڵام ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێنەکرێت کارەسات روودەدات، ئەمە رای ئەمەریکیەکانە**

●●●

# لەسەروبەندی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا

# پرسە گرنگەکان

## (١-٤)



سالار عوسمان

لەســەروبەندی پێکهێنانی کابینەی نوێــی حکومەتی هەرێمی کوردســتان چەند مەســەلەیەك هەیە کە بەردەوام قسەی لێدەکرێ و بۆتــە جێی بایەخی نێوەند سیاســیی و ئیعلامییەکان و لێرەدا هەوڵ دەدەیــن ئەگەر بە کورتیش بێ جێگەیان بۆ بکەینەوە و قســەیەکیان لەبارەوە بکەین..

*** کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان:**

بۆ هەرێمێکی وەك کوردستان کابینەیەکی وەك ئەوەی ئێستا زۆرە، هەرچەندە ئەوسا حکومەت بۆ ئەم بەرفراوانییە پاساوی خۆی هەبوو، بەڵام پاســاوەکان هەرچی بووبن هەرێمێکی وەکو کوردســتان هێندە وەزارەتەی پێویســت نییە، هەر بۆیە ئەو قەناعەتە راستە کە کابینەی دادێ بچووك بکرێتەوە، لێ بچووك کردنەوەیەك بۆ بەهێزکردن، دیارە لــەم کابینەیەی دادێ نیــاز وایە وەزارەتی بەهێــز و وەزیری بەهێز و دواجار کەســایەتییەکی بەهێزتر بۆ حکومەت دروســت بکرێ کە بشــێ لەنێو فۆرم دەرچێ و زێتر لەنێو ناوەڕۆکدا کار بکات، گرنگە حکومەت لەنێو ناوەڕۆکدا خۆ تاریف کات و بە ئاراستەیەکی دروستتر و بە بینینێکی دوورتر هەنگاو هەڵێنێ!

*** بەشداریی حزبەکان لە حکومەتدا:**

لەوە دڵنیایین ئــەو کابینەیەی دادێش کابینەیەکی ئیئتلافی دەبێ و پرەنســیپی تەوافوقی سیاســیش پانتاییەکی بەرچاو لە پشت ئەم ئیئتــلاف بوونە داگیــر دەکات، بەڵام هەق وایە ئەمجارەیان پرســی بەشــداریی سیاسیی یا باشتر بڵێین بەشداریی حزبەکان لە حکومەتدا هەڵوەستەیەکی جدی لەبارەوە بکرێت، راستە هەموومان لەگەڵ ئەوەین جگە لە پارتی و یەکێتی کە لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا متمانەی میللەتیان وەدەســتهێناوە حزبەکانی تریــش بەتایبەت ئەوانەی خاوەن سەنگن بەشداریی لەو کابینە نوێیەدا بکەن، چونکە بەشداریی سیاسی و بەیەکــەوە کارکردن و لە یەکریز کۆکردنەوەی رەنگە سیاســییەکان هێزێکی ئەوتۆ بە ژیانی دیموکراســی دەبەخشــێ کــە بۆ ئێمەی کوردستانی فرە پێویســتە، بەڵام واباشە ئەم بەشدارییکردنە تەنێ لە بازنەی ماف و دەســکەوتەکان نەخولێتەوە بەڵکو دەبێ لە دابەشبوونی ئەرکەکان و رووبەڕووبوونەکانیشــدا پشکداربن.! روونتر قسەکانی خۆم دەکەم و دەڵێم: حزبێ وا هەیە هەم بەشدارە لە پەرلەمان و هەم بەشدارە لــە حکومەت کەچی نەك هەر خۆی بە بەشــێك لــەم پەرلەمان و حکومەت و ئەزموونە نازانێ بەڵکو هەندێ کەرەت کارەکتەرەکانی ئەو حزبە بە جۆرێك قسە دەکەن وەك ئەوەی لە جوگرافیایەکی ترەوە بژین، ئەم قســە کردنانە ئەگەر لە کادیرێکی خوارەوش بێ مرۆڤ دەکرێ عوزرخواییەکی بۆ بێنێتەوە، نەخێر هەندێ کەرەت سکرتێری ئەو حزبانە قســەی وا دەکەن مرۆڤ لە خوێندنەوەی دێڕەکانی نێو قسەکانیاندا دەکەوێتە نێو گومان و دەپرسێ: تۆ بڵێی جەنابی سکرتێری فلان حزب کە بەشدارە بە فلان پۆستی وەزارەت و لە پەرلەمانیشدا کورسی هەیە و داوای زیاتریــش دەکات ئەم هەرێمە بە هەرێمی خۆی بزانێ و ئەم حکومەتەش کە خۆی بەشدارە لێی بە هی خۆی بزانێ؟!...

کە بەشداریی سیاسیی بەشــداری ئەرکەکانی بەدوادا نەهات، کە بەیەکەوە کارکردن بەیەکەوە بەرپرســیەتی بــەدوادا نەهات گچکەش قســەی گەورە دەکات و هەندێ کەرەت خۆزگە بە قسەی گەورەش قســەی بەتاڵیش دەبێتە مۆد!! قســەیەك تەنیا وشــەیە و کرداری دەگەڵدانییە، قسەیەك تەنیا بۆ چاو بەستکردنی خەڵکە و هەقیقەتی دەگەڵدا نییە، قســەیەك تەنیــا گەرمکردنی رۆژنامــە و رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانە و دڵسۆزیی دەگەڵدانییە!!.. بۆیە ئەمجارەیان پێویستە حکومەتی هەرێم هەر ئیمتیازات نەبەخشــێتەوە بەقەد ئەوەی ئەرك و ئیمتیاز لەگەڵ یەکدا گــرێ بدات! ئەم لەیەك گرێدانە نەك هەر بۆ حزبەکانی نێو حکومەت تەنانەت بۆ کادیرەکانی نێوخودی حزبەکان و دامەزراوەکانی وڵاتیش فرە پێویســتە چونکە لە کوردستان مۆدێك لە قســەکردن پەیدا بووە کە هەر داواکارە و لە داواکردنیشدا تەنیا خۆی و زاتی خۆی و بەرژەوەندییەکانــی خۆی دەبینێ، ئالێرەدا کادیر جا ئەو کادیرە هەرکێ بێ و لەهەر ئاســتێکدا بێ و لەهەر حزبێکدابێ لە کارەکتەرێکی کارکەری بەرهەمدارەوە دەگۆڕێ و دەبێتە مشەخۆرێکی بــێ بەرهەمی بەتاڵ کە بەداخەوە ئێســتا لە کوردســتان ئەم تەرزە کادیرانە زۆرن و کەم نین!!!...

ناکرێ حزبێك بەشــداریی لە حکومەت بــکات و لەبەردەم گرفت و رووبەڕووبوونەوەکانــدا پایــدۆزی لێ بــکات!.. ناکرێ حزبێك لە هەبوونەکاندا پشــکداربێ و لە نەبوونەکانیشــدا خۆی نەکاتە بەشێك لە بەرپرســیەتی!... ناکرێ جەنابیان لە ســەعاتەکانی رۆژدا وەزیر بێ و لە ســەعاتەکانی شەودا لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی حزبەکەی دژی حکومەت قســە بکات و خەڵك لــە دژی ئەم ئەزموونە گەرم بکات!!... ئــەم پەتایە هەر لەنێو حکومەتدا نییــە لەنێو بوارەکانی تریشدا هەیە، یەکێ لەو بوارانە بواری میدیایە لە کورستان کە تووشی هەمــان پەتا بووە و خەریکە زیاتریش تەشــەنە دەکات!. بەشــێك لە میدیا لە کوردستان لە کابینەکانی کوردستانەوە ئاو دەخۆنەوە و هێزی یاســایی لە حکومەتی کورســتانەوە وەردەگرن و لە سایە و سێبەری ئازادیدا دەنگ هەڵدەبڕن کەچی لە پیشەکەیاندا کە پێویستە بێلایەنی خۆیان بپارێزن بەرادەیەك (پرەنسیپی بێلایەنی) یان پشتگوێ خستووە خەریکــە لەنێو ماڵدا وەك ناحــەز و بگرە هەندێ جار وەك دوژمنیش هەڵسووکەوت دەکەن!..

لە دوو ماهی ئەم بەشــە نووســینەدا دەمەوێ بڵێم: پرەنســیپی (ئەرك خستنە ئەستۆ) پرەنســیپێکە دەبێ کابینەی دادێ و تەواوی ژیانی سیاسیی لە کوردستان دارشتنەوەیەکی نوێی بۆ بکەن چونکە فەرامۆشکردنی ئەم پرەنســیپە دواجار هیچ ئینتیمایەك بۆ تاکەکان ناهێڵێتەوە!..

لەبەشــی دووەمی ئــەم نووســینەدا هــەوڵ دەدەیــن لەبارەی پرسی (ئینتیما)وە قسە بکەین..

Salar osman@yahoo.com

# هاوپەیمانێتیی کوردو ئەمریکا، نە درزی تێ دەکەوێت و نە هەڵیشدەوەشێتەوە



سامی شۆرش

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

زۆر جار، بە تایبەتی لەو هەلومەرجە سیاسی و ئەمنیە خراپەی ئەمرۆ عیراقی تێ کەوتووە، دڵەراوکەی ئەوە بەشێك لە میللەتی کورد دەگرێتەوە کە گوایە ئەمریکا لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆی لە گەڵ تورك و عەرەب و دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامیەکان، رەنگە دەستمان لێ هەڵبگرێت و لە ناو گەلەگورگی ناوچەکەدا بە تەنیا بە جێمان بهێڵێت. نیشانەیش بۆ ئەگەری لەو بابەتە، هەڵوێستی ئەمریکایە لە بەرامبەر ناکۆکیەکانی کوردو عیراق چ لە بواری ماددە ١٤٠ی دەستوورو چ لە مەسەلەی یاسای نەوت و غازو چ لە بواری بودجەی هەرێم و بودجەی پێشمەرگە. هەمیشە پرسیار لەو بارانەوە ئەوەیە: کوا رۆڵی ئەمریکا؟ بۆ پشتمان ناگرێت لە بەرامبەر فشارەکانی بەغدا؟ بۆ مافەکانمان بۆ دابین ناکات؟ بۆ درز دەخاتە هاوپەیمانێتیەکەی خۆی لەگەڵ کورد؟ کە ئەمریکا پشتی بەردایین، وەزعمان چی بەسەر دێت؟ تۆ بڵێی ئەمجارەش نیازی ئەوەی نەبێت دەستبەردارمان بێت وەك چۆن لە ئاداری ١٩٧٥ کردی؟

ئەوی راستی بێت، ئەم جۆرە پرسیارو شك و گومانانە ئاساییـن لە لای کورد هەبێت، بە تایبەتی لە رۆژگاری ئەمرۆدا. وەك دەزانین، سیاسەتی ئەمریکا ئەمرۆ لە عیراقدا تووشی تەنگژەیەکی گەورە هاتووە. ئینجا لە ناو عیراقدا، ئەگەرچی ئەمریکیەکان توندوتیژیەکی زۆر بەرامبەر تیرۆریستان بەکار دەهێنن، بەڵام لە هەمان کاتدا لە ئاست حکومەتی بەغداو پێکهاتەکانی دیکەی عیراق، زۆر نەرم و نیان دەجولێنەوە. ئەوە نیە پشتی ئەنجومەنەکانی صحوە دەگرن؟ ئەوە نیە بێ دەنگن لە ئاست حکومەتەکەی نوری ئەلمالیکی؟. ئینجا لەوانەش بەولاوتر، کورد خۆی مارانگەستەی دەستی ئەمریکایە. بۆیە، ئاساییە گومانمان هەبێت. بەڵام ئەوەی نائاساییە، بگرە زۆریش نائاساییە، ئەوەیە کە کورد وای لێك بداتەوە رۆژێك دادێ ئەمریکا لە ژێر فشاری بەرژەوەندیەکانی دەست لە کورد هەڵبگرێت. تا ئێستا کەس نە لە ئەمریکا و نە لە ناو کورد باس لەو جۆرە ئەگەرانە ناکات. ئەوەی بەردەوام باس لەوە دەکات و دوعای بۆ دەکات و تەمەننای بۆ دەخوازێت دوژمنانی کوردو هێزە بەرچاو تەسك و تاریکی پەرستەکان و دەوڵەتە دراوسێکان و هەندێك ناوەندی شۆڤێنیستی لە بەغدا. ئەم جۆرە لایەنانە، کردوویانە بە کەلتوور: هەر کاتێك کورد باس لە مافەکانی خۆی بکات، یان داوای جێ بە جێ کردنیان بکات، یان بە باوەڕو متمانەوە بەرگری لە تاقی کردنەوە دیموکراسیەکەی خۆی بکات، ئەو لایەنانە یەکسەر لێوی خۆیانی بۆ دەکرۆژن و دەکەونە بڵاو کردنەوەی ترس و واهیمەی ئەوەی (باشە. ئەگەر ئەمریکا دەستی لێ هەڵگرتین و هاوپەیمانێتەکەی خۆی لەگەڵمان هەڵوەشاندەوە؟ ئەگەر واشنتۆن کوردی بە بەغدا و ئەنقەرە فرۆشت؟ ئێمە، لەو کاتەدا چی دەکەین و چیمان بەسەر دێت؟). هەندێك لایەن زۆرتر دەڕۆن و دەڵێن: ئەو هاوپەیمانێتیەی لە نێوان کوردو ئەمریکا ماوەی چەند ساڵی رابردوو دروست بووە، هاوپەیمانێتیەکی کاتیەو نەفەس کورتەو مەسەلەی کوردیش بەستراوەتەوە بە چارەنووسی ئەو هاوپەیمانێتیەوە.

بە هەر حاڵ، ئەم لایەنانە، زۆر لە ئێمە باشتر دەزانن ئەمریکا جارێکی دیکە دەست لە کورد هەڵناگرێت. دەست هەڵنەگرتنەکەش بەشێکی لەبەر کوردەو بەشێکی زۆرتری لەبەر خۆیەتی. بەڵام بۆ ئەوەی دەستی کورد لە پشت گرتنی تاقی کردنەوە دیموکراسیەکەی خۆی سارد بکەنەوە و بۆشایی و بێ متمانەیی بخەنە نێوانیانەوە، دێن باس لە ئەگەرێکی لەم بابەتە دەکەن و هەوڵی دڵکرمێ کردنی خەڵکی دەدەن لە بەرامبەر دۆستەکانیان.

راستە، کورد ماران گەستەیەو هەمیشە ترسێکی لە کشانەوەی ئەمریکا هەیە. بەڵام ئەم ترسە ترسێکی کوردیە و هیچ پەیوەندیی بەو لایەن و دەوڵەت و کەسانەوە نیە کە ئەمرۆ باس لە ئەگەری هەڵوەشانەوەو زوێر بوونی کورد و ئەمریکا دەکەن. ئەوانە، کە باس لە بابەتێکی لەم جۆرە، لە قۆناغێکی وا سەخت و ئاڵۆزو زەحمەت، دەکەن، مەبەستیان پاك نیە، بەڵکو دەیانەوێت بەم قبسانە پەیوەندیە ئاساییەکەی نێوان کوردستان و ئەمریکا کرمێ بکەن. مەبەستیان شك و گومان دروست کردنە لە بەرامبەر یەك لە بەهێزترین رەگەکانی مەسەلەی کورد لە هەلومەرجی سەردەمی ئەمرۆدا کە ئەویش مەسەلەی هاوپەیمانێتی دەرەکیە. کورد هەمیشە بێ بەش بووە لەم جۆرە هاوپەیمانێتیە. ئەمرۆ کە دەرفەتی بۆ رەخساوە ئەم هاوپەیمانێتیەی هەبێت، دوژمنان تووشی حاڵەتی شۆك هاتوون و دەیانەوێت بە هەر شێوەیەك بێت کورد و ئەمریکا لە یەکتری بترسێنن و پەیوەندیەکانیان گوماناوی بکەن.

ئەگەر بە وردی تەماشای تابلۆی پەیوەندیەکان بکەین دەبینین ئەمریکا واز لە کورد ناهێنێت لەبەر کۆمەڵێك هۆی جیاواز:

یەکەم، کوردستان کەوتۆتە ناوچەیەکی جوگرافی و

ستراتیژیی گەلێك گرنگ لە نێوان ئێران و سوریا. پاراستنی کوردستان کە دەکەوێتە چەق و ناوەندە ڕێگەی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە تۆمبەتبارە، هەر نەبێت لە لایەن ئەمریکاوە، بە دنەدانی تیرۆری نێودەوڵەتی، پاراستنی یەك لە بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی ئەمریکاو ئەورووپاو جیهانی ئازادە. ئەوەی زۆرتریش بایەخ بەم مەسەلەیە دەدات ئەوەیە کە ئەمریکا خۆی کێشەیەکی گەورەی لەگەڵ هەر دوو دەوڵەتەکە هەیە.

دووەم، کورد پێوانەیەکی گرنگە لە ڕاگرتنی لەنگەری عیراق. لەوەش گرنگتر، ئەگەر ڕۆڵی کورد دیارو زەق و بەرچاو نەبێت لە عیراق دا، ئەوا ئەم دەوڵەتە بە تەواوەتی دەکەوێتە دەست شیعەوە. سوننەی عەرەب بە تەنیاو بێ پشتیوانی کورد توانای ئەوەیان نیە لە عیراقی ئەمڕۆدا نموودیان هەبێت. جا کە تابلۆکە وای بەسەر هات، پشتێنەیەکی شیعە لە نێوان ئێران و عیراق و سوریا دروست بێت و کەمەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەم هۆیەوە دەشکێت. بگرە، پشتێنەکە هەلومەرجی ئەفغانستان وپاکستان لە ڕۆژهەڵات، لوبنان و تورکیا لە ڕۆژئاوا دەخاتە مەترسیەوە. بەڵام ئەگەر کورد لە عیراق دا کە زۆرینەی سوننە مەزهەبە، لە ناو فەرمانڕەوایەتی کردنی عیراقدا ڕۆڵی گرنگی هەبێت و ڕۆڵەکە پشت ئەستوور بێت بە هاوپەیمانێتیکی بێ گرێ لەگەڵ ئەمریکا، ئەوا ئەگەری پشتێنە شیعیەکە تا ڕادەیەکی زۆر نامێنێت. بێگومان، سوننەی عەرەب لەم ناوەندەدا گرنگە، بەڵام ئەمریکا لەو دە ساڵەی ڕابردوودا هەمیشە ترسی گەورەی لە سوننەی عەرەب بە هۆی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەوەیە.

سێیەم، ئەمریکا ئاگاداری ئەوەیە کورد لە کوردستانی گەورە، یەك لە نەتەوە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. جا، بە هۆی ئەو زوڵمەی لێی دەکرێت لەو دەوڵەتانەدا، کورد هەمیشە سەرچاوەی نەك هەر نائارامیە. بەڵکو سەرچاوەی دامەزراندنی دیموکراسیشە. بۆیە، پاراستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ کوردستانی عیراق پاراستنی عیراقە ئەو هاوپەیمانێتیە با بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆیش بێت، لەگەل بەشەکانی دیکەی کوردستان.

چوارەم، ئەمریکا بە هۆی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تووشی شەڕو ئاڵۆزی هاتووەو ئامادەیە لەو ڕێگەیە هەرچی باجێك هەیە بیدات. کوردستانی عیراق لە ژێر سەرۆکایەتیی جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی و لە ژێر سێبەری حکومەتی هەرێمی کوردستان تا دێت زۆرتریش دەبێتە بنکەی دامەزرانی تاقی کردنەوەیەکی دەوڵەمەندی دیموکراسی و فرەخوازی و بازاڕی ئازاد لە ناوچەکەدا. ڕەنگە ئەمریکا دەست لە هەندێك ناوچە هەڵبگرێت بەوەی کە نەیتوانیوە مۆدێلێکی دیموکراسی تیایاندا دروست بکات. بەڵام لە بارەی کوردستانەوە ئەمریکا هیچ ڕێگەیەکی دیکەی لە پێش نیە لە غەیری پاراستنی دیموکراسیەکەی لە ڕێگەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ کورد. ئەمڕۆ یەك لە زەمانەتە گەورەکانی هاوپەیمانێتی کوردو ئەمریکا ئەو دیموکراسی و فرەخوازیەیە کە لە کوردستاندا هەیە.

پێنجەم، لە شەڕی ئازاد کردنی عیراقدا، تەنانەت دۆستە نزیکەکان، تورکیاو میسر بۆ نموونە، پشتیان لە هاوپەیمانێتیەکەی خۆیان کرد لەگەڵ ئەمریکا. بەڵام میللەتێکی وەکو کورد بەوپەڕی جوامێریەوە پشتی گرت. ئەمریکا دوو شت هەیە قەت لە بیریان ناکات: یەکەم، دەست هەڵگرتنی لە کورد ساڵی ١٩٧٥. دووەم، وەستانی کورد لەگەڵ ئەمریکا لە دژی صدام حسین ساڵی ٢٠٠٣. بۆیە، لەم بارەیەشەوە ئەمریکا ئامادە نیە دەست بەرداری کورد بێت.

شەشەم، ئەمریکا هەوڵێکی زۆرو خوێنێکی زۆرو خەرجێکی زۆر لە پێناو هێمن کردنەوەی باری عیراق دەدات. تاکە ناوچەی هێمن لەبەر دەستی دا کوردستانە کە وەك نموونەی لێ هاتووە بۆ هەموو عیراق. بەڵام واشنتۆن بە دیققەت ئاگاداری ئەو ڕاستیەیە کە دەست هەڵگرتن یان زوێر بوون و یان پشت کردن لەو هێمنی و ئارامیە نەك تەنیا کێشەی عیراق ئاڵۆزتر دەکات، بەڵکو زەمینەش خۆش دەکات بۆ ئەوەی هەرچی گورگی هار هەیە لە ناوچەکە چاوی خوێناوی خۆیان لە کوردستان و تەفروتونا کردنی ئەو میللەتە بکەن. بۆیە، پاراستنی هاوپەیمانێتی ئەمریکا لەگەڵ کورد، لەم دیدەشەوە، بووە بە یەك لە دەمارە گرنگەکانی بەرژەوەندیی سیاسیەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

حەوتەم، ئەمڕۆ لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زۆربەی ناوچە جیاجیاکانی جیهان، ڕقەبەرایەتی لەگەڵ ئەمریکاو بوغزو کینە بەرامبەر هەر شتێك بۆنی ئەمریکای لێ بێت بووە بە کەلتووری باو. بەڵام کوردستان، بە پێچەوانەوە، ڕەنگە تاکە ناوچە بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە لە غەیری ڕێزو حورمەت و وەفاداری بەولاوە هیچی ئەوتۆی دیکە لە دڵی خەڵکەکەی دا نیە بەرامبەر بە ئەمریکاو بەها مرۆییەکانی ئەو وڵاتە. جا، ئەوە ڕاستە لە کاتێکدا کورد زۆر لە میللەتانی دیکەی ناوچەکە زۆرتر زەرەری بە دەست سیاسەتەکانی ئەمریکاوە چەشتووە بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٧٥دا.

بە هەر حاڵ، ئاساییە کورد شك و گومانی لە دڵدا هەبێت بەرامبەر بە ڕۆڵی ئەمریکا. بەڵام نا ئاساییە، کورد هەمان ئەو شك و گومانانە بەرمامبەر بە ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەورووپاو جیهانی ئازاد دووبارە بکاتەوە کە دوژمنان و نەیاران و دەوڵەتانی دەورپشتی کوردستان و شۆڤێنیستەکانی بەغدا دەیلێن و دەیڵێنەوەو کورد دەترسێنن بەوەی کە (ڕۆژێك دێت ئەمریکا دەست بەردارتان دەبێت. ئەوسا ئێمە حیسابتان لەگەڵ دەکەین). لەو حاڵەتانەدا پێویستە زمانحاڵی کورد دووبارە کردنەوەی ئەو ڕاستیە بێت کە دەڵێت (نەخێر. تا ئێوەی دڵ ڕەق و نیاز پیس و دەست و داوێن خوێناوی مابن، قەت ئەو ڕۆژە بە چاوی خۆتان نابینن).

●●●

**ڕاستە، کورد مارانگەستەیەو هەمیشە ترسێکی لە کشانەوەی ئەمریکا هەیە. بەڵام ئەم ترسە ترسێکی کوردیە و هیچ پەیوەندیی بەو لایەن و دەوڵەت و کەسانەوە نیە کە ئەمڕۆ باس لە ئەگەری هەڵوەشانەوەو زوێر بوونی کورد و ئەمریکا دەکەن**

●●●

●●●

**کورد هەمیشە بێ بەش بووە لە هاوپەیمانێتی. ئەمڕۆ کە دەرفەتی بۆ ڕەخساوە ئەم هاوپەیمانێتیەی هەبێت، دوژمنان تووشی حاڵەتی شۆك هاتوون و دەیانەوێت بە هەر شێوەیەك بێت کورد و ئەمریکا لە یەکتری بترسێنن و پەیوەندیەکانیان گوماناوی بکەن**

●●●